# زانایان

ژماره ( ٧٩ )
ربيع الأول / ١٤٣٣
ڕێبەندان/ ٢٧١١
شوبات/ ٢٠١٢

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە ، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز
مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
مەلا جەعفەر گوانی
cefergwani@gmail.com
07504522305

بەڕێوەبەری نووسین
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

ڕاوێژکارانی فەتوا
مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی
مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی
مامۆستا مەلا عومەری سوێری

ڕاوێژکاران
مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی
شێخ عەبدولباسیت بالیسانی
شێخ بەهائەدین نەقشبەندی

ستافی نووسین
مەلا تەیب زیارەتی
مەلا ئەمیر گەردی

فۆتۆ
تەها شەمسەدین


## یەکێتی زانایانی پیرۆزبایی مەولود لە هەر پێنج سەرکردەکە دەکات‌و داوای یەکخستنی ماڵی کوردیشیان لیٚ‌دەکات

بەبۆنەی ساڵیادی مەولودی پێغەمبەر سەروەر درودی خوای لەسەر بێت، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە پێنج نامەی جیاوازدا پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی هاتنی مەولود بە هەر یەك لە سەرۆك کۆماری عێراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان‌و ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی‌و ئەمیندار گشتی یەکگرتووی ئیسلامی گەیاندووە.

لە نامەکاندا وێڕای پیرۆزباییکردن بەبۆنەی ئەم یادە، داوای شیفا بۆ سەرۆك کۆماری عێراق دەکەن، هەروەها داوا لە هەر پێنج سەرکردەکە دەکەن، هەمیشە خاوەنی هەڵوێست‌و ئاکاری مەزن‌و گەورە بن بۆ چەسپاندنی عەدالەت‌و دادپەروەری‌و یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو پەرەدان بە پێشختنی کۆمەڵگەی کوردستان‌و، بڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی‌و خۆشەویستی‌و پێکەوەژیان‌و ئاشتی.


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی ڕێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# شاندێکی باڵای زانایانی پارێزگای موسڵ سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ئاایینی ئیسلامی کوردستان دەکات



رۆژی ٢٠/٢/٢٠١٢ بەمەبەستی گرنگی دان بــە هەماهــەنگیو تونــدو تــۆڵ کردنــی پەیوەندیــەکان، شــاندێکی بــاڵای زانایــانی ئــایینی کــە پێکهــاتبوو لــە زانایــانی وەقفــی سوونیو کۆلێــژی ئیمــام ئــەعزەمی موسـڵو کۆمــەڵێك کەســایەتیو زانــاو وتاربێــژی پارێزگای موسڵ، سەردانی مەکتەبی تـەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کردو لە لایەن سەرۆکی یەکێتی زانایان بـەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵلا مەلا سـەعید سـەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستـانو جێگـری سـەرۆكو ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کران.

لە دانیشتێکدا وێرای خۆشحاڵی دەربڕین، سەرۆکی یەکێتی زانایان وێـرای بـەخێرهێنان تیشکی خستە سەر رەوشی ئایینی لە هەرێمو هەڵوێستی زانایانی ئایینیو رۆڵی گرنگیان لـە بایەخدان بە پێشهاتەکان، هـەروەها هـەردوولا تەئکیدیان لەسەر گرنگی پەیوەندیو بوونی هەماهەنگی نێوان زانایان ئایینی کردەوە.

لەلایــەن خۆشــیانەوە شــاندی نــاوبراو خۆشحاڵی بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە ئـایینیو رۆشـنبیرییەی هـەرێم دەربـڕیو هەڵوێـستی زانایانی ئایینیشیان بەرز نرخاند لـەو رۆڵـەی هەیانــە لــە خزمــەت کردنــی کۆمەڵگــەو موسڵمانان.

دواتـر شـاندی بـاڵای زانایـانی موسـڵ بـە یـاوەری سـەرۆکی یـەکێتی زانایـانو جێگـرو ئەنـدامانی مەکتــەبی تــەنفیزی سەردانی وەزارەتـی ئـەوقافیان کردو لـە لایـەن بـەرێز کامیـل حـاجی عـەلی وەزیری ئەوقاف پێشوازی کرانو لـە دانیـشتنێکدا هـەردوولا باسـیان لـە پێـشوەچوونی ئـایینی کـردو رۆڵـی وتاربێژانیش بە ئیجابی لە قەڵەم دا.

پاشــان شــاندەکە ســەردانی پارێزگــاری هــەولێریان کــردو لــە دانیـشتنێکدا لەگـەڵ نـەوزاد هـادی پارێزگـاری هـەولێر بـاس لـە ئاسـتی پێـشکەوتنو ئـاوەدانیو ئاسایـشی هـەرێم کـرا، کـە حکومـەت رۆڵێکـی دیاری هەیـە لــە خزمــەت گەیانـدو هاوکاریو پیشتیوانی کردنی زانایـانی ئایینی لە کوردستان.

دواتر شاندی ناوبراو سـەردانی پـەیامانگای پـێش نوێـژو وتارخوێنانیـان کـردو لـە لایـەن راگرو ستافی پەیمانگا بە گەرمیەوە پێشوازی کـرانو لـە کۆبوونەوەیەکـدا بـاس لـە بـواری پێـشوەچوونی ئاسـتی زانـستیو هـەژمورنی سیستەمی ئەکادیمی خوێندنی ئیسلامی کرا.

لەلایــەکی تــرەوە شــاندەکە ســەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێریان کـردو لـە گفتوگۆیەکدا باس لـە خزمـەتی مامۆسـتایانی ئــایینی ئیــدارەکردنی مزگــەوتو خوێنــدنی ئیسلامیو دروست کردنی کەشی گونجاو بۆ بـەرەو پێـشەوە بردنـی بـواری رۆشـنبیری ئایینی لەو هەرێمەدا.

# بۆ پشتیوانی زانایانی ئایینی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی وەزیری ناوخۆ دەکات

بـە مەبەسـتی گەیانـدنی پـەیامی یـەکێتی زانایان بۆ پشتیوانی زانایـانی ئـایینی، مـەلا عبد الله مەلا سەعید گرتکی سـەرۆکی یـەکێتی زانایـان بـە یـاوەری مـەلا جـەلال خـەیلانی جێگـری سـەرۆکی یـەکێتی زانایـان سـەردانی بەرێز وەزیری ناوخۆیان کردو، لەلایەك کـەریك شنگاری وەزیری ناوخۆی حکومـەتی هـەرێمی کورستان پێشوازیان لێکرا.

لـە دیدارەکـەدا سـەرۆکی یـەکێتی زایـان پەیامی خۆیان گەیاندە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بـەوەی ماوەیەکـە هەنـدێك حاڵـەتی نایـاوو نـەخوازراو بـەرەو رووی زانایـانی ئـایینی دەبێتــەوە، کــە دواهــەمینیان ئــەوە بــوو کەسـێکی نەناسـراو تێزابـی بـە رووخـساری مامۆسـتایەکی ئـایینی داکـرد لــە شــاری سلێمانی، کـە ئـەوەش ئێمـەی زۆر نیگـەران کردو، تاوانبارەکە هەر کێیەك بێت، پێویستە توونـدترین سـزای پـێ بـدرێت، چـونکە ئـەم حاڵەتە سابیقەیەکی قێزەونە پێویستە هـەموو لایەك رێی لێبگرن، لەوەشدا بێگومـان دەبـێ بەڵگـەی دروسـتو رۆڵـی یاسـا لـە سـەرووی هەموو شتێکەوە بێت.

لـە درێـژەی قـسەکانیدا سـەرۆکی یـەکێتی زانایان باسی لە رۆڵی زاناان کرد لە پاراستنی ئیستیقراریەتی هەرێمی کوردستانو ئاسایشی کۆمەڵایەتیو ژیانی هاوڵاتیـان بۆیـە پێویـستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هـەوڵێك بخاتە کار بۆ پاراستنی گیانوماڵیان.

لەلایەن خۆیەوە وەزیری نـاوخۆ پـشتیوانی تـەواوی وەزارەتەکـەی بـۆ زانایـانی ئـایینیو تەواوی خەڵکی کوردستان تەئکید کردەوە، بەوەی شەوو رۆژیـان لێکگرێـداوە بـۆ ئـەوەی ئـەمنو ئاسایـشی وڵـاتو هاووڵاتیـان پـارێزرا بێت. روونیشی کردەوە، کـە زانایـانی ئـایینی هەمیشە رۆڵیان لەبـەر چاو گیراوە، بۆیـە بـە ئەرکی خۆمانی دەزانـین پـشتیوانیان بکـەین، ئەو دۆسیەی مامۆسـتا مـەلا عبـد الرحمانیش بـە وردی بەواداچـوونی بـۆ دەکرێـت بـۆ دۆزینەوەی تاوانباران.

# بەبۆنەی یادی مەولودو بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم لقی هەولێری یەکێتی زانایان ئاهەنگێکی جەماوەریو بەرفراوان سازدەکات



رۆژی شەممە ٢٠١٢/٢/٤ کاتژمێر ٣ی سەر لە ئێوارە، بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)و، بە مەبەستی بەرز راگرتنی یادی مەولود، لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانو، ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرو بەرپرسانی حکومیو حیزبیو، شێخانی تەریقەتو، مامۆستایانی ئایینیو، کەسایەتیو، جەماوەری ئیسلام دۆستی شاری هەولێر، ئاهەنگێکی سازکرد.

سەرەتای ئاهەنگەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستپێکرد، دواتر وتەی بەخێرهێنان لە لایەن بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی پێشکەشکرا، پاشان بەڕێز وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی کاك حاجی کامیل حاجی عەلی وتەیەك لەسەر پەیامی مەولود پێشکەشکردو، جەختی لەسەر گرنگی گەیاندنی دروشمە بەرزەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو، گەورە زانینی پەیامبەری ئیسلام کردەوە.

ئەمەو لەلایەن ژمارەیەك سروودبێژ، ئاهەنگە بە سروودی ئایینی رازێنرایەوەو، بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووان.

# مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازی لە بەڕێوەبەری کۆمپانیای فەزالەر دەکات




رۆژی دووشەممە ٢٠١٢/١/٢٣ بەڕێز مامۆستا تاڵیب بەڕێوەبەری کۆمپانیای فەزالەر لە کوردستانو، شاندێکی یاوەری سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لەلایەن بەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتنێکدا باس لە هەماهەنگیو پەیوەندی هەریەك لە یەکێتی زانایانو کۆمپانیای ناوبراو کراو، جەخت لەسەر گرنگی پەروەردەو فێرکردن کرایەوەو، پێشکەوتنو بە سەردەمیانەکردنی پرۆسەی خوێندنو گرنگیدان بە ئایینو رەوشتو بەها باڵاکان بە پێویست پێناسەکراو، چالاکیەکانی کۆمپانیاو کۆلێژی ئیشق لەم رووەوە بەرز نرخێنرا.

ئەمەو دواتر هەمان شاند سەردانی رادیۆی (دەنگی زانایان) یان کردو، دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرو کارمەندانی رادیۆ کراو، بڵاوکردنەوەو گەیاندنی دەنگی ئایینیو ئیسلامی رەسەن بە گوێگرانی شاری هەولێرو دەوروبەری بە کارێکی پیرۆزو پێویستو گرنگ پێناسەکرا.

# سەعدی ئەحمەد پیرە سەردانی یەکێتی زانایان دەکات




بەمەبەستی باسکردنو تاوتوێکرنی دوایین پێشهاتەکانی هەرێمو، گرنگتریترین رووداوەکانی بە یەکەوەژیان، رۆژی سێشەممە ٢٠١٢/١/٢٤ بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی کردو، لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەرێزەوە پێشوازیان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا، سەعدی ئەحمەد پیرە رۆڵی یەکێتی زانایانی لەسەرجەم رووداوەکانو، ئامۆژگاریکردنی هاوڵاتیان لەرێگەی وتاربێژی مزگەوتەکان بە بەرزی باسکردو، ئەوشی راگەیاند: کە پێویستە هەموو لایەك هەماهەنگی یەکێتی زانایان بن بۆ پتەوترکردنی بەیەکەوەژیانو، یەکتر قەبوڵکردنی ئاینو نەتەوەکان لەسەرتاسەری هەرێم.

ئەمەو لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، بەڕێزیان زیاتر گوتی: یەکێتی زانایان دەبێ رۆڵیان زیاتر بکرێتو، زیاتر گوێی لێبگیرێت لەلایەن سەرجەم حزبەکانو، حکومەت بە پیرداوایانەوە بێت، چونکە یەکێتی زانایان رابەرایەتی وتاربێژان دەکات، کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان، بەناوی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی سەردانی ناوبراوی بەرز نرخاندو، بەهەماهەنگی نێوان هەردوولا هەژمارکردو، دواتر راشکاوانە چەند پرسێکی تایبەت بە یەکێتی زانایان خرایەڕوو، سەعدی پیرەش وێڕای هیوای سەرکەوتن، تەواوی هاوکاریو هەماهەنگی بۆ یەکێتی زانایان دوپاتکردەوە.

# بەمەبەستی پیرۆزبایی لێکردن شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی ئەمینداری گشتی یەکگرتوویان کرد




بەبۆنەیساڵرۆژی دامەرزاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەمڕۆ سێشەمە ٢٠١٢/٢/٧ شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوو لە مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانو مەلا دڵشاد گەڵاڵی لە پەیوەندییەکانی یەکێتی زانایان سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لەلایەن مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیو مەکتەبەکانی دیکەی یەکگرتووی ئیسلامی بە گەرمی پێشوزایان لێکرا.

شاندی یەکێتی زانایان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرد بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٨ساڵ بەسەر ئبعلانکردنیو ئومێدیان خواست لە کاری خۆیان سەرکەوتوو بن، لەلای خۆشیانەوە هەماهەنگیو پشتیوانی خۆیان دەربڕی بۆ هەر کارێك خزمەت بە خەڵکی کوردستانو هەرێمی کوردستان بکات.

# بە هەماهەنگی یەکێتی زانایانو رێکخراوی تواناسازی ئافرەت سمینارێکی دیالۆگی بۆ زانایانی ئایینیو چالاکوانانی ئافرەت سازکرا




رۆژی یەکشەممە ٢٠١٢/٢/١٢ بە هەماهەنگی هەریەك لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کورستانو، رێکخراوی تواناسازی ئافرەت، بە پاڵپشتی رێکخراوی (npa)و، بە ئامادەبوونی ٤٠ مامۆستای ئایینیو، ٤٠ چالاکوانی بواری ئافرەت، سمینارێکی دیالۆگی بە مەبەستی لەیەك نزیکبوونەوە بۆ زانایانی ئایینیو چالاکوانانی ئافرەت، لەهۆتێلی (چوارچرا) لەشاری هەولێر سازکرا.

ئەمەو سەرەتای سمینارەکە بە وتەیەك لە لایەن بەڕێز (سۆزان عارف) بەرپرسی رێکخراوی تواناسازی ئافرەت دەستپێکرد، کە تیایدا بەرێزیان وێڕای بەخێرهێنانی زانایانی ئایینیو ئافرەتانی چالاکوان، سوپاسی هەوڵو کۆششەکانی یەکێتی زانایانی کرد بۆ هەماهەنگی سازکردنی سمینارەکەو، هەر هەنگاوێکی مەدەنیانە، بەتایبەت لەسەر پرسی ئافرەت.

دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو، ئاماژەی بە رۆڵی زانایانی ئایینی لە خزمەتکردنی هەرتاکێکی کۆمەڵگا کردەوە، هەروەها سوپاسی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتی کرد، کە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەندین خولو سمیناری کراوەی بۆ زانایان سازکردووە.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان ئاماژەی بەوەکردەوە کە: مامۆستایانی ئایینی هەمیشە داکۆکیکارو پشتیوانی مافەکانی ئافرەتانن، بەڵام بەهۆی تێکنەگەیشتنەوە هەندێك جار بە هەڵە یەکتر بخوێننەوە.

پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڕەحمان سدیق بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (رۆڵی ئافرەت لە زانستە ئیسلامیەکاندا) پێشکەشکردو، سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا.

دواتر بەمەبەستی تاوتوێکردنو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر ئامادەکردنی رەشنووسی راسپاردەیەك، چەند گرووپێك لەنێوان مامۆستایانی ئایینیو چالاکوانانی ئافرەتاندا پێکهێنرا، پاشان یەکە یەکەی راسپاردەکان خوێنرانەوە.

شایەنی باسە: مامۆستایانی ئایینی بەشداربووی سمینارەکە، ٢٠ لە هەولێرو، ٢٠ لە دهۆکەوە هاتبوونو، پێشتریش بەشداری ٢ خولی دیکەی هەمان بواریان کردبوو، ئەمەو لەلایەن یەکێتی زانایانەوە بەڕێز مامۆستا مەلا دلشاد گەلالی لەپەیوەندیەکان، سەرپەرشتیاری سمیناری ناوبراو بوو.

# لەسەر خۆپیشاندانەکانی چۆمان...

# سەرۆکی یەکێتی زانایان دەستخۆشانە لە ناوچەی چۆمانی زانایان دەکات



پـاش کـوژرانی کـورە گـەنجێکی چـۆمان بەشـێوەیەکی زۆر ناشیاو، خـەڵکی باڵەکایـەتی گردبوونەوەیەکی جـەماوەریان لـە شـاری چۆمان ئەنجامداو، ماوەی چـەند رۆژێك بـەردەوام بوون، کـە تێیـدا داوای سـەندنەوەی مـافی کوژراویـان دەکرد.

لەو ماوەیەدا ناوچەی چۆمانی یەکێتی زانایان زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان توانی رۆڵێکی حەکیمانـەی گـەورە بـە هاوکـاری پیاوماقوڵو خـەڵکی ناوچـەکە ببینێـت، بـۆ ئـەوەی خۆپیشاندانەکە هەر بە هێمنیو ئارامی بمێننەوە.

لەو بارەوە مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید گرتکی سـەرۆکی یـەکێتی زانایـان لـە رێگـای ماڵپـەڕی زانایانـەوە دەستخۆشـی لـە ناوچـەی چـۆمانی یەکێتی زانایان دەکات، بەوەی توانیـان رۆڵێکـی کـارا بگێـڕن لـە بـە هـێمنی هێـشتنەوەی خۆپیشاندانەکان، ئەوەش بە هەماهـەنگی لەگـەڵ پیاو ماقوڵو کەسایەتیەکانی باڵەکایـەتی، چـونکە خوانەخواستە هەر کاردانەوەیەکی خراپ هەبوایە خۆپیشاندانەکان جوانی خۆیان لـە دەسـت دەدا، هـەروەها دەستخۆشـیان لێدەکـەین کـە رۆڵێکـی هێمنانە بگێڕن بۆ ئـەوەی لەلایەکـەوە بـەڵێن بـە خەڵکەکـە بـدرێت، لەلایـەکی دیکەشـەوە رێگـای گشتی هاملتۆن بکرێتەوە، هیوادارین لەسـەر ئـەو کارانەیان بەردەوام بن‌و، خەڵکی دیکەش هەمیشە کار لەسەر هێمنی‌و ئارامی بکەن.

# کۆمەڵەی کتێب دۆستانی کوردستان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەکات

رۆژی یەکـشەممە ٢٠١٢/١/٢٩ شـاندێکی کۆمەڵـەی کتێـب دۆسـتانی کوردسـتان، کـە پێکهـاتبوو لـە بـەڕێزان دکتـۆر کـارزان سـەرۆکی کۆمەڵـەو، سـۆزان خـان جێگـری سـەرۆکی کۆمەڵەکـەو، مامۆستا محسن ئەندامی کۆمەڵـە، سـەردانی بارەگـای مەکتـەبی تنفیـزی یـەکێتی زانایـانی کورسـتانیان کـردو، لەلایـەن بـەڕێز مامۆسـتا مـەلا عەبـدوڵڵا مـەلا سـەعید گرتکـی سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و، بەرێزان مامۆستا مـەلا جەلال خەیلانی جێگری سـەرۆکو، مامۆسـتا مـەلا دلشاد گەڵاڵی لە پەیوەندیەکانی یـەکێتی زانایـان، بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتێکدا بەڕێز دکتۆر کـارزان سـەرۆکی کۆمەڵـەی نـاوبراو، پوختـەی ئامانجـەکانی کۆمەڵەکـەی خـستە ڕوو، کـە گرنگترینیـان بـە کلتـورکردنی خوێندنەوەیـە لـە کوردسـتانداو، تیشکی خستە سەر ئەوە کە، بە بـەراورد لەگـەل وڵاتـانی دەرەوە تـاکی کـورد بەشـێوەیەکی کـەم تامـەزرۆی خوێندنەوەیە،پاشان مامۆستا محسن داوای لـە زانایـان کـرد: کـە دەکـرێ لەرێگـەی مینبـەرەوە مامۆسـتایانی ئـاینی هـانی کۆمـەڵگا بدەن، بۆ گرنگی دان بەلایەنی خوێندنەوە.

لە لایەن خۆیشیەوە بەڕێز سـەرۆکی یـەکێتی زانایـان تـەواوی ئامـادەیی‌و هەماهـەنگی یـەکێتی زانایـانی نیـشاندا بـۆ گـشت هاوکاریـەك لـەم بارەیـەوەو، وێـڕای دەستخۆشـی پـەیامی کۆمەڵەکەی بەپیرۆزو بەرزنرخاندو، تیشکی خستە سەر گرنگیدانی ئیسلام بەخوێندن‌و خوێندنـەوەو، ئامـاژەی بـەوەدا کـە: گـەل‌و ئوممـەتی ئیسلام لەسەر وشـەی (اقرأ) بنیـادنراوە، هـەر بۆیـەیش مامۆسـتایانی ئـایینی هـەموویان خـاوەنی پەرتوکخانـەی تایبـەتی خۆیـانن لـەماڵو مزگەوتەکانیانـەوەو، هاوشـێوەی ماسـی‌و ئـاون سەبارەت بەکتێب‌و موتاڵەعەکردن.

لـە بەشـێکی دیکـەی وتەکانیـدا، سـەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: یـەکێتی زانایـان، بارەگـای مەکتـەبی تـەنفیزی خـاوەنی پەرتوکخانەیـەکی گەورەیەو، لە هـەرکاتێك بـۆ هەرکـەس‌و قوتـابی‌و مامۆستایەك،یان کۆمەڵەکـەتان‌و هەرخوێنـەرێکی بـەڕێز دەرگـای واڵایـەو، بارەگـای زانایـان مـاڵی هەمووانە.

دواتر شاندی کۆمەڵەی کتێب دۆستان، وێڕای دەربڕینی سوپاس بۆ هەڵوێستی زانایان، داوایانکرد کە وۆرك شۆپێك سازبکرێ بۆ ئەم مەبەستە.

شایانی باسە ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ٢٠١١/٦/١٦ دامـەزراوەو، بـە ئامـانجی بـە کـەلتورکردنی خوێندنـەوە لـەناو چـین‌و توێـژە جیاوازەکـانی کۆمەڵگەدا.

# سلێمانی: سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری شاندێك سەردانی یەکێتی هاوردەو هەناردەی هەرێم دەکات



رۆژی چوارشـەممە ٢٠١٢/٢/٨ بـەڕێز سـەرۆکی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیسلامی کوردستان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکـی، بـەیاوەری بـەڕێزان جێگـری سـەرۆك مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی‌و، ژمارەیەك لـە زانایان ئەندامانی مەکتـەبی تـەنفیزی یـەکێتی زانایان، سەردانی یەکێتی هاوردەو هـەناردەی هـەرێمی کوردسـتانیان لـە شـاری سـلێمانی کردو، لـە لایـەن بـەڕێزان سـەرۆك‌و ئەنـدامانی یەکێتی ناوبراو بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەولـە دانیـشتنێکدا، جـەخت لەسـەر گرنگـی هەماهـەنگی‌و پەیوەنـدی رێکخـراو و دەزگاکـان کرایـەوەو، پەیوەنـدی یـەکێتی زانایـان لـەم رووەوە بـە چـالاك‌و کاریگـەر پێناسەکرا.

لە بەشێکی دیکـەی دیدارەکـەدا بـاس لـە رێوشوێن‌و پێویستی بەرەوپێشبردنی کـەرتی بازرگـانی کرایـەوەو، پێـداگری لـە هێنـان‌و هـاوردەکردنی کـەل‌و پـەل‌و جـل‌و بـەرگو خـۆراکی سـوودبەخش‌و حـەڵاڵ‌و شـەرعی کرایەوە.

# روونکردنەوەیەك لە یەکێتی زانایان لەسەر چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی نەخۆشخانەو شوێنە رێپێدراوەکان

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**(وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا)**

ماوەیەکـە دیـاردەی چارەسـەری پزیـشکی میللـی بـەناوی پزیـشکی نەبـەوی لـە کوردسـتان زیادی کردووە، لەوەشدا هیچ شـوێنێکی تایبـەتی نییـە، کـە چـاودێری ئـەو کارانـە بکـاتو کەسـانی پـسپۆڕو شـارەزا لەگـەڵ کەسـانی دیکـە لێـك جیابکاتەوە، سەرەنجام کۆمەڵێك کەسی ناشارەزا ئەم ناونیشانانەیان قۆستیتەوە بۆ ئـەوەی خۆیـان بە پزیشك‌و کەسانی شارەزا بدەنە قەلەم‌و، رۆژانە دەکەونە بەر گیانی هاوولاتیانـەوە، تـا دەرەنجام خەڵکێکی زۆر لە ژێر ئەم کارانە ئەشکەنجەو ئـازار دراوە، کـە دوا جـار بەداخـەوە کوشتنیـشی لێکەوتـەوە، بگرە کارەکـە بـەوەش نەوەسـتاوە کەسـانێکی مـشەخۆرو فاڵـچیش ئـەم هەلانـەیان قۆستیتەوەو نـاوی پیرۆزیـان بـۆ خۆیـان‌و کـارە قێزەونـەکانیان کردۆتـە بـەرگو، بـۆ هێنانـەوەی بـەختو دروستکردنی پەیوەنـدی خۆشەویـستی‌و تێکـدانی، رۆژانـە خـەڵکێکی زۆر سـەردانیان دەکەن، ئەم حاڵەتانەو ئەم کارە ناشیاوانە، پەرە بـە کـاری خورافیـات دەداتو، کۆمەڵگـەی کوردستان بـەرەو پاش دەباتـەوە، بۆیـە لێرەوە داوا لـە پەرلـەمان‌و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان دەکەین سنوورێك بۆ ئـەم کارانـە دابنێن‌و، ئـەم حاڵەتە بە ئیجرائاتی توندو رێو شوێنی یاسایی کـۆنترۆڵ بکـەن، لـەلای خۆشمانـەوە هـەموو پشتیوانی‌و هەماهەنگی خۆمان دەردەبڕین.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٢/٢/١١**

# شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستا مەلا عبد الرحمانی گەنج دەکات

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە تەندروستیو پشتیوانی لێکردنی، شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو شاندێکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستا مەلا عەبدورەحمان مەجید ناسراو بە مامۆستا مەلا عبد الرحمانی گەنج، لە سەردانەکەدا شاندی یەکێتی زانایان پشتیوانی یەکێتی زانایانیان بۆ مامۆستا دەربڕیو، هیوای شیفای عاجیلیان بۆی کرد.

دواتر شاندەکە سەردانی مامۆستا مەلا حەسیبیشیان کرد، کە داوای لەسەر تۆمارکراوە، مامۆستایان هیوایان خواست بە زانایانی مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشە بکرێتو، بە دروستی لە مەسەلەکە دەربچن.

شاندی یەکێتی زانایان پێ:هاتبوو لە مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعیو شێخ بەهائەدین نەقشبەندیو مەلا نەجمەدین وادی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو، مامۆستا مەلا نەجمەدینی شەمساوا بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانو چەند کارگێڕێکی لقی سلێمانی.

# یەکێتی زانایان ئیدانەی سوتاندنی مامۆستایەکی ئایینی دەکاتو داوای گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی دەکات



**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

شەوی (١٢/١٣-٢-٢٠١٢)

کەسێکی نەناسراوو دەمامکدار هەڵیکوتاوەتە سەر بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولرەحمانی گەنج، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (عبد الله ریخۆڵە) لە شاری سلێمانی، کە تیزابی بەسەر مامۆستا داکردووەو، لە ئەنجامدا مامۆستا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم کارە نامرۆڤو ناشیاوو نا دینداره دەکەینو، هەڵوڵاوی ناخی کەسانێکی دۆڕاو بە ژینو بوونن، هەر لێرەشەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان (بەتایبەتی لایەنە ئەمنیەکانی وەزارەتی ناوخۆ) دەکەین، رێوشوێنی توند بگرنە بەر بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەری تاوانەکەو، بە سزای یاسایی خۆی بگات.

هەر لێرەشەوە هەموو پشتیوانیەکی خۆمان بۆ مامۆستای ناوبراو دەردەبڕینو، داواش لە راگەیاندنەکانو مامۆستایانو خزمو دۆستانی مامۆستا دەکەین، پێش لێکۆڵینەوەو راگەیاندنی یاسایی هیچ کەسو لایەنێك تۆمەتبار نەکرێت.

لە خوای گەورە داواکاری شیفای عاجیلی مامۆستا بدات.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
٢٠١٢/٢/١٣

# لەڕێگەی تەلەفۆنەوە سەرۆکی یەکێتی زانایان پەیوەندی بە مامۆستا مەلا حەسیب حوسێن کرد

رۆژی ٢٠١٢/٢/١٤ مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان پەیوەندی بە مامۆستا مەلا حەسیب حوسێن کرد لە شاری سلێمانی، کە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار کراوە، بەوەی دەستی هەبووبێت لە رژاندنی تێزاب بەسەر مامۆستا مەلا عبد الرحمان، سەرۆکی یەکێتی زانایان داوای لێکرد وشیارو لەسەرخۆ بێت، بۆ ئەوەی بە حیکمەتەوە ئەو باسە کۆتایی بێتو، کەس لەو نێوەدا نەیقۆزێتەوە، کە خوا نەخواستە ببێتە شەڕی مامۆستایانی ئایینیو بیانەوێت گرفتو کێشە لە ناو ریزەکانی مامۆستایانی ئایینی دروست بکەن، بۆیە تا دەکرێت حیکمەتی زۆر بەکار بێنن، تا دۆسیەکە بە کۆتایی دێت.

لەلای خۆیەوە مامۆستای ناوبراو سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی کرد بۆ ئەم لێپێچینەوەیە، لەلای خۆیەوە دڵنەنگی خۆی راگەیاند، بەوەی ئەو هیچ دەستی لەو کارە نەبووە. ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ هەموو هاوکاریەکی دادگا بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە.

# سەرۆکی یەکێتی زانایان: پشتیوانی مامۆستا عبدالرحمانو تەواوی مامۆستایانی ئایینی دەکەین

مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان پەیوەندی بە مامۆستا مەلا عبدالرحمانی گەنج کرد لە شاری سلێمانیو، دڵتەنگیو هاوخەمی خۆی بۆ مامۆستا دەربڕی لە بەرامبەر ئەو کارە نامرۆڤانەی لە بەرامبەری ئەنجام دراوە، هەروەها هەموو ئامادەییو پشتیوانی خۆی دەربڕی، بۆ چارەسەرکردنی، جا چ لە کوردستانەوە بێت یان لە دەرەوەی وڵات، پێشی راگەیاند: ئێمە خۆمان بە خاوەنی قەزیەکە دەزانین، تا کۆتاییش لە پشتانین.

هیواشی خواست زۆر حەکیمانەو لێزانانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە بکرێت، بۆ ئەوەی خوانەخواستە بەشێوازێکی خراپ نەقۆزرێتەوە، کە کەسانێکی ناحەز بە مێژەری مامۆستایانی بۆ لێدانی کەسایەتی زانایانی ئایینی ئیستیغلالی نەکەن، بە هێوریو هێواشی چاوەڕێی ئەنجامی لیچکۆڵینەوەکان بکەن.

مامۆستا مەلا عبدالرحمانی سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایانو مەکتەبی تەنفیزیو لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی کرد، کە هەر لە یەکەم ساتەوە لەگەڵیدانەو، هەموو پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕیوە.

هەر لەسەر ئەوە سەرۆکی یەکێتی زانایان لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی زانایان گووتی: ئێمە خۆمان بە خاوەنی تەواوی مامۆستایانی ئایینی دەزانینو، هەموو پشتیوانیەکیشیان دەکەین، بەڵام تکامان لە مامۆستایانی ئایینی ئەوەیە، تووشی هەر گرفتو کێشەیەك بوون زوو ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە کێشەکانیان تێبگەینو، بتوانین بە هەموو رێگەیەکی دروست پشتیوانیان لێبکەین، گلەییشی لە هەندێك لەو مامۆستایانە کرد، کە تووشی ئەو حاڵەتانەوە دەبنەوە یان تووشی هەر کێشەیەك دەبنەوە زوو ئاگادارمان ناکەنەوە، چونکە ئێمە نامانەوێت مامۆستا خۆی بەبێ کەس بزانێت، بە پێچەوانەوە هەموو پشتیوانیەکی مامۆستایان دەکەینو، قەتیش پشتیان بەرنادەین، دەبێ هەموو لایەکیش بزانێت مامۆستایانی ئایینی بێ کەس نینەو، یەکێتی زانایان بە هەموو توانای خۆی لە پشتیانەوەیە.

لێرەشەوە جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەموو هەوڵێك بگرنە بەر بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ئەم رووداوەو بە سزای خۆی بگات.

# لەسەر پرسی تیزابکردن بە مامۆستایەك مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان پێشوازی كۆمەڵێك مامۆستای ئایینی شاری سلێمانی دەكات

بەمەبەستی بە دواداچوونی زیاتری دۆسیەی مامۆستا مەلا عبدالرحمانی گەنج، شاندێکی زانایانی ئایینی شاری سلێمانی سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زاناانی ئایینی ئیسلامی کورستانیان کرد، کە تێیدا داوایان دەکرد یەکێتی زانایان هوڵی بەردەوام بدات بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ڕووداوەکەو بە سزاگەیاندنی.

مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بە گەرمی پێشواز لە شاندی میوان کردو، بە ڕوونی پێی ڕاگەیاندن، کە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داکۆکیکارێکی سەرسەختی مامۆستایانی ئایینی دەبێتو، خۆی بە خاوەنی مامۆستایانی ئایینی دەزانێت.

سەبارەت بە مامۆستا مەلا عبدالرحمانیش سەرۆکی یەکێتی زانیان جارێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە، کە هەموو پشتیوانییەکی لێدەکەن، هەر بۆیە لە یەکەم ساتەوەختدا بە تووندی ئیدانەی کارەکەیان کردووە،و، بە کارێکی وەحشیگەرانەی ناوزەد کردووە، لە هەمان کاتیشدا وەفدێکی مەکتەبی تەنفیزیو وەفدێکی لقی سلێمانی سەرانی مامۆستایانی کردوە، هەروەها یەکێتی زانایان هەموو ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ چارەسەرکردنی مامۆستا چ لە نەخۆشخانەکانی ناو کوردستان بێت، چ لە دەرەوەی کوردستان.

سەبارەت بە تاوانباری تاوانەکەش، یەکێتی زانایان بە بەیانامەیەکی ڕەسمی داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، ئیجرائاتی توند بکەن بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکە، هەر لە درێژەی هەوڵەکان سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، لە دیدارەکەدا داوای کردووە کە هەوڵی زیاتر بخەنە کار بۆ پاراستنی گیانو سامانی زانایانی ئایینیو ئیجرائاتکردن لە تاوانباران، کە بە سوپاسەوە وەزیری ناوخۆ تەئکیدی کردەوە ئەرکی ئەوانە ڕێو شوێنی توند دەگرنە بەر بۆ دۆزینەوەی تاوانباران.

هەروەها سەرۆکی یەکێتی زانایان جارێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە، پێویستە حیکمەت بەکار بێنینو، هوڵ بدەین وەپێش بریاری دادگا نەکەوین.

# مامۆستا ئەحمەدی شافیعی بە پلەی نایاب تیزی دکتۆراکەی قەبوڵ کرا

ڕۆژی ٢/١٢ لەشاری بەغدادو لەکۆلیژی ئیمام ئەعزەم گفتۆگوی نامەی دکتۆرای ماموستا ئەحمد شافعی ئەندامی باڵای فتوا لەکوردستان لەبواری تەفسیردا لەژێر ناونیشانی (منقول التفاسیر لیوسف الاصم) دراسة وتحقیق – گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

لیژنەی گفتوگۆکە پێك هاتبوو لە (ا.د.مشعان سعود عبد– سەرۆکی لیژنە، ا.د.عادل محمد عبدالرحمن –ئەندام، ا.م.د.احمد محمد فروح– ئەندام، ا.م.د.صالح حیدر– ئەندام، ا.م.د.عادل محمود– ئەندام، ا.د.خلیل ابراهیم حمودی– سەرپەرشتیارو ئەندام)، دوای گفتوگۆیەکی تێرو



تەسەل لێکۆلینەوەکەی بەسەرکەوتووی قەبولکراو پلەی نایابی پیبەخشرا.

# ( pop kek ) ڕۆنی بەرازی تێدا نییە

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە ناو هاووڵاتیان بڵاوبوویەوە، کە کێکی (pop kek) ڕۆنی بەرازی تێدایە، بەتایبەتی کە لەسەر هەندێکیان نووسرا بوو ڕۆنی بەرازی تێدایە، دوای ئەوە خەڵکێکی زۆر پەیوەندی بە لێژنەی فەتوای باڵای کوردستانەوە کردو، لێژنەش بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە چەندین ڕێگەی گرتە بەر.

جاری یەکەم ژمارەیەکی زۆری ئەو کێکانەیان کۆکردەوە، بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، دوای بەدواداچوون دەرکەوت، کە تەنها لە ناو یەك کارتۆن زۆرینەی نووسرا بوو هیچی تێدا نییە، تەنها چەند یەکێکیش لە عەرەبییەکەی نووسرا بوو، کە دۆنی بەراز لە خۆ دەگرێت، بەڵام دەرکەوت، کە ئەوە هەڵەی چاپ بوو، لەبەر ئەوەی بە زمانەکانی دیکە لە تەنیشی نووسرا بوو، کە هیچی تێدا نییە.

هەر بۆ هەمان مەبەستو بۆ زیاتر دڵنیابوون، بە ژمارە (٢٩) لە ڕۆژی (٢٠١٢/١/٢٣) مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان نووسراوێکیان ئاراستەی هۆبەی چاودێری سەر بە وەزارەتی تەندروستی کردو، تێیدا داوای پشکنینی ئەم کێکانەیان کردبوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە عەرەبیەکە لەسەری نووسرا بوو، کە ڕۆنی بەرازی تێدا هەبێت.

لە وەڵامدا ڕۆژی (٢٠١٢/٢/١٤) هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەشی پاراستنی تەندروستی سەر بە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بە ژمارە نووسراوی (٢٠٦٤) وەڵامیان دایەوە، کە تێیدا تەئکید دەکەنەوە، بە پشت بە ستن بە نووسراوی دەستەی پێوانەسازیو کۆنترۆڵی جۆری هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٤٦) لە (٢٠١٢/٢/١) دەرکەوتووە کێکی ناوبراو هیچ




ڕۆنی بەرازی تێدا نییە، بەتایبەتی ئەو نموونانەی لە ڕێگەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ڕەوانە کرابوون، کە مەبەست ئەو نموونانەیە، کە لە نووسینە عەرەبیەکە لەسەری نووسرا بوو، کە شتێکی لەو جۆرەی تێدایە.

# پێشنیارێك بۆ یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی كوردستان

عەبدولڕەحمان سدیق



زۆرجار ئاماژەم بۆ ئەوە كردووە، كە نازناوە واتاییەكان پێویستە بەرجەستەبن لە چوارچێوە ماددییەكاندا، بۆ ئەوەی مانای راستەقینەی خۆیان بدەن بەدەستەوە.

بۆ نموونە: نازناوی خوێندەوار سیفەتێكی واتاییە، بەدەرچووی سەرەتایی دەوترێت هەتا دوا قۆناغی خوێندن، كەواتە خوێندەواریی سیفەتێكی واتاییەو لە ژیانی رۆژانەدا مانا نادات بەدەستەوە بۆ ناساناندنی ئاستی زانستی خاوەنەكەی تا ئەوكاتەی لە پێگەی خوێندەوارییەوە نەگوازرێتەوە بۆ پیشەی جۆراوجۆری وەك مامۆستاو پارێزەرو ئەندازیار و پزیشكو ....هتد.

زانایی سیفەتێكی واتاییەو پێگەیە، بەڵام كاتێك مانا دەبەخشێت كە دەبێتە پیشە، بۆیە ئێمە لە كتێب و نوسراوە ئاینییەكانی سەردەمی ئەمەوییەكان و عەبباسییەكان و عوسمانییەكاندا زیاتر پیشەی جۆراوجۆرو، پسپۆڕێتی جیاجیا دەبینین نەك نازناوی زانایەتی.

بۆ نموونە بەكۆی هەموو لقەكانی زانستەوە، زانست پێك دێت هەروەها بەكۆی هەموو بوارەكانی رۆشنبیریشەوە، رۆشنبیریی پێك دێت.

بۆیە زانای جاران پسپۆڕ بوو لە بوارێك لە بوارەكانی ئایین و، قسەی لە هەموو لایەنەكانی ئایین نەدەكرد، بۆ نموونە ، زانای جاران:

موفەسیری قورئان بووە وەك قورتوبی و ئیبن و كەسیر و نەسەفی ...تاد

یان راویی حەدیس و فەرموودە بووە، وەك بوخاری و موسلیم و نەساری و ئەبو داود و ترمزی..

یان موئەرریخ بووە، وەك ئیبنو خەلەكان و ئیبنولئەسیر..

یان نەحەوی و زمانزان بووە، وەك سیبەوەی و فەراهیدی..

یان واعیز و ئامۆژگار بووە وەك عەبدولقادری گەیلانی و حەسەنی بەسرِی..

یان موتەسەوویف بووە، وەك جونەیدو كەرخی و مەولانا..

یان فەیلەسووف بووە، وەك فاڕابی و ئیبنولروشد..

یان خەونزان بووە، وەك ئیبنوسیرین و نابلوسی..

یان فەقیەو شەرعزان بووە، وەك شافیعی و ئەبوو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد..

بەم جۆرەش ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە زانای پسپۆڕە لە بوارەكانی زانستە شەرعییەكاندا، چونكە ناكرێت بە هەموو كەس و بە هەر تاكە كەسێكیش بگوترێت زانا، لەبەر ئەوەی زانایەتی لەسەردەمی خۆیدا وردكرابووە بۆ لقەكانی زانستە شەرعییەكان.

هەروەها لە بواری مزگەوتیشدا یەكێك گوتاربێژە، یەكێك ئیمام و پێش نوێژە، یەكێكی دی موئەززین و بانگدەرە، كەسێكی دی خادیم و مجێوری مزگەوتە، بۆیە ناكرێت بە هەموویان بگوترێت زانای ئایینی تەنها لەبەر ئەوەی لە مزگەوت و ماڵی خوادا كاردەكەن.

ناكرێت گوتاربێژی مزگەوتێك بتوانێت قسە لەسەر فیقەو خەون لێكدانەوە و تەسەووف و فەلسەفە و مێژوو جوگرافیا و زمان و فەتوا و ئابووریی سەردەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی و حوكمڕانی وڵات و زانستەكانی فیزیاو پزیشكیی و فەلەكناسیی و دەروونناسی و..تاد بكات و، وا بزانێت لە هەموو ئەمانەشدا قسەكانی ئەو راست و دروستن.

لێرەوە پێشنیارێك بۆ یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی كوردستان بە پێویستییەكی سەردەم دەزانم، كە یەكێتی زانایان، لەنێو خۆیاندا لیژنەی هەمیشەیی پسپۆڕیان هەبێت لەسەر ئاستی باڵا، لەسەر ئاستی پارێزگاكان و، زانایانیش بە ئارەزوومەندانە لە یەكێك لەو لیژنانەدابن و، لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا وەك زانایانی پێشووی سەردەمی زێڕین، دەبنە شارەزا و پسپۆڕ لەو بوار و لیژنەیەی كە كاری تێدا دەكەن لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوام و خۆ رۆشنبیركردن لە بوارێك و لە لقێك لە لقەكانی زانستە شەرعییەكاندا

ئەو لیژنانەش دەكرێت بەم شێوەیەبن:

لیژنەی تەفسیر، لیژنەی فەرموودە، لیژنەی مێژوو، لیژنەی فەتوا، لیژنەی لێكدانەوەی خەون، لیژنەی فیقە، لیژنەی زمانزانی، لیژنەی تەسەووف، لیژنەی فەلسەفە، لیژنەی كێشەكانی ئافرەتان، لیژنەی ئابووریی، لیژنەی كۆمەڵایەتی و خێزان، لیژنەی تەندروستی و ژینگە..تاد.

چونكە سوپاس بۆ خوا ژمارەیەكی زۆر لە مامۆستایانی بەڕێز لە نێو یەكێتی زانایاندا هەن و، هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستاندا بوونیان هەیە، ناكرێت هەموویان بە زانستێكی كەم رازیی بن، چونكە بەو كەمە ناتوانن وەڵامی پرسیارەكانی خەڵك بدەنەوەو، ناشتوانن رووبەرووی كێشە نوێو گرفتە ئاڵۆزەكانی سەردەم ببنەوە.

# چەمکی وتارو وتاربێژ لە کوردستان

بهاء الدين شێخ محى الدين نەقشبەندی

بێگومان بواری وتاربێژی لەمزگەوتەکانی کوردستاندا وەك زۆر بواری دیکە دووچارە چەند قەیرانو گرفتێك هاتووە، کە لەمێژە پێویست بوو کار لەسەر گۆڕانی ئەو ڕەوشەو،هێنانە کایەی سیستەمێکی نوێ بکرایە، کە لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمو کێشەو گرفتە نەتەوەییو نیشتیمانیو کۆمەڵایەتیو خێزانییەکانی کۆمەڵگەمان بگونجێت.

کێ مافی هەیە ببێت بە وتاربێژ؟ ئەو چوارچێوەیە کامەیە کە دەبێت مامۆستای وتاربێژ پێوەی پابەند بێت؟ چۆن بتوانین وتارەکانی مامۆستایان بە کەڵكو خێری نەتەوەکەمان بگۆڕین، هاوکات لەگەڵ پاراستنی ناسنامە ئایینییەکەی، ناسنامەیەکی نەتەوەییو کەلتوری کوردی هەبێت؟ خەتی سوور کامەیە، کە مامۆستایانی وتاربێژ نەتوانن بیبەزێنن؟ لە کاتێکدا کە چەندین قەیرانو گرفتی کۆمەڵایەتیو دەروونیو هیتر بەرۆکی تاکی کوردو، خێزانی کوردی گرتووە، دەبێت ڕۆڵی وتاربێژان لەم بوارەدا؟

لەوەڵامێکی وردو واقیعیانەی ئەم پرسیارانەوە، دەگەینە چەند ڕاستییەك کە ئەمانەنو، بەندە لە شێوەی پێشنیاردا دەیخەمە بەردەم ئێوەی بەڕێز:

**یەکەم: پێشنیارەکانی تایبەت بە کەسێتی وتاربێژ:**

١- وتاربێژ جیا لەوەی کە دەبێ زانا بێ بە زانستی ئایینی، بەتایبەت (نحو، صرف) دەبێ ئاگاداری زانستو هەواڵی نوێو سەردەمیی، زانستی سایکۆلۆژیی، یاساکانی ڕاگەیاندن بێت.

٢- شێوازی دووان لەگەڵ زیاتر لە هەزاران کەس، دیارە شێوازو تایبەتمەندی خۆی هەیەو، دەبێ وتاربێژ بیزانێ.

٣- ڕەوان بێژیو زوبان پاراویو گونجانی دەنگ مەرجە بۆ وتاربێژی سەرکەوتوو.

٤- دەبێت کەسێکی میانڕەو بێتو، دووربکەوێتەوە لە توندڕەویو توندوتیژی لە وتارەکانی.

بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەم، کە وەزارەتی ئەوقاف بە هەماهەنگی یەکێتی زانایان بەرلەوەی بڕیاری وتاربێژی بۆ مامۆستایانی ئایینی دەربکەن، خولی شیاندن (الدورة التأهيلية) یان بۆ بکەنەوە، بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە شێوازی وتارخوێندنەوە.



**دووەم: پێشنیارەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی وتارەکان:**

١- دەبێت وتارەکان ئاوێنەی ڕاستەقینەی واقیعی ئایینیو کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- نابێت وتارەکان ڕۆحی بێ ئومێدکردنی خەڵك لە خۆشەویستی نیشتیمان دروست بکات.

٣- دەبێت وتارەکان دووربێت لە تەشهیرو سوکایەتیو تەکفیرو تەبدیع کردنی کەسایەتیو تاکەکان.

٤- دەبێت وتارەکان دووربن لە هاندانی بێ بنەما بۆ پیرۆزییەکانی پارتو ئاینزاکانو، سڕینەوەی بەرامبەر.

٥- پێویستە وتارەکان لە بۆنە نەتەوایەتیو یادەوەرییە تاڵو شرینەنیشتیمانیەکاندا قسەو هەڵوێستو ڕۆڵی خۆی هەبێت.

٦- دەبێت وتار کورت بێت، پێغەمبەر - درودی خوای لەسەر بێت- لەم بارەوە دەفەرموێت: (ان طول صلاة الرجل وقصر خطبته، مئنة من فقهه، فأطيلوا الصلاة وأقصروا الخطبة.) رواه مسلم، واتە: درێژەدان بە نوێژ لە ڕۆژی هەینیو، کورتی وتار، نیشانەی شارەزاییە لە فیقهدا، کەواتە نوێژەکانتان با درێژ بێتو، وتارتان کورت بێت.

**سێیەم: پێشنیارەکانی تایبەت بە بوونی مەرجەعییەتێکی یاسایی:**

١- لە کوردستاندا وتاری هەینی هیچ یاساو پڕۆگرامێکی نیە، هەرکەس بە ویستو ئارەزووی خۆی وتار ئەدات، بۆیە دەبێت ئەمە لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتیێکی توکمەو خاوەن دەسەلات بێت.

٢- بۆ زیاتر کاراکردنی وتارەکان، دەبێت هەر وتاربێژێك لە ڕووی زانستیو سایکۆلۆژیو، دەنگو ئیلقاو، سەردەمی بوونو زۆر ڕووی دیکەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت بە پێوەرێکی دادپەروەرانەو زانستیانەو، ڕێزلێنان هەبێت بۆیان، تا هاندەر بێت بۆ وتاربێژانی تر.

٣- پێویستە یاسایەك هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان، کە مافی وتاربێژان دەستەبەربکاتو، لە هەمان کات هێڵو سنووری شیاو دابڕێژێ بۆ پابەندبوون.

دەبێ ئەمەش بزانرێ کە، وتاربێژی

سەرکەوتوو خاوەنی سیفەتو خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی، کە بریتین لە:

١- وتاربێژ دەبێ خاوەنی ئیخلاس بێتو، وتارەکەی لەبەر رەزامەندی خوا بێتو، تاکە مەبەستی بانگەوازی کردن بێت بۆ دینی پەروەردگار.

٢- وتاربێژ دەبێ خاوەنی هەستی بەرزی ئیسلاحیو چاکسازی بێت.

٣- وتاربێژ دەبێ لە وتارەکانیدا مەبەستی ئیرشادو رێنموونی کردنی هاوڵاتیان بێت لەسەر رێبازی راستو درووستی ئیسلام.

٤- وتاربێژ دەبێ خاوەنی پێشەنگی هەموو خو و رەوشتە جوانەکان بێت، تا گوێگرانی باش ببینن‌و چاك ببیستن.

٥- وتاربێژ دەبێ فاکتەرو ئاراستەکەری بڵاوکردنەوەی ئاشتیو برایەتیو بەیەکەوەژیان بێت.

٦- وتاربێژ دەبێ خاوەنی دادگەریو ویژدان بێت، بە تایبەت لە کاتی رووداو و پێشهاتەکانداو، خۆی دوور بگرێ لە چەواشەکردن.

٧- وتاربێژ دەبێ خاوەنی (الحلم) بێتو، لەسەرخۆو ئارام بێتو، بە شێنەییو دوور لە پەلەکردن بۆ راستیو دروستی کێشەکان بەدواداچوون بکاتو، چارەسەری گونجاو بخاتە روو.

٨- وتاربێژ دەبێ لە روونکردنەوەکانیدا ژیرانە مامەڵە بکاتو خاوەنی حیکمەت بێت، تا تووشی هەڵە نەبێ.

٩- وتاربێژ دەبێ میانڕەو بێتو، ئەوە بزانێ کە هەر توندوتیژییەك توندوتیژی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

١٠- وتاربێژ دەبێ خاوەنی بەزەیی بێت، تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە لایانداوە لە رێگەی راست.

١١- وتاربێژ دەبێ رووخۆشو کراوە بێتو، خۆی لەهەر جۆرە داخرانێك بپارێزێ.

١٢- وتاربێژ دەبێ خۆشەویستی هەبێ بۆ خاكو خەڵكو نیشتیمانەکەی، رێز لە رابردووی گەلەکەی بگرێت.

١٣- وتاربێژ دەبێ زیاتر لە هەر کەسایەتیو تاکێکی نێو کۆمەڵگاکەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات.

١٤- وتاربێژ دەبێ دوانگەی مزگەوتەکەی بۆ فەتوا دان بەکارنەهێنێو، خۆی لەفەتوادانی نێو وتار بەدووربگرێ.

لە زمانی عەرەبیدا، بە وتاربێژ دەگوترێ: (خطیب)، کە دەکرێ بگوترێ: هەریەك لەم چوار پیتە هێماو ئاماژەن بۆ ئەرکی سەرشانی وتاربێژو گەورەیی مامۆستایانی ئایینی، بۆ نمونە،: پیتی (خ)=(عدم الخیانة)و، دەبێ وتاربێژ خیانەت نەکاو، پەیمان نەشکێنی لە گەیاندنی پەیامی راستیو، خزمەتکردنی خەڵك. پیتی (گ)=(طبیب)و، وتاربێژ دەبێ وەك پزیشك دەسنیشانی زامو نەخۆشیەکانی نێو کۆمەڵگا بکاتو، بە ژیریو لێهاتوویی خۆی چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە. پیتی (ی)=(یسر)و، وتاربێژ دەبێ ئاسانکارو خۆشیهێنەر بێتو، نەوەك زەحمەتکارو ئەرك بێت بەسەر خەڵکیەوە. پیتی (ب)=(بارع)و، وتاربێژ دەبێ خاوەنی زیرەکیو دانایی زۆر بێت.

ماوەتەوە بگوترێ: کە وتاربێژ دەبێ لەسەر میتۆدی راستیو راستەقینەیی کاربکاتو، هاندەرو پاڵنەری هەموو ئاکارو خویەکی جوانو بەرز بێتو، خۆی دووربگرێ لە (نەرجسیەت)و، خۆپەرستیو، سەرسام بوون بە خود، چونکە ئەمانە خوی زۆر ترسناکن بۆ وتاربێژو، بەڵکو خۆی دەبێ بەر لەهەر خەڵکێکی دیکە تەواو لە چەمکی وتارو وتاربێژی بگات، تا بتوانێ خۆی لە هەڵچوونو شپرزەییو وتەی نارێك بپارێزێ.



# قورئانو پەروەردەکردنی مرۆڤ لەڕووی عەقڵییەوە

مەلا ئاراس رواندوزی
Malaaras.rwanduzi@hotmail.com



## دەسپێکێکی ڕێخۆشکەر ..

دەسپێکێك کە ڕێخۆشکەرو ڕۆشنکەرەوە بێت بۆ نزیککردنەوەی مەوداکانی کرۆکی بابەتەکەمان، ئەوەیە کە بەسەرنجدانی وردەوە هەڵوەستە بکەین لەسەر واتاداریی ئەو ئایەتە قورئانییەی کە لەوێدا سەرەداوی دەسکەوتنی وردەکاریی گرنگ لەسەر کاکڵەو گەوهەری باسەکەمانی تیادا دەدۆزینەوەو، هەمدیس بە بەرچاوڕوونییەوە دەپرژێینە سەر کۆششکردن لەپێناو پەیبردن بە دەلالەتەکانی ئەو مەغزایەی کە هاوئاهەنگێتی ئامانجداریی نێوان عەقڵ و مرۆڤ لە کایەو کرداره چارەنووسسازەکان لەخۆدەگرێت، ئایەتەکەش ئەوەیە کە پەروەردگارمان لەمیانیدا دەفەرمووێت: (بَشِّرْ عِبَادِ * الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُوا الْأَلْبَابِ)، واتە: مژده بده بەو بەندانەم، ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەتو ڕێنموونی کردوون، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و ژیری و بیرو هۆشن.

لە دووتوێی دەلالەتە دانسقەکەی ئەو ئایەتە پیرۆزە کە وێنای ڕیشەداریی ئەو ڕایەڵە ستراتیژییە دەکات کە لەپەیوەندی نێوان قورئانی پیرۆز و عەقڵی مرۆڤ لەلایەکو، وابەستکردنی عەقڵ بە بەرپرسیارێتی کرداری گوێگرتن و گواستنەوەی قسەی مرۆڤ لە لایەکی دیکەوە ڕەنگدەداتەوەو، لەم ڕووەوەش ئەوە ساخبۆتەوە کە عەقڵ ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت لە ئامادەکردن و ئاراستەکردنی گوێچکەی مرۆڤ لە وەرگرتنی ووتەیەك و قسەیەك کە پاکێتی و تەواوێتی و واتادارێتی تیادا ڕەنگبداتەوە، گەڕەکمانە دەروازەیەك بە ڕووی مەزەندە مەزنەکانی ئەو مەودا بەرفراوانەدا بکەینەوەو، لە چوارچێوەیەشدا لەو هەقیقەتە دڵنیا ببینەوە کە سروشتی قسەکردنی مرۆڤ وایە کە بە ئاراستەی ڕاست یان درۆ تێپەڕ دەبێت و، شێوەو ڕواڵەتی یەکێکیان وەردەگرێت، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ مەزەندەکردنی ئەو تێڕوانینەی کە تایبەتمەندیی و کارلێکەری عەقڵ یان جەهلی بە سەردا دەچەسپێت و، لەم سۆنگەیەشەوە هاوکێشەیەکی هەستیار لەبەردەم گوێگردا دروست دەبێت و دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارییەتی گرتنەبەری ئاراستەی عەقڵ یان جەهل، هەمدیس ئەو سەرەنجامە حەتمییەش لە کەسایەتییەکەی دەنیشێت کە ئەو بەدەر نابێت لەوەی یان بەکەسێکی عاقڵ یان جاهیل ناوزەد دەکرێت کە بە تەئکید ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی کاریگەری عەقڵ یان جەهلە بەسەرییەوە، لە کرانەوەی بینایییەکانیشمان بەشێوەیەکی ڕوونتر بۆ ئەو پرس و باسە، دەگەینە سنووری ئەو دووڕیانەی کە لەوێدا ئاراستەی ململانێی نێوان عەقڵ و جەهل دەردەکەوێتو قسەکەرو گوێگریش بە کارلێکەری کێشکردنییانەوە ڕووەو لێواری سەرەنجامە حەتمییەکەی ئەوان ڕێدەکەن .

## ( عەقڵ )و سیفەتی لە پارسەنگدان ..

هاوکات ئەگەر بەوردبوونەوەو ڕامانێکی ڕۆشنترەوە لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوەدا بڕوانین، دیارترین سیفەتی عەقڵی مرۆڤ دەردەکەوێت کە سیفەتی (جیاکردنەوەیە)، جیاکردنەوەی قسەی ڕاست لە قسەی درۆ، قسەی لاواز لە قسەی بێهێز، قسەی لۆژیکی لە قسەی نالۆژیکیو... هتد، پوختەی مەبەست عەقڵ ڕۆڵی لە پارسەنگدانی قسەکان دەبینێت، عەقڵ بە عەقڵ دانانرێت ئەگەر ئەوەی پێیدەگات نەیکێشێ و لە پارسەنگی نەدا، بەوەی ئەو قسەیەی سوودبەخش نەبێت فڕێی بدات و، پارێزگاریش لە سوودبەخشەکە بکات.

فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان موحەممەد (د خ) هەیە کە بە ئاراستەی ئەو خواستەی سەرەوە دەڕوانێت کاتێك دەفەرمووێت: كفى بالمرء جهلاً أن يحدث بكل ما سمع، واتە: ئەو نەفامێتییە بەسە بۆ مرۆڤ کە هەرقسەیەکی بیست بیگێڕێتەوە، لای هەندێك خەڵك تایبەتمەندیی تۆمارکردن زۆر بەهێزە، گوێچکەکانییان بە هەموو قسەیەك پڕ دەکەن، پاشان لە شوێنێکی دیکە دووبارەی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی دەستنیشانی قسەکان بکەن ئاخۆ هەڵەیە یان ڕاستە؟!!.

## هاوکێشەیەکی عەقڵی ..

لێرەدا دەکەوینە بەردەم دانانان بە تەواوێتی هاوکێشەی ئەو ووتەیەی کە پێیوایە هەندێك زانا هەن عەقڵیان کەمترە بە بەراورد بە زانستەکەیان، ئەوان زانان بەو واتایەی زانیاریی زۆریان لەلایە، لێ عاقڵن بە ئەندازەیەکی کەمتر چونکە ئەوان هەموو شتێك لە هەر کوێیەك ببینن کۆیدەکەنەوە و بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە تێکڕا دەیگوازنەوە، بە مانای ئەوەی تەمشای ناکەن ئایا لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت یان نا؟، ئەوەی کە سەیرە لێرەدا ئەوەیە کە لە گەڵ بوونی ئەو ڕیوایەتانەدا کە دەڵێت: پێویستە ڕاوی (ئەو کەسەی شت دەگێڕێتەوە) ڕەخنەگر بێت و نابێت هەموو شتێك کە گوێبیستی دەبێت بیگوێزێتەوە، کە چی دەبینین تەنانەت زۆرێك لە موحەددیس و ڕاویو مێژوونووسەکانیش ڕەچاوی ئەو بنچینەیان نەکردووەو کەوتوونەتە هەڵوێستێکی پێچەوانەوە!!.

## ڕەخنەگرتنەکەی ئیبن خەلدون ..

یەکێك لەو ڕەخنانەی ( ئیبن خەلدون ) لە پێشەکی مێژووەکەی (تأريخ ابن خلدون) ئاراستەی هەندێك مێژوونووسی کردووە، ئەو ڕەخنەیەیە کە ئەوان (مێژوونووسەکان) لە گواستنەوەیان بۆ مێژوو تەنها لە دروستی سەنەدەکە دەگەڕێن، ئەو دەڵێت: پێویستە بە دوای دروستی ناوەڕۆك بگەڕێین، پێویستە یەکەمجار بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا ئەو داخوازییە لە گەڵ لۆژیکدا دەگونجێت یان نا؟، دواتر نموونە بۆ ئەوە دێنێتەوەو دەڵێت: ئەوان نووسیویانە کاتێك نەتەوەی حەزرەتی موسا (سلاوی خوای لە سەربێت) لە دەریا پەڕینەوەو فیرعەونییەکان بەدوایانەوە بوون، ژمارەیان (٢٥٠٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار پیاوی جەنگاوەر بوون، پێویستە ئەوە پوختو دەستبژێر بکرێت چونکە (بەنو ئیسرائیلییەکان) هەموویان ڕۆڵەو وەچەی حەزرەتی یەعقوب بوون (سلاوی خوای لە سەربێت) کە ئەو تاقە کەسێك بووە و، ڕەچەڵەکەیشی پێنج یان شەش پشتی تێنەپەڕاندووە (واتە ماوەی زەمەنی ئەو چەند پشتە بە -١٦٤- ساڵ دەخەملێندرێت)، هەروەها مێژوونووسەکان باسی ئەوەشیان کردووە، کە ماوەی زەمەنییەکە (٤٠٠) ساڵ بووە، تەنانەت ئەگەر واشی دابنێین کە ماوە زەمەنییەکە (٤٠٠) ساڵ بووە، ئەگەر بڵێین ژمارەیان (٢٥٠٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار پیاوی جەنگاوەر

بوونە، ئەوا لانیکەم دەبێت ژمارەکەیان (٥٠٠٠٠) نیو ملیۆن کەس بێت کە چارەگێکیان سەرباز بوونە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە فیرعەون هەڵدەستا بەکوشتنی ڕۆڵەکانییان (يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ) کە ئەمەیان لە رووی عەقڵەوە ڕێی تێناچێت قەبول بکرێتو ئەستەمە بەڕاست دابندرێت!!!.

## ئیبن خەلدون و ئامۆژگاریکارەکە!!..

ئیبن خەلدون دەڵێت : مێژوونووسەکان ئاوڕیان نەداوەتەوە کە ئاخۆ ئەو ڕووداوەی ئەوان دەیگوازنەوە لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکدا دەگونجێت یان نا؟، ئەو هەروەها دەڵێت : ڕۆژێك گوێبیستی ئامۆژگاریکارێکی بەناوبانگ بووم دەیوویست چۆنییەتی لەناوچوونی (بەنی ئومەییە) ڕوون بکاتەوە و، وە باسی ئەوە بکات چۆن خوای گەورە بەرەکەتی خستۆتە نەوە و وەچەی حوسێن (سڵاوی خوای لەسەربێت)، ئامۆژگاریکارەکە دەیووت: حوسێن (سڵاوی خوای لە سەربێت) تەنها کوڕێکی ماوە کە ئەویش ئیمام عەلی کوڕی حوسێنە (سڵاوی خوایان لەسەربێت)و، هەموو گەورە حوسەینی و موسەوی و ڕەزەوییەکان لەتۆوی ئەو ئیمام عەلی کوڕی حوسێنە پەیدابوونەو سەرەنجام هەموویان حوسەینین و، هیچ یەکێکیش لە (بەنی ئومەییەکان) نەماوە، ئینجا ئەو ئامۆژگاریکارە ئەوها باسی (بەنی ئومەییەکان)ی کرد: لەساڵی (٦١) کۆچی کە ڕووداوی (الطفّ)ی تیادا ڕوویدا، هەزار بێشکەی زێڕین لەناو ماڵەکانی (بەنی ئومەییە)دا هەبوون، (ئیبن خەلدون) دەڵێت: ئێستا پێویستە لەسەرمان دەستبدەینە پرۆسەی سەرژمێریکردن کە ئایا ژمارەی (بەنی ئومەییەکان) چەند بوونە؟ چەند بێشکە لەناو ماڵەکانیاندا هەبوونە؟ وە ژمارەی ئەو بێشکە زێڕینانە چەند بوونە؟، قسەکەی (ئیبن خەلدون) تەواوبوو.

## چاوخشاندنەوەیەك و دەرکەوتەیەکی جیاواز!!..

ڕۆژێك چاوم بە هەندێك پەرتووکی مێژوویی دەخشاندەوە کە بەرهەمی چەند گەورە کەسایەتییەك بوون، لەمیانی بەراوردکردنی دەقەکان و لەپارسەنگدانی ڕیوایەتەکاندا ئەو بۆچوون و تێڕوانینەم لەلادا گەڵاڵە بوو: لە ڕووداوی (الحـرة)دا، کوشتارگەیەکی گەورەیان لە مەدینەدا بەرپاکرد، چوونە ناو ماڵی پیرەپیاوێك کە خەڵکی مەدینەو لە ئەنسارییەکان بوو، لە بنەماڵەیەکی هەژار بوون، خێزانەکەی ماوەیەکی نزیك بوو منداڵی ببوو، ژنەکە لەسەر جێگا پاڵ کەوتبوو، منداڵەکەش لەناو بێشکەدا بوو، پیاوێکی خەڵکی شام هاتە ژوورەوە تاوەکو شتێك لەو ماڵە ببات، ژنەکە پاڕایەوەو وتی: من هاوسەری فڵانە هاوەڵی پێغەمبەرم و لە پەیمانی (رضوان) پەیمانماندا بە پێغەمبەر (د.خ)، ئەو پاڕانەوەیە سوودو دادی نەدا، پیاوە شامییەکە قاچی منداڵەکەی گرت و بەدەوری سەری سوڕاندییەوەو کێشای بە دیوارداو مێشکی ڕژا، زۆرێك لە مێژوونووسان ئەو ڕووداوەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام ئایا ئەوە بەسە بۆ دروستی و ڕاستی ڕووداوەکە؟، واتە ئافرەتێك کە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەپەیمانی (رضوان) پەیمانمان دابێت بە پێغەمبەر (د.خ) ئایا دەشێت لەساڵی (٦٣) کۆچی و لەپاش ماوەیەکی زەمەنی کە (٥٨) ساڵە منداڵی ببێت؟!، بە ڕاستی ئەو پرس و بابەتانە پێویستییان بە ڕەخنەو دەستبژێریکردن هەیە، ئەگەر مرۆڤ هەڵوەستەیەکی هۆشمەندانەی لەئاستدا بکات ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە پێچەوانەی واقیعە، ئا ئەمەیە کرداری لەپارسەنگدان، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: كفى بالمرء جهلاً أن يحدث بكل ما سمع، واتە: ئەو نەفامێتییە بەسە بۆ مرۆڤ کە هەرچییەکی بیست بیگێڕێتەوە، بەزۆری وایە نەفامێتی لە قسەکردن پەیوەندی بەلایەنی زانستییەوە نییە بەڵکە پەیوەندی بەلایەنی عەقڵییەوە هەیە، واتا لەبیرنەکردنەوەیە نەك لە نەزانینەوە، کەواتە لەبیر نەکردنەوەو دەستبژێرینەکردنی مرۆڤ بۆ شتەکان، ئەوەندەی بەسە کە هەرچییەکی بیست بیگێڕێتەوە.

## ڕەخنەگرتن لە وتە!!..

پرسێکی دیکە کە لەو خواست و داوایەوە نزیکەو لەو ئایەتەو لەهەندێك فەرموودەوە هەڵدەهێنجرێت، پرسی شرۆڤەکردنی قسەو جیاکردنەوەی ڕەگەزە باشەکانییەتی لە ڕەگەزە خراپەکانی، بەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە مرۆڤ لە دوو وتەدا باشەکەیان وەربگرێت و ئەوەکەی دیکەیان کە خراپەکەیە پشتگوێ بخات، وە لەنێوان ئەوەی وتەیەك بەش بەش بکات و، بەشە باشەکەی هەڵبژێرێت و بەشە خراپەکەی فڕێبدات بەجۆرێك کە مرۆڤ توانای دەستنیشانکردنی هەبێت و بڵێت: ئەو بەشە لەو وتەیە ڕاستەو ئەو بەشەشیان خراپە، ئەمە ئەو شتەیە کە لەڕوایاتدا بە (ڕەخنەو ڕەخنەگرتن) گوزارشتی لێکراوە.

لێرەداو سەبارەت بەم بابەتە فەرموودەو وتەی زۆرمان هەیە، لەوانە: حەزرەتی عیسا (سڵاوی خوای لەسەربێت) فەرموویەتی: خذ الحق من أهل الباطل ولا تأخذ الحق من أهل الحق، واتە حەق لەئەهلی ناحەق وەربگرە، حەق لەئەهلی حەق وەرمەگرە، ئەگەر کەمێك بە ووردی سەرنج لەو وتەی حەزرەتی عیسا بدەین (سڵاوی خوای لەسەربێت) دەگەینە ئەو ئاکامەی کە حەزرەت ویستوویەتی ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێت: تەماشای قسەکەر مەکە بەڵکە تەماشای خودی قسەو وتەکە بکە، گەواهیشمان بۆ ئەو قسەیەمان ئەوەیە کە حەزرەتی عیسا (سڵاوی خوای لەسەربێت) فەرموویەتی: كونوا نقاد الكلام، واتە ڕەخنە بگرن لە وتەو قسەکان، کەواتە لێرەدا و، بە پێداچوونەوەو تێڕوانینی وردمان بۆ واقیعی ئێستا، دەبینین کە کارو کاریگەری عەقڵ لە پاشەکشەی تەشەنەسەندوودایەو، لە بەرامبەریشدا ڕەوتی جەهل لە پێشکەوتن و بەرەوی بەردەوام دایەو، هاوکێشەکە بە ئەندازەو ئەنجامێکی زۆر لە بەرژەوەندی هەوادارانی جەهل دایەو، دەبێت ئاقڵمەندانیش سوێیان ببێتەوە بۆ دیارنەمانی ڕۆڵی عەقڵ و عاقڵان!!!.



## تێبینی:

لەنووسینی ئەو بابەتە سوودم لەو ژێدەرانە وەرگرتووە:

– پەرتووکە جۆربەجۆرەکانی ڕاڤەی قورئان و فەرموودە..
– تأريخ ابن خلدون..
– تحف العقول عن الرسول، دانراوی (أبو محمد الحسن بن علي بن شعبة الحراني)..
– تاريخ الخلفاء للسيوطي..
– الكامل في التاريخ..

# ڕۆژنامەوانی ئیسلامی لەکوێدا دەوەستێ؟

محمد ابراهیم شەریف




بێگومـان ڕۆژنامـەوانی پەیامێکـە تیایـدا بەرنامـەی کـار پەیوەسـتە بـە فەلـسەفەیەکی دیـاریکراوی دیراسـەکراو و نوسـراو،و کـە تـەواوکاری ئـەویتر دەبـێ بـە هـۆی بـیروڕا بـەبیروڕاو هـزر بـە هـزرو، بەڵگـە بـە بەڵگـەوە و گەلێ شت و لایەنی پەنهان و نادیارو نەناسراو بـۆ خوێنـەر ئاشـکرا ئـەکات بەرامبـەر بـە فەلـسەفەی ماتریـالیزمی مێـژوویی بـە پـەیامی زیندوو و نەمری ئیسلام ڕائەوەستێ.

چونکە بانگهێشتی راست و دروست ڕێگـای چـونە نـاو دلأن پـەی پـێ نابـات تـەنها مەگـەر بەشێوازێك کە توانای هەڵگرتنی پەیامەکەی خـۆی هەبێ بـۆ نـاو نـاخ و هـەناو تابگاتـە تـەنکایی دڵ و کاردەکـا بـۆ گـۆڕینی تێگەیـشتنی خوێنـەر بـەرەو چـاکەخوازی و بـالأبوون . ئاشـکرایە نەتـەوەی ئیسلام پێشەنگ بـوو ئـەوکات کـە قورئـانی پـیرۆز دەسـتووری بـوو،و ڕێگـای بـوو چـرای ڕۆشنکەرەوەی بوو، بەهۆیەوە ڕۆژنامەوانیەکـەی و ئێزگەکەی و تەوەری بزاوتەکەی پێـك دەهێنێـت و پێی دەدوێنێت و لەسەر ئەو بنەمایە ئاشتی دەکاو دەجەنگێ و پەیوەندی دەکـاتو بـەلأم ڕاستگۆیی تـاجی سـەریەتیو چـرای ڕۆشـنکەرەوەیەتی لـە پەیوەنـدی و پێکگەیـشتنیدا لەگـەڵ خوێنـەر و بـۆ ڕەتدانـەوەی ئەوانـەی سـنگیان پـڕ ڕق و کینەیـە بەرامبەر بـە ئیـسلام و موسـڵمانان، کـە دواییـنیان فیلـدرز ی راسـتڕەوی هۆڵەنـدی کـە مـەغۆل ئاسـا ڕقو کینـەی بەرامبـەر بـە موسـڵمانان و ئیـسلام دەربـڕی، و ئـەم پەلامارانـە تونـدتر ئەبنـەوە لـە ئایندەدا لە دژی موسـڵمانان چـونکە لـەم دواییـەدا یـەکێك لـە دادگاکـانی هۆڵەنـدە حـوکمی بێتـاوانی ئـەوی دا دوای ئـەوەی بـە تۆمـەتی دەمـارگیری و هاندانی دژبە موسڵمانان تۆمەتبار کرا بوو.

لێرەدا دەپرسم ئاخۆ ڕۆژنامەوانی ئیسلامی لـە کـوێی ئـەم بێـسەروبەرییە بـێ سـنورەدا وەسـتاوە؟ و چـی کـردوە بـۆ تێکـشکاندنی بێبـاوەڕی، بەرپەرچـدانەوەی گومانـەکانو، چەسـپاندنی بـاوەڕو ئیمـان؟ ڕۆژنامەوانییـەك هەوڵوکارەکانی خۆی ڕیکدەخاتو هەماهەنگیو هاریکـاری دەکـات بـۆ گەیانـدنی پـەیامی خـۆی لەساتەوەختێکا کە بەربەسـتە جیاکـەرەوەکان نەمانو دوورابیەکان لە یەکتر نزیك بوونەتـەوەو وای لێ هـاتووە پەیوەنـدیکاری و یەکترناسـینی ئاڵوێرکراو لەنێوان نەتەوە و گەلانی شارشتانیدا شـتێکە زۆرجـار پـشت بـە ڕۆژنامـەوانی دەبەستێت .گەورە بچوك ئاگـادارە لـەوەی کـە زمـانی قورئـانی پـیرۆزو لۆژیکەکـەی تەزکیـەی هەسـتو سـۆزی مرۆیـی دەکـا بەئاراسـتەی کتێبەکەی و ئاینەکەی و پەیوەستی دەکات بـە خـواو بـە خواپەرسـتیەکانیەوەو، هـەروەها بـە شێوەیەکی ئەڵقەیی مەحکەم بە مرۆڤایەتیـەوە دەیبەسـتێتەوە لـەمیانی (وجعلنـاکم شـعوبا وقبائل لتعارفوا).

پێویـستە ڕۆژنامـەوانی ئیـسلامی ویـژدان و ڕاستگۆیی نەتەوەی ئیسلامی بـێ کـە قورئـانی پیرۆز هانمـان ئـەدا لـەو بـارەوە، دەبـێ ڕۆژانـە بەدوای هەواڵی موسڵماناندا بەدواداچون بکات، و ئـەو تەلەفزیۆنـە بینـراوە هەڵدەسـتێ بـە هۆشیارکردنەوەیان و ئیزگەش دەنگـی دەگاتـە دوورترین گوند تا ئەوەی لە دەوروبـەریان و لـە هـەموو وڵاتـانی جیهـان دێتـەڕوودان پێیـان ڕابگەیەنێت. و ئەوجا بەدوای کاروبارياندا بچێت و لێکۆڵینەوە و بەسەرکردنەوەی خێرای بۆ بکات لەکاتی خۆیدا، و ئەگەر لەلایەك کارێکی ناهەموار وناڕێك بێتەڕودان و ئاشکرای بکـات و لەئاکامـە خراپـەکانی ئاگاداریـان بکاتـەوە. ڕۆژنامـەوانی بەگـشتی لـەم دواییانـەدا بـە شـێوەیەکی هەستپێکراو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی تا وای لێهات هەواڵەکە بێتە دیاربوون لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامـەکان لەگـەڵ دەرچـونیدا. و دەزگاکـانی ڕاگەیاندن کێبەرکێ بکەن بۆ بڵاوکردنەوە و خێرا گەیاندنی ئەو هەواڵـە بـە خوێنـەر، ئـەی بۆچـی ڕۆژنامـەوانی ئیـسلامی ئـەو هـەنگاوە خێـرا و فراوانە هەڵناگرێ و ئەو زەیف و ناڕاستیە کە لە گۆڕێیە پوچـەڵ بکاتـەوە بـەهۆی ڕاسـتیەکان و زانیاری و ئامارەکانەوە کەبڵاویان دەکاتەوە بۆ خزمـەتی ئیـسلام و موسـڵمانان و سـەرجەم مرۆڤایەتی. ئایا کوا ئەو ڕۆژنامەوانیە ئیسلامیە کـە چـاودێری دۆخـی نـاوخۆیی موسـڵمانان لـە هەموو شوێنێکاو دەیخاتـەروو بۆ بـەردەم ڕای گـشتی جیهـانی تـا ئاگـاداربێ لـەو نەهامـەتیو موعاناتەی موسڵمانانی گـیرۆدە کـردوە بـەهۆی ئەو ئەحکام و بڕیارە مەبەستدارانە و ئەو شاڵاوە کینەدارو پیسەی کە دەکرێتە سەر موسڵمانان و ئاینە بیگەردەکەیان، کوا ئەو وتار و هەواڵانـەی کە زەیف و نادروستی وبۆگەنی شـاڵاوبەران بـۆ سـەر ئیـسلام پوچـەڵ دەکاتـەوە؟ نیگـەرانی ئـەوەم کەڕەنگـە دواکـەوتوویی ڕۆژنامـەوانی ئیسلامی ئاوەژووکاری دواکـەوتویی موسـڵمانان بێ لە بوارەکانی تردا. ڕاستە چەندین ڕۆژنامەی ئیـسلامی لـە گۆڕێـدان و قـسەدەکەن و بـاس دەکەن و دەگوازنەوە ...

ئەوەش کارێکی باش و پێزانراوە ئینشائەڵا پاداشـتی دەبـێ لای خـوا .بـەلأم ئێمـە ڕۆژنامەوانیـەکمان دەوێ بـە هـەموو زمـانێ قـسەبکات و هـەموو شـوێنێ بتەنێتـەوەو پڕبکاتـەوە و شانبەشـانی خـۆی لێکۆلینـەوە و وێنە وبەسـەرکردنەوە هـەبێت بـۆ ریـسواکردنی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات لەناو ماڵی خۆیاندا و داکۆکی بکات لە ئاینی ئیسلام و خەڵکەکەیو هاوکاتیش هەموو دۆخە خراپەکانی کەموسڵمانان گیرۆدەی بوون بداتە بەر ئیرادو ڕەخنە لێگرتنـەوە. دەبا ڕاگەیانـدن بالأکردنـەوەبێ بـۆ مـرۆڤ و پردێکـی پەیوەندی و گفتوگۆو نزیك بوونەوە بێ لەویتر.و کاربکات بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی ئیسلام بـۆ پێویـست بـوونی نزیـك بوونـەوە لـەویتر و گوێگرتن لە بۆچونی بەبێ بێزاربوون و رق و کینە پیـشاندان بەرامبـەری، تـا ڕۆڵـەکانمان لـەوڵاتی ئیسلامو نائیسلامدا راستی لێبـوردەیی ئیـسلام بـزانن، و ئینجـا ڕۆژنامـەوانی ئیـسلامی هـەوڵی پوچەڵکردنەوەی ئەو درۆو بوختانانە بداتەوە کە ئـەو دڵـودەروون نەخۆشـانە لـە دژی ئیـسلام برەوی پێـدەدەن. دەبـا قەڵـەم مـافی ئیـسلام و موسـڵمانان بێنێتـەدی بـەهۆی سـەربەخۆبوونی ڕاگەیاندنـەوە کـە دوور بێـت لەکاریگـەری دامودەزگە پەیوەستەکان بەدەسەلاتەوەو دەبا بانگهێـشتیش بکـات بـۆ ئـەوەی ئـایین داوای دەکـات بـەدوورگرتنی لـە دەسـەڵات و حـەز و ئارەزووەکـانی ئەوانـەی ئەجنـدای تایبـەتیان هەیە و هەروەها ڕاگەیاندن با لە خزمەتی حەقو ڕاسـتیدا بێـتو بـا قەڵـەمیش ڕۆڵـی نەتـەوە بگێڕێت لە زیرەکی و بەهرەو توانا..

# شێواندنی مێژوو و ئەدەبی کوردی بۆ؟

**عبد الله نجم الدین**

لەم رۆژانەدا و لە یەکێك لە کەناڵە ناوخۆییەکاندا مێزگردێك ساز کرا دەربارەی ئەنفال و رەگ و ریشەی ئەو کارە دڕندانەی کە دەرهەق بە میللەتی موسڵمانی کورد کرا، کە بەراستی شتێکی بێ وێنەیە لە مێژوودا، بەڵام بەداخەوە وەك نەریتی هەندێك لە رۆشنبیرانمان بەبێ زانیاری و سەرچاوەی مێژوویی باس لە هەندێ شتی هەڵبەستراو دەکرا دەربارەی (ئەنفال)و جینۆسایدی کورد، کار گەیشتە ئەوەی کە برای رۆشنبیر بوێرێت بڵێت: **(ئەنفال کارەساتێکی تازە نییەو رەگ و ریشەی لەمێژوودا هەیەو، پێشتریش کورد ئەنفال کراوە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا هەمان شێوە بووە و کورد بەم دەردەی ئێستا براوە).**

بەڵگەی ئەم برادەرەش تەنها و تەنها شیعری (هورمزگان)بوو.

منیش بە پێویستم زانی خوێنەری کورد بەشیعری (هورمزگان)و ئەو کەسەش کە ئەم شیعرەی داناوە ئاشنا بکەم، بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەیەکیش بێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بە ئەنقەست و لەبەر مەرامی تایبەتی خۆیان مێژووی ئەدەبیاتی کورد لیخن بکەن و، شتی نابەجێی بۆ هەڵبەستن.

سەرەتا دەمەوێت بەم پەندەی **هەژاری** رەحمەتی دەست پێ بکەم کەلە سەرەتای وەرگێڕدراوی قانوونەکەی (ئیبن سینا)دا دەینووسێت و دەڵێت: **(کابرایەك حیکایەتی دەگێرایەوەو دەیوت: یەعقوب لە کەربەلا سەگ خواردی، کابرایەکیش وەڵامی دایەوە و وتی: یەعقوب نەبوو یوسف بوو، کەربەلا نەبوو کەنعان بوو، سەگ نەبوو گورگ بوو، ئەویش شوکر درۆ بوو).**

ئەم پەندە کت و مت بەسەر شیعری (هورمزگان)دا دەچەسپێت، جا با بزانین ئەم شیعرە چیە و لە چیەوە هاتووە...

ئەو شوێنەی کە شیعرەکەی لێ دۆزراوەتەوە:

دەربارەی ئەو شوێنەی کە شیعرەکەی لێ دۆزراوەتەوە، دەڵێن:

+ (رەشید یاسەمی ، لە کتێبی(کرد وپیوستگی نژادی و تاریخی) ل١١٩) دەڵێت:

ئەم شیعرە لەسەر پارچە چەرمێك نووسراوە و لە ئەشکەوتەکانی (هەزار مێرد) دۆزراوەتەوە .

+ (س.ج ئەدمۆندز.کورد، تورك ، عەرەب،وەرگێڕانی ئیبراهیمی یونسی ل ٣٩٢) دەڵێت لە (کۆسالان) نزیك هەورامانی تەخت دۆزراوەتەوە ....

* (د.جەمال نەبەز) لەکتێبی: (زمانی یەکگرتووی کوردی) ل١١١دا – بەگومانەوە لەراستی هۆنراوەکە– دەڵێ: (.......... کە گوایە دەروێشێك لەدەشتی شارەزوور پارچە پێستێکی دۆزیوەتەوە، بەرێنووسی پهلەوی چوار دێڕ هۆنراوەی کوردی لەسەر نووسراوە ..............)

چەند بۆچونێکی تریش هەن، بەڵام ئەوەندە لاوازن شایەنی باسکردن نین.

جا با بزانین دەقی شیعرەکە چۆنە:

* (محمد تقی ملك الشعراو) لە کتێبی (شعر در ایران)دا دەڵێ:ئەم شیعرەم لە "د.سعید"ەوە وەرگرتووە، شیعرەکەش ئەمەیە:

هرمزگان رمان اتران کژان
هوشان شاروە گورە گاوران
زۆر کرو، ار ب، کرونا خاپور
گنانی، پالە، بشی شارەزور
شن و، کێنیکان، ودیل شینا
مرد ازا ،تلی، رۆژی هوینا
بزیکانیکا، هرمز و هویچ کس
روشت زردوشتر،ماننەوبی دس

* لەکتێبی: (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی)ی "رەشید یاسەمی" چاپخانەی ئیران لاپەرە ١١٩ (دیانت ومعتقدات) بەم شێوەیە هاتووە:

هورمزگان رمان، اتران کژان
ویشان شاردەوە، گورە گورکان
زور کار، ارب، کردنە خاپور
گنای، پالە، هتا شارەزوور
شن، کنیکان ودیل بشینا
میرد ازا، تلی و روی هینا
روشت زردشترە مانوە بیکس
بزیکا نیکا هورمز و هیوچکس

* لە زاری کرمانجی حوزنی موکریانی، ژمارە (٢١) ساڵی چوارەم (١٩٣٠)، لاپەرە (١٩) لەژێر ناونیشانی (سەرمایەیەکی گرانبەهای مێژووی کوردان!) دا هاتووە:

هورمزگان رەمان اتیران کوژان
هۆشیان شارەوە گەڤرە گەڤرەکان
زۆر کرە عارەب کوردی نە خاپور
گەنانە پالە بەشی شارەزوور
ژن و کەنیکان وەدیل بە شینان
مەرد ازا تیلین ژروی هەوینان
رەوشی زەردەشت مایەوە بیدەس
بیزکانا کت هورمز وە هیچ کەس

* لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلادین سەجادی)، لاپەرە (١٢٩ چاپخانەی مەعاریف) بەم شێوەیە هاتووە:

هورمزگان رمان ئاتران کژان
ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆر کار ئارەب کردنە خاپور
گنای پالەیی هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وەدیل بشینا
میرد ئازاتلی وەروی هوینا
رەوشت زەرد شترە مانو بی کەس
بزیکانیکا هورمز و هیوچ کەس
واتە: مزگەوتەکان پەرستگا ئاتەشکەدەی



زەردەشتیەکان وێران کران و ئاگرەکان کوژێنرانەوە، خۆیان شاردەوە گەورە گەورەکان... زۆرداری و جەوری عەرەب وێرانیان کرد دێهاتی کرێکارەکان تا دەگاتە شارەزوور، ژن و کچەکانیان بە دیل گرت، پیاوی ئازا تلی ئەدا لەناو خوێندا.. رەوشتی زەردەشت بە بێ کەس مایەوە، بەزەیی نایەتەوە ناهورامزدا بە هیچ کەسێکدا...

پاش خوێندنەوەی شیعرەکە و ماناکەی، با بزانین رای نووسەران بەرامبەر بەم هۆنراوەیە چییە؟.

* مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) لە (مێژووی ئەدەبی کوردی ) (ل.١٣٠) دەڵێ:

(من) ناتوانم بچمە ژێری بڵێم بوونەکەی راستە یان راست نییە، چونکە نە خۆم ئەم پارچە چەرمەم دیوە کە ئەم شیعرانەی لێ نووسراوەتەوە، نە لەقسەی رۆژهەڵاتناسێکیشدا بەرچاوم کەوتووە، بەڵکو تەنیا قسەیەکە.

*مامۆستا (رەشید یاسەمی) لە لاپەرە (١٢٩)ی کتێبەکەیدا (کورد) باسی ئەکات، ئەویش بەبێ ئەوە بیگەیەنێتەوە بە کەسێك یان سەرچاوەیەك!

* بەرێز (ئەنوەری سوڵتانی) لەکتێبی: **(کەشکۆڵە شعرێکی کوردی گۆرانی)** لاپەرە (٣٩)دا دەنوسێت: (من نەمتوانی سەری ئەو هەودایە بدۆزمەوە و بزانم شیعرەکە، کەی؟ چۆن؟ لە کوێ؟ دۆزراوەتەوە و ئێستا لە کوێ راگیراوە؟ **مەخابن هەندێ سەرچاوەی کوردی ئەم شیعرە نەزانراوە، نەناسراوەیان، وەك یەکەمین شیعری کوردی دوای ئیسلام لە قەڵەم داوە!).**

* ( ئەحمەدی شەریفی) لە رۆژنامەی (رزگاری) ژمارە (٢) ساڵی (١٩٩٣)دا دەڵێ:

(پێم وایە "دکتۆر سەعید خان" ئەم شیعرەی "هورمزگان"ی داناوەو داویە بە "ملك الشعراو"ئەویش بڵاوی کردۆتەوە).

* (د.کەمال فوئاد) لە گۆڤاری (**گۆڕین**) ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٧٥) لەقەولی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر (تۆفیق وەهبی) بە گەورە دەنووسێ، کە ئەم شیعرە لە لایەن (دکتۆر سەعید خانی کوردستانی وداماو موکریانی)یەوە ساز کراوە.

* (د.جەمال نەبەز) لە کتێبی:( زمانی یەکگرتووی کوردی) ل١١١دا دەڵێ: (ئەمە پەنجا ساڵ پترە کە لەگەڵ سەرچاوەی کوردیو بیگانەدا هەواڵێك بڵاودەکرێتەوە، بەوبۆنەیەوە کە گوایە دەروێشێك لەدەشتی شارەزوور پارچە پێستێکی دۆزیوەتەوە، بەرێنووسی پهلەوی چوار دێڕ هۆنراوەی کوردی لەسەر نووسراوە کە هۆنەرەکەی گوایە ئاخ و داخی هەڵکێشاوە بۆ ئایینی زەردەشتی کە چۆن لەلایەن هێرشبەرانی عەرەبی موسڵمانەوە لەنێوبراوەو سکاڵا لە دەست ئەو هێرشبەرانە دەکات کە چۆن ژن و کچی کوردیان بە دیل گرتووەو خوێنی خەڵکیان رشتووە.....

**ئەوەی راست بێ ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی ساختەیەو، دەستکردەو بە پێی زانستی زمانەوانی دەتوانین پیشانی بدەین کە کوردییەکەی ناتوانێ ببێتە کوردی دەوروبەری پەیدابوونی ئیسلام).**

ئەو تێبینیانەی کە لەسەر ئەم هۆنراوەیە هەن و لەو سەرچاوانەدا کە باسمان کردن تۆمار کراون، ئەمانەن:

١- رای زۆربەی نووسەران لەسەر ئەوەن کە ئەم هۆنراوەیە دانراوی **(د.سەعیدی کوردستانی)**یە، ناوبراو چەند کارێکی کردووە، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە : (ئەمانەتی زانستی)ی نەپارستووە و، ئەو دەستنووسانەی کە دەستی کەوتوون، دەستکاری کردوون، یان لە جیاتی ئەوەی بڵاویان بکاتەوە فرۆشتوونی بە مۆزەخانەکانی دەرەوە، بۆ نمونە:

* کاك (ئەسعەدی سیراجەدین) دەڵێ: (دکتۆر سەعید خان)، ئەو سێ قەباڵەی بە فێل لە دەستی (شێخ عەلائەدین) دەرهێناوە و گەرچی بریار بووە دوای نیشاندانی بە پسپۆڕان بیانداتەوە بە شێخ، ئەو کارەی نەکردووە و، هەرسێکیانی فرۆشتوون( کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی) (ل٣٨).

* (ئایتوڵلا مەردۆخی) دەڵێ: من لە کتێبخانەکەی خۆماندا سێ دەستنوسی هەورامیم پێدا، یەکێکیان دیوانی (مەحزوونی) یا بێسارانی بوو کە باپیرم بە خەتی خۆی نوسیبووی، لەگەڵ دیوانی مەعدومی (مەولەوی) و رۆستەم و زەرد هەنگەکەی (مەلا مستەفای دڵدڵی) بەڵام نازانم ئەوانە چییان بەسەرهات!! (سەرچاوەی پێشوو).

٢- شیعری (هورمزگان) هەروەك دەبینرێ (قافیە)ی هەیەو (قافیە)کەشی زۆر لە شیعرەکانی کتێبی (مزگانی) دکتۆر (سەعید خان) دەچێ.

٣- ئەو پارچە پێستە ئاسکەی کە ئەم شیعرەی لەسەر نوسراوە چی لێ هاتووە؟.

٤- ئەم شیعرە بە چ خەتێك لەسەر ئەم پارچە پێستە نووسراوە؟.

٥- کێ خوێندویەتییەوە؟.

٦- کام پرۆفسیۆری خەتناسی ئێرانی یان هەندەرانی ئەو کوردییەیان زانییوە، هەتا پارچە پێستەکە بگۆڕن و بیخوێننەوە؟.

٧- بۆ شیعرەکە قافیەی هەیەو پەنجەیی نییە؟.

٨- بۆ بەجیاوازییەوە لەکتێب و گۆڤارەکانی کوردی و فارسیدا چاپ بووە؟.

٩- وشە (شن) بەمانای (ژن) لە چ زمان و زاراوەیەکدایە؟ چونکە ئەم وشەیە بە ئاوێستایی (غن)و بە پەهلەوی (زن)و بە هەموو شێوەو زاراوەکانی گۆرانیش هەر (ژن)ە، ئەی (شن) لە کوێوە هاتووە؟

١٠- وشەی (گنای یان گونای) بەمانای (گوندو دێ و ئاوایی) وشەیەکی کرمانجی سەرووە، لەم شیعرەدا چ دەکا؟ ئایا نیشاندەری ئەوە نییە. کە کوردی زانێکی باش و "خوێندەوار" ئاشنا لەگەڵ زاراوەی کرمانجی سەروو دایناوە!؟ چونکە بە زاراوەکانی گۆرانی دەبێتە (دەگا).

١١- وشەی (هورمزگان یان هرمزگان) بەمانای پەرستگا و ئاتەشگە، لەم شیعرەدا چۆن ساز کراوە؟ چونکە ئەم وشەیە بەم مانایە نەلە زاراوەکانی کوردیدا هەیەو، نەلە ئاوێستاو و نەلە پەهلەویدا، بەم شێوەیە وشەیەکی ئاوا نییە ئەم مانایە بدات بەدەستەوە. رۆژنامەی رزگاری ژ (٢) ساڵی ١٩٩٢.

پاش ئەو تێبینیانەی کە خستمانە روو دەرکەوت کە شیعری (هورمزگان) ئەسڵ و ئەساسی نییەو، دانراوی (د.سەعیدی کوردستانی)یەو، ئەم کارەشی پاش وەرگەڕانەکەی لەئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەنجام داوەو، ویستوویەتی لەرێگای ئەم هۆنراوەوە دەمارگیری نەتەوایەتی ببزوێنێت و، کوردان هان بدات بۆ دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەداخەوە هەندێ نووسەریش بە ویست بێت یان نا، کەوتوونەتە ناو ئەم هەڵەیەوەو بڵاویان کردووەتەوە کە دوورە لە راستی و، هیچ کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام داگیرکەر نەبووەو لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا نییە کە کورد بەرەنگار سوپای ئیسلام بووبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەسوپای رزگارکەریان لەدەست داگیرکەرانی فارسی زانیوە و لەو رۆژەوە کە ئیسلام هاتۆتە کوردستان خەڵکی کورد بەدڵ و بەگیان باوەشی میهرەبانییان بۆ ئەم ئایینە کردۆتەوەو، بەسەدانی وەك (ئیبن سەلاح و ئیبن خەلەکان و ئیبن مستەوفی)ی پێشکەش بەشارستانیەتی ئیسلامی کردووە.

جا بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ژیانی دانەری هۆنراوەی (هورمزگان) بین، ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لەژیانی (مەلا حەمە سەعیدی کۆن)و (د.سەعید کوردستانی تازە):

(مەلا محەمەدی سنەیی) پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی گەورەی سنە، خوا کورێکی تری پێ بەخشی و بەم بەخششە خواییە زۆر دڵخۆش بوو، بۆیە ناوی نا (محەمەد سەعید) کە پاشتر لە خۆشەویستیدا بوو بە (حەمە سەعید).

(حەمە سەعید) لەساڵی ١٨٦٢ی زایینی لەشاری سنە لەدایك بووەو منداڵیکی زیرەكو زیتەڵو لێهاتوو بووەو، لەسەرەتای ژیانیدا تووشی کارەساتی زۆر هاتووە، تەمەنی لەچەند مانگێك تێپەری نەکردبوو دایکی بەهۆی نەخۆشیەوە لەدونیا دەرچووە، پاش ماوەیەك باوکی ژنی هێناوەتەوەو (حەمە سەعید) کەوتۆتە بەردەستی باوەژن، بەڵام باوەژنێکی دلۆڤان و خانەدان و بەسۆزو بەزەیی، زۆری نەخایاند ئەمیش کۆچی دوایی کرد، دوای دایك و باوەژنەکەی و بە چەند ساڵێك کە هێشتا تەمەنی (حەمە سەعید) حەوت ساڵ تێپەری نەکردبوو باوکیشی لە دونیا دەرچوو، (حەمە سەعید) کەوتە دەست برا گەورەکەی و، پورێکی کە بە گەنجی لێی قەومابوو و بێوەژن کەوتبوو.

کاکەی جێگەی باوکی بۆ گرتەوە و، زۆری خۆش دەویست و حەزی دەکرد (حەمە سەعید)ی برای بخوێنێت و مەلای چاکی لێ دەربچێت.

(حەمە سەعید) لەتەمەنی هەشت ساڵێداو لەمزگەوتەکەی باوکیدا چووە بەر خوێندن لای کۆمەڵێ مەلای چاك و شارەزاو زانا پلە بە پلە بەرەو پێش دەچوو، هەتا وای لێهات خوێنەوارێکی چاکی لێ دەرچوو، هەر بە مێردمنداڵێ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت و لە مزگەوتەکەی باوکیدا دەستی کرد بە وانە وتنەوە.

لەساڵی (١٨٨٧) کۆمەڵێ قەشەی مەسیحی بۆ پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی هاتونەتە (سنە)و لەوێ نیشتەجێ بوون، لەگەڵ مەلاکانی شاری سنە قسەو باس دەکەوێتە نێوانیان، خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدولموئمینی سێیەم) کە یەکێك بووە لە مەلا چاکەکانەی سنە گفتوگۆیەکی دورو درێژی لەگەڵ قەشەکاندا کردووە و لە موناقەشەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە، قەشەکان بەرامبەر جەنابی شێخ دەستەوسان و داماو بوون و دەکرد، ئەویش زۆر هەوڵی ئەدا ئەم پەیوەندیە بشارێتەوە، کار گەیشتە ئەوەی ماوە ماوە سەردانی ورمێ بکات و لەگەڵ قەشەدا کۆببێتەوە، لەیەکێك لە سەردانەکانداو لەکلێسایەکی (ورمێ)داو لەسەر دەستی گەورە قەشەی ئەوێ، بە تەواوەتی مەسیحی بوونی خۆی رادەگەیەنێت و ناوی خۆشی لە (مەلا حەمە سەعید)ەوە دەکات بە (میرزا سەعید)و مێزەرەکەی فرێدەدات.



هیچیان بۆ نەکراوە، یەکێ لە قەشەکان ناوی (قەشە یوحەنا) بووەو، شارەزاییەکی باشی هەبووە لەزمانەکانداو، بەشوێن یەکێکدا دەگەڕا کە فێری زمانی فارسی بکات، پاش ماوەیەکی کورت ئاشنا دەبێت بە (مەلا حەمە سەعید)و دۆستایەتی لەگەڵدا پەیدا دەکات و، بەوشەی جوان و بریقەدار، و پێدانی کتێبی جۆراوجۆر دڵی (حەمە سەعید) رادەکێشێت و فریوی دەدات و دەیکات بەمەسیحی و لەئاینی پیرۆزی ئیسلام وەری دەگەڕێنێت.

پەیوەندی نێوان قەشەو (حەمە سەعید) بە نهێنی بەردەوام دەبێت بەبێ ئاگاداری کاکی و دەوروبەری، لەبەر ئەوەی ئەم قەشەیە لە(ورمێ) دادەنشێت و زوو زوو سەردانی (حەمە سەعید)ی

پاش ماوەیەك کاکی و خەڵکی شارەکە بەم نهێنیە دەزانن و لەژێر فشاری خەڵکی سنەدا رادەکات و هەڵدێ بۆ هەمەدان، لەوێ تێکەڵاوی ئەرمەنی و جولەکەو مەسیحیەکان دەبێت و، جلی ئەرمەنی لەبەر دەکات، بەڵام لەوێش خەڵکی وازی لێ ناهێنن و فشاری زۆر بۆ دەوڵەت دێنن تا دەستگیری دەکەن و دەیخەنە زیندان.

پاش زیندانیکردنی، مژدەبەخشەکان بۆی تێدەکۆشن و لەزیندان رزگاری دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ ورمێ، شایەنی باسە لەو کاتەدا کە لە هەمەدان دەبێت، بووە بە مامۆستای منداڵەکانی (قەشە شەمعونی ئەرمەنی)و پاشان بووە بە زاواشی و لە (١٨٨٨/٦/٤) ژن دێنێ.

پاش ماوەیەك لەگەڵ تیمێکی مژدەبەخشەکان رەوانەی ئەوروپا دەکرێت و، لەسەر بانگهێشتی مژدەدەرێك بەناوی (مستەر هاگبرك) رەوانەی سوید دەکرێت.

لەساڵی (١٨٩٣) دەگاتە ستۆکهۆڵم، لەپایزی هەمان ساڵدا دەچێت بۆ بەریتانیاو لەوێ لەکۆلێژی پزیشکی دەخوێنێت و دەبێت بە دکتۆرو لەساڵی (١٨٩٥) دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، دەڵێن ئەم گەڕانەوەیەی لەسەر داوای شای ئێران بووە، کە ئەوکات شا نەخۆش بووە.

(حەمە سەعید)دەبێت بە(د. سەعید)و لەتاران سەرقاڵی کاری پزیشکی و لەپاڵ ئەویشدا کاری مژدەبەخشی بە ئاینی مەسیحی دەبێت، شەو دەخاتە سەر رۆژو رۆژ دەخاتە سەر شەو بۆ ئەم ئاینە تازەیەی و، هەڵدەستێ بە وەرگێرانی ئینجیل بۆ شێوەزاری هەورامی و لەشێوەی هۆنراوەداو لەژێر ناوی (مزگانی) بە چاپی دەگەیەنێت.

هەر لەم کاتەداو لەماوەی مانەوەی لەتاراندا دۆستایەتی لەگەڵ شاعیران و نوسەرانی تاراندا پەیدا دەکات، کە یەکێك لەوانە (محمد تقی ملك الشعراء بهار) بووە کە نوسەرێکی بەناوبانگ بووەو سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی شیعری کۆنی ئێرانی بووە بە هەموو تیرە و نەتەوەکانیەوە.

جا لەو کاتەدا کە خەریکی دانانی کتێبی (شعر در ایران) بووە داوای یارمەتی و سەرچاوەی لە (د. سەعید)، کردووە ، ئەویش شعری (هورمزگان)ی داوەتێ –کە خۆی دایناوە– و وتویەتی ئەمە کۆنترین هۆنراوەی کوردییە ! (**ملك الشعراو**)یش بێ سێ و دوو بڵاوی کردۆتەوە و بە یەکەم هۆنراوەی کوردی داویەتی لە قەڵەم، پاش ئەویش (**رەشید یاسەمی**)ش دەقاودەق شعرەکە نەقڵ دەکات و بە دوای ئەویشدا نوسەران وەك (**مەردۆخی و سەجادی**) نەقڵی دەکەن.

بێینەوە بۆ سەرباسی بەسەرهاتی (د. سەعید) لە هاوینی ساڵی (١٩٩٢)دا دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و لە سنە بانگهێشت دەکرێت بۆ سەر عیلاجی نەخۆشیی (ئەمیر عەلائەدین) کە لە (خەسرەو ئاوا) نەخۆش بوو، پاشان بانگ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی نەخۆشیی (وکیل الملك) چارەسەر بکات، لەوێشەوە بانگهێشتی هەورامان کرا بۆ چارەسەری نەخۆشیی (سوڵتانی هەورامان)، لەو سەردەمەشدا (شێخ عەلائەدین)ی نەقشبەندی کچێکی نەخۆش دەبێت، ئەویش دەنێرێت بە دوای (د. سەعید) بۆ چارەسەری نەخۆشی کچەکەی و، لەم سەفەردا (د. سەعید) چەند قەباڵەیەکی نوسراو لە شێخ وەردەگرێت، پاش ئەم گەشتە دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان پاشان بۆ تاران و لە ساڵی (١٩١٣) جارێکی تر سەردانی لەندەن دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و سەرقاڵی هەردوو کارەکەی دەبێت (دکتۆری و مژدەدەری) و کاری یەکەمی دەکاتە خزمەتکاری کاری دووەمی و بەوە ناوبانگ دەردەکات.

هەتا ساڵی (١٩٣٩)ی زایینی و لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا و لە هەمەدان کۆچی دوایی دەکات و لە گۆرستانی مەسیحییەکان بە خاك دەسپێردرێت.



# دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە شمشێر

## ئایا ئیسلام بە شمشێر بڵاو بۆتەوە ؟

محمد مەلا سعدالدین گەردی



لەو ڕۆژانەدا و لە بەرێگا جۆر بەجۆرەکان کۆمەڵێکی تێنەگەیشتوو لەمێژوو هەوڵی ناشیرن کردنی مێژووی ئیسلامی دەدەن، بە درووست کردنی شوبهە و گومان لەدڵی مسوڵمانانداندا، جا لەبەر ئەوەی کە دام و دەزگاو ڕێکخراو و پارەو سامان هەموی لەخزمەت ئەوان دایە ئەوا ووتەکانیان قالبێکی وای وەرگرتووە کە خەڵك وای لێ تێبگەن کە ووتەکانیان ڕاستە، وەلەبەر زۆر دووبارە کردنەوەی ئەو وتەیە، ئەوا خەڵك گوێیان بۆ ئەو وتانە شل کردووە و بە ڕاستی دادەنێن.

دادپەروەران ئەوە دەزانن کە ئیسلام تاکە ئاینە کە ڕێگای بە خەڵکی ئەو وڵاتانە داوە کە بەڕووی ئیسلام دا دەکرانەوە ئەوا لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە، لەکاتێکدا کە ڕۆمانەکان دەیەکی خەلکی ئەو وڵاتانەیان دەکوشت کە یاسای ڕۆمانیان جێبەجێ نەکردبا !

ڕۆژئاوا پێوستی بە چاردە سەدە هەبوو دوای ئیسلام تا بگاتە ئەو ڕێکەوتنانەی جنێف کە پەیوەستە بە ڕەوشتەکانی جەنگ لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕێکەوتنانە هێشتا کەمترن لە لە داب و نەریتەکانی ئیسلامی لەکاتی جەنگدا کە کوشتی پیرە پیاوان و و منداڵان و ئافرەتان حەرامە ،و پیاوانی دینیش نابێ دەستیان لێ بدرێت و وە هەروەك چۆن ئیسلام قەدەغەی ئەوەش کردووە کە دار و درەخت ببڕێت، وە ئەو شتانەی کە لە جەنگە نوێیەکان دەیبینین لە چەکە فۆسفۆریەکان و ناوەکیەکان هەمووی لەئیسلام حەرامن.

بیرۆکە سەرەکیەکەیان ئەوە نیە کە داخۆ ئیسلام بە شمشێر بڵاو بۆتەوە یانیش نا، ئەوەتا گەورەترین گردبوونەوەی ئیسلام لەرۆژهەڵاتی ئاسیایە وەك ئەندەنوسیا و مالیزیا، گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی ئەندەنوسیایە کە ژمارەی دانیشتوانی لە موسوڵمانان دەگاتە ٢٠٠ ملیۆن، هەرچەندە ئەو وولاتانە هێزی ئیسلامیان نەگەیشتوەتێ بەڵکوو بە ڕێگای بارزگانە مسوڵمانەکان ئیسلام بوینە، سەیری ئیسپانیەکان و پورتوگالیەکان و لەدوای ئەوانیش ئینگلیز و فەڕەنسیەکان کاتێك وولاتەکانیان داگیرکردووە چۆن شارستانیەتیەکەیان لەناو بردوون و ئاسەواریان نەهێشتوون ! لەکاتێکدا تەماشای وڵاتە مسوڵمانەکان بکە و بزانە داخۆ چەند جۆرە نەتەوایەتی تێدایە ؟ هەر لەو کوردستانە، ئەگەر ئیسلام بە شمشێر بڵاو بباوە بۆچی هەندێك خەڵك لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان دەمانەوە ؟ لەوانەش جولەکە و مەسیحیەکان، کەتا بەخۆشی خۆیان جولەکەکان عیراقیان جێ نەهێشت ئەوا ڕۆلێکی دیاریان هەبوو لە کۆمەلگاکەماندا، وزۆربەی کایە بازرگانیەکان هەروەك باب و باپیرانمان دەیگێڕنەوە لەدەست ئەوان دابووە، باشە ئەگەر ئیسلام بەشمشێر هاتبێتە کوردستان ئەدی بۆچی هەموو خەڵکی نەکردۆتە موسڵمان؟ یان بۆچی لەناوی نەبردینە ؟.

لەوانەیە لەدەوڵەتێکی ئیسلامی هەندێك جار زۆرینەکەی مسوڵمان نەبووبن، لەوانەش دەوڵەتی هیندستان، کە تالەژێر دەستەڵاتی موسڵمانان دابوە هەر زۆرینە دانیشتوانەکەی مسوڵمان نەبووینە ! کە نزیکەی هەشت سەدە لەژێر دەستەڵاتی موسڵمانان دابووە و بەردەوامیش مسوڵمانەکان کەمینە بوون.

بەڕاستی ڕاستیەکە ئەوەیە کە هەر ئیسلام لێیدراوە و بە فرۆکە و چەك و هەموو جۆرەکانی ئازار دان لەهەر شوینێك کە کەمینە بووبن.

ئەگەر یەکێك بەزۆر بکرێتە ئیسلام دوایی وازی لێ دەهێنێ کە زۆریەکەی لەسەر نەما، بەڵام ئێمە گەلە مسوڵمانەکان دەبینین کە لەناویشیاندا کوردە ئەوا هەر کاتێك ئیسلام بێ هێز بوبێت و لاواز بوبێت ئەوا بەرگریان لێ کردوون و بەگیان و بەدڵ لەپێناویدا جەنگاون .

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئیسلام گەیشتبێتە هەر شوێنێك نەچۆتە ناو کارو باری ئاینی ئەو شوێنە و کەسیشی بەزۆر نەکردیتە ئیسلام .

با دوژمنانیش ئەوە بزانن کە ئیسلام کەس قەبوڵ ناکات بەزۆر ببێتە ئیسلام بەڵکوو پێویستە لەسەری بەدڵ و بە گیان ئیسلام بێت و دینەکە بەتەواوی قەبول بکات .

چەند پرسیارێکیان لێ بکەین : باشە کە ئێوە دەڵێن ئیسلام بەشمشێر بڵاو بۆتەوە، ئەوا ئێمەش دەڵێن ئەی چۆن خۆی ڕاگرتووە ؟ چۆن ماوە تاکوو ئێستا ؟ ئایا تا ئێستاش بە شمشێر خەڵك دەبێتە ئیسلام ؟ ئەی ئەو هەموو خەڵکەی لە ڕۆژئاوا ئێستا موسڵمان دەبن بەچیە ؟ شمشێریان گەیشتوەتێ ؟ تەتارەکان چۆن موسڵمان بوون ؟ ئایا موسڵمانەکان توانیان بیانشکێنن ؟ یان بە قەناعەتی خۆیان بوونە موسڵمان ؟.

# پەیوەندی
# نێوان دینو نەتەوەیی بوون

م. رەشید وسو زراری

پەیوەندی نێوان دینو نەتەوە پەیوەندییەکی بەهێزەو کاتێکیش ئەم هێزە دەردەکەوێت کە نەتەوایەتی ببێتە هێزێکی کۆمەلایەتیو سەر بە دین بوون، یان بەرێبازێکی دینی بوون دەبێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر جیابوونەوەو سەربەخۆ بوونی ئەو نەتەوەیە، لەوانەیە ڕابەران و پێشڕەوانی بزوتنەوەکان بەو ڕادەیە نەکەوتبنە ژێر کاریگەری دینەوە، بەڵام کاتێك کە بزوتنەوە بە هێز دەبێت یان دەتوانێت دەوڵەت پێکبهێنێت ئەوسا پرسی دین دەبێتە یەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکان.

بۆ نموونە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی (١٥٥١-١٧٢٢)و مەزهەبی شیعەی دونزە ئیمام، ئەگەر دەسەلاتدارانی ئێران ڕوویان نەکردبا شیعەو، ئەگەر شا ئیسماعیلی سەفەوی ئەو مەزهەبەی بە دینی ڕەسمی ئێران ڕانەگەیاندبایە، ئەوا ئەمڕۆ ئەگەری ولاتێك یان چوار چێوەیەکی سیاسی سەربەخۆ بەناوی ئێران بەم تایبەتمەندییەی ئێستا بوونی نەدەبوو، یان دەوڵەتی سووری مەزهەبی عەلەوی .

ئەگەر بەوردی سەیری ئێرلەندا بکەین بەتەواوی دەبینین هۆکاری دینی مەزهەبی دەورێکی لە ڕادە بەدەرو گەورە دەبینێت چونکە ئەو ئێرلەندایەی کەسەر بە مەزهەبی پرۆتستانین واتە "هەمان مەزهەبی بەریتانییەکان " داوای یەکێتی دەکەن لەگەڵ بەریتانییەکان بەلام ئەوانەی سەر بە مەزهەبی کاسۆلیکین داوای جیابوونەوە دەکەن کە(سوپای کۆماری خواز"ira" و ڕێکخراوی شین فین) نوێنەرایەتی ئەم بەشەی ئێرلەندا دەکەن .




هەرچەندە دین بە تایبەتی دینە گەورەکان وەکو دینی ئیسلام، مەسیحی، بووزایی، کە دینی میللەتێکی دیاری کراو نین توانیویانە سنووری نەتەوەکان ببەزێنن بەڵام نەتەوەکانیش توانیویانە لە ڕێگای مەزهەبەکان و لێکدانەوەی جیاوازەوە کاریگەری خۆیان لەسەر دین بەجێ بهێڵن.

ئەگەر تەماشای دینی مەسیحی بکەین بەهەر سێ مەزهەبە سەرەکییەکەیەوە (ئەرسەدۆکس، کاسولیك، پرۆتستانت) بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری ڕەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی نەتەوەکانو بەرژەوەندی هێزە دەولەتیەکانیش لەسەر ئەم دینە گەلێك زۆرە دابەش بوونی ئەوروپا بەسەر سێ بەشی دینی ڕۆژهەلاتی بەشی زۆری ئەرسەدۆکسی، ناوەڕاستی کاسۆلیك، ڕۆژئاوای بەزۆری پرۆتستانین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەپەیدابوون یان ڕاستر پێکهێنانی دینی نەژادی دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی واقیعی خۆسەپێنەر، ئەگەر بەوردی تەماشای ناوەڕۆکی دینی ئێرانی (بەهەردوو بەشی فارسی و کوردی) بکەین یەك مەسەلەی گرنگ دەبینین ئەویش ئەوەیە کە ناوەڕۆکی دینی ئەم ولاتە (زەردەشتی، ئەهلی حەق، شیعەی دوانزە ئیمام و تەسەوف) هەمان ناوەڕۆکی دینی (میهرو زەدەشت) واتە (مرۆڤی خودایی)و فەرهەنگی مرۆڤگەرای ئارییایی یە .

بەڵام بە دەربڕینی ئیسلامی وەکو دینی نەژادی ئێرانی ماوەتەوە وڵات و دەولەتی ئێرانیش بەردەوام لەهەولی ئەوە دابوون ئەم پرسە دینی یە بپارێزن و بەردەوامی بکەن، مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە ئاینی دا هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێك لە میللەتان بەهۆی جیاوازی دینی یانەوە بوونەتە دوو میللەتی جیاواز وەکو جیاوازی نێوان سرب و کرواتەکان لە کاتێك دا کە هەردووکیان سەربە نەژادی سلاڤین، سربەکان بەهۆی مەزهەبی ئەرسەدۆکسیەوە لە کرواتە کاسۆلیکەکان جیابوونەوە و تا ڕادەی جیابوونەوەی ڕێزمانو ڕێنووسی زمانیش (سربی بەپیتی سبر یلی یان سلاڤی دەنووسن)و (کرواتەکان بە حەرفی لاتینی دەنووسن) تەنانەت کرواتەکان بەرەو ئەوە دەچن لە کۆمەلەی زمانی سلاڤییەوە بپەڕنەوە بۆ ناو خێزانی زمانە لاتینیەکان ئیتالی، فەرەنسی، ڕۆمانی، پورتوگالی، ئیسپانی).

سەرەنجام پرسی دینی و نەتەوەیی دەبێتە یەکەیەکی پێکەوە گرێ دراو زۆرجاریش چارەسەر کراو لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەت و نەتەوەکانەوە بۆ یەك بوون و هاوئاهەنگی بوونی سەرچاوەکانی بون و مانەوەی ئەو نەتەوە، وڵات و دەوڵەت.

# چوون بەرەو شارستانیەت هەنگاوی عەمەلی دەوێت

ئیبراهیم بایز

لە زوو زەمانێکەوە لە کاتی خوێندنەوەمدا رستەیەکی فەلسەفیم بەرچاو کەوت، کە دەڵێ: شیکردنەوە (التحلیل قبل الترکیب)، دیارە مەبەستەکەش ئەوە بووە، گەر بتەوێ هەر کارێك یان شتێك دروست بکەیو هەستی پێ بکرێ، پێویستە لە پێشەوە بزانین ئەو داهێنانە نوێیە چی پێویستە لە تاکە جۆراوجۆرەکان (مفردات متنوعة) لە یەکتریان ببەستین بۆ لە دایکبوونی ئەو کارەی کە بیرۆکەمان بۆی ئەچێ.

بەمانایەکی دیکە ئامادە کردنی زەمینەیەکی لەبار لە هەموو روێکەوە، بەڵام یەك لایەنی کەم بێ، یان لە ئاستی پێویست نەبێ، بێشك لەنگیەك دروست دەکاو بۆ داهاتویەکی نزیك تووشی دارمانیش دێو جێی متمانەش نابێ، ئەو بابەتە وەك هەر دوو تای تەرازوو وایە، گەر هاوسەنگ نەبی، بەماناکەی خۆمان نادادپەروەریەك نیشان دەداو هەر تاکێك لەناو کۆمەڵگە بۆ تاکەکەی دیکە باسی دەکاو بابەتەکە بڵاودەبێتەوەو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خاوەنی ئەو تەرازووە دەبێ بەرامبەر تەرازووەکەی لەگەڵ خەوە کوتکە (بەهەولێری خۆمان) ئاشنا بێت..



کۆمەڵگەی کوردەواریش بە واقعی ئێستای وەك هەردووتای تەرازووەکە وایە، گەر پارێزگاری لە دابو نەریتەکەی نەکرێو هەر درزێكو لەنگیەکی تێ بکەوێ تووشی پەتاو لەرزینەکی چاوەڕوان نەکراو دەبێ، هەر لەبەر خاتری ئەو واقعەشە لە هەموو سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەکانی مەحافیلی دەولیدا بە پەیوەندیەکانیشەوە ڕێزو حورمەتو پارێزگاری کردن لەو دابو نەریتەی خۆمان خاڵێکی گرنگو بووە، گەر سەرەکیش نەبوبێ لەبەر ئەوەی پێناسەی گەلەکەمان بووە، وەك هەموو گەلانی جیهان کە دابو نەریتی خۆیان پاراستووە، ئەوەتا ڕۆژی تەماتەی ئیتاڵیو ساڵی کەروێشکی چینیو رێز گرتن لە گا لە نیمچە دوورگەی هیندو لەخۆدانو خۆنیشاندانی ساڵانەی شیعە... هتد.

بۆیە خوێندنەوەی باوەری پێکهاتەی کۆمەڵگا کارێکی ویستو دروستە بگرە زۆر پێویستەو سەپاندنی کۆپی وڵاتان بە تایبەتیش وڵاتانی پێکەوتوو بەسەر واقعی ئێستای خۆمان کاریچکی زۆر لەنگو هەڵەیەو بگرە قەبولیش ناکرێ، نەك تەنها لەبەر بوونی بۆشاییەکی دوورو درێژ لە نێوان ئەو دوو واقعەدا بەڵکو دەست بەرداری کەلەپوورو دابو نەریتی سەدەها ساڵ شتێکی دوورو درێژ لە نێوان ئەو دوو واقعەدا، بەڵکو دەست بەرداری کەلەپوورو دابو نەریتی سەدەها ساڵ شتێکی ئاوا سووكو سادە نیە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستان، کە تا ماوەکی هەندێ دووری داهاتووش هەر لە ژێر چەتری بەندەکانی خێڵەکی رزگاری نابێ، گەر هەندێك لەو واقعە بە دڵیشمان نەبێ، کە ئەمەش شتێکی شاراوە نەبووە تاکو تازە بیدۆزینەوە، بەڵکو هەمووشمان هەستی پێدەکەین لە پێش هەمووشمانەوە رۆشنبیرانو سیاسەتمەداران، ئەوەش مانای ئەوە نیە ئارەزوومان نەبێ بە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، یان هەولی بۆ نەدەین، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ، نەوەك بە بازدان، چونکە بازدان بەسەر قۆناغێك بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا وەك ئەوە وایە یەکێك لە تاریکییەوە بگوازرێتەوە بۆ رووناکیەکی بەهێزی تیشکی خۆرەوە، مەزەندەی لێ بکە ئاخۆ چاوی ئەو کەسە لەو گۆڕانکاری (قفزە)یە چی بەسەر دێت..

نمونەمان هەیە لەو بازدانە لەرووی سیاسیشەوە ئەوەتا یەکیەتی سۆڤیەتو هاوڕێکانی چۆن بەرەنگاری هەموو ئەوروپای سەرمایەداریان کرد، بەڵام ئێستا لە کوێن؟ ئایا هۆکارەکەی خودی قۆناغەکە (سۆسیالیستی) و ئەدەبیاتەکەی بووە، یان بڕیارەکانی تاکڕەویو بازدان بەسەر قۆناغێك بووە؟ ئەگەر وا نیە بۆچی تاکە وڵاتێك لەو وڵاتە سەرمایەدارانە نەگەڕاونەتەوە بۆ

قۆناغی دەرەبەگایەتی و پێشووترو پاشەکشەیان نەکردووە؟

ئەوەتا وڵاتانی جیهانی سێیەم لەچ ئاژاوەیەکدا دەژین، مومکینە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانمان بڵێن: ئاژاوەی ئەم وڵاتانە پلانی وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتووە، کە نەوت و بازاڕ سەرچاوەکەیەتی و، وتەکەی کیسنجەر بکەنە چاوگ (مصدر)ی بۆچوونەکانیان کە دەڵێ: (هیچ وڵاتێك نەڵی: ئەو نەوتەی هەیە لە وڵاتەکەیان ئەوان خاوەنینە)، ئەمەو ئەوە دەسەلمێنێ پەیڕەوکردنی هەر بابەتێك لە بوارێك لە بوارەکانی بەرەو شارستانیەت پێویستی بە خوێندنەوەی کۆمەڵگاو زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ قەبوڵکردنی و، هەمووشمان هەوڵی نەپساوەی بۆ ئەدەین بە ئامرازی جۆراوجۆر بۆ پێشوازی و سوودوەرگرتن لەو کەرەستانەی کە لەگەڵ واقیعی ئێمەی ئێستا هاوسەنگە، کە ئەمەش بەچەند وشەیەکی بریقەداری بیانی (پرۆفیشناڵ، ئاکتیف، پۆزەتیف، ستارکتەر، سێکتەر، جێندەر) ناپارێندرێتەوە کە خەڵكانێك لێرەو لەوێ ماوەیەك لە دەرەوەی وڵات لەبەر هەر هۆیەك بێ ژیانیان بەسەر بردووە، مومکینە لە نێویاندا هەبووە لە کورەکان ئیشیان کردبێ و، ئێستاش لە سایەی سەری حکومەتە شکۆدارەکەمان و ئاڵا پرشنگدارەکەی گەڕاونەتەوە کوردستان بە هەگبەیەکی پڕ لە وشەی دەرەکی و درکدارو، زۆر بە کیبرو بەسەری زمانیشیانەوە بە کاریدێنن و، دەیانەوێ بیان سەپێنن بەسەر کۆمەڵگاکەمان لەجیاتی بەکارهێنانی وشە شیرین و ناسکەکانی کوردەواری، کە بەراورد ناکرێ لە وەرگرتن و تێگەیشتن و هاوارپێکردن پڕ بە دڵیان بۆ بەدیهێنانی پەروەردەیەکی شارستانی، کە هەمووشمان بەبێ جیاوازی و بە شانازیەوەو بەبێ بەرامبەریش پێشوازی لێدەکەین و، هەنگاوی بێ سنووریشی بۆ داوێن و کەسیش لێی زیز نابێ.

هەندێك لەو خەڵكانەمان بونەتە چاوساغ و ڕێگاخۆشکەری زۆر لە کۆمپانیاو خەڵکانی بیانی، گەر پارێزەریشیان نەبن بۆ تالانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکەمان، هەریەکەو بە ڕێگاو بیانوویەك.

ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانمان ئەو واقیعە بە چاوی خۆیان دەبینن، کە زۆربەی ئەو کۆمپانیاو هەڵکە بیانییانە بەناوی جۆراوجۆر (وەبەرهێنان، بەگەڕخستنی هێزی کار، فێرکردن، تەندروستی،... هتد) هاتوونەتە کوردستان و ماڵی خۆیان داناوەو، بە هێمنی و بەردەوامی داهاتەکانمان (کە بە خوێنی شەهیدان هاتۆتە دی) ئاودیو دەکەن، کە لە ڕاستیدا زۆربەشیان بەکارهێنەرو (استهلاك)ین، خۆ ئەگەر تاکە کارێکیشیان وەبەرهێنەرو (انتاج)ی یەك جووت بێت، هەزارەها دوعای خێریان بۆ دەکەین.

ڕۆشنبیرانمان بەگژ کەشکەڵانی فەلەکەوە دەچن بۆ پارێزگاری کردن لە وشەی جێندەرو خوشکەکانی کەچی بۆ زەکاتی شەرعیش نایەنە مەیدان بە قەلەمە شکۆدارەکەیان ئامانجی ئەو جۆرە کۆمپانیاو خەڵکانە پێناسەو ئاشکرا بکەن، کە تەنها کۆمپانیەکانی تورکی لە کوردستان لە سنووری (٧٠٠) کۆمپانیا ئەبێ (مۆڵ و مارکێت و کەلو پەلی ناوماڵ و... هتد) خەڵکە هەژارو تێکۆشەرەکەی کوردستان چاوی بریوەتەوە لە خەوهەلسانی قەلەمە بەرهەمدارەکەی ئەو بەڕێزانە، کە ئەرکێکی سەرشانیانە بۆ شیکردنەوەو ئاشکرا کردنی هەر بابەت و بوارێك کە پەیوەندی هەبێ بە کۆمەڵگەکەمان بەتایبەتیش شێوازی هەبوونی جۆرەها لەو کۆمپانیاو خەڵکە بیانیەکان، چونکە ئاودیوکردنی تاکە دۆلارێك بە بێ بەرهەم کەم کردنەوەیە لە دابین کردنی ڕێژەیەك لە شیرو نەستەلەی پێویست و بۆ منالەکانمان بۆ توندو تۆڵ کردنی بەژن و باڵایان کە دەبنە سەرمایە داری دوا ڕۆژی وڵات.

هەبوونی ئەو کۆمپانیانە بە شێوازی ئێستایان چەند سوود بەخشن دوو ئەوەندەش زیان بەخشن ئەم ڕاستیە گەر لە لای خەڵکە هەژارەکەی خۆمان بەدی نەکرێ کارێکی عەیب و شەرمەزاریە نیە کە بە درێژای تەمەنی لە ژێر چەپۆکی درەندەترین دکتاتۆریەتی سەردەمەی ڕۆژانی تەمەنی دەبردە سەر، هەموو دەرگای پەیوەندیەکان و رادەربڕینی لێ قەدەغە کرابوو، لاوازی یان نەبوونی دەرفەتی شیکردنەوەی بوراەکانی سیاسی و ئابووری پێوە دیار بووە، بەڵام ئێستا لە ژێر سێبەری حکومەتی کوردستان و ئاڵا ڕەنگاو ڕەنگەکەی خەریکی بەرنامە دارشتنە بەرەو خۆناساندن بە جیهان و ئەدبیاتەکان و هەست کردن بە هەموو ڕووداوێکی ڕۆژانە لەگەڵ پێویستی بە ڕێگا پێشاندەرو روون کردنەوەی تاکەکان هەیە، کە ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانە بە پێی قۆناغەکانی شارستانیەت و پێناسەکردنی بابەتەکان و پێشنیار کردنی بابەتە هەنووکەییەکان و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگە.

هەمووەمان لەسەر ئەوە کۆکین کاتی چارەی خۆ نووسین بۆ وڵات نەهاتووەو زەمینەی پێویستی بۆ نەرەخساوە، هەرچەندە ئاواتی ژیان و مردنمانە، بەڵام عینادی کردنیش لەسەر ئەو سەربەخۆیە لەو کاتە وەك ئەوە وایە داوا (مریشك بکرێت هێلکەی قاز بکات) باشە ئەگەر وڵات بورای سەربەخۆی بۆ نەرەخسابێ بۆ بڵێی کۆمەڵگە بەدەر بێ لەو پێوەرە لە چەسپاندن و کۆپی کردنی مۆدێلاتی پێشکەوتوو بەسەری دا لە چاو تروکانێکاو خەڵکەکە ناچار بکەین بەرازی بوون بە هەموو ئەو شێوازە ژیانەو وشە سەیرانە کە لەو وڵاتانە بەکار هێنراوە، ئێمە ڕۆشنبیرو سەرکردەی کۆمەڵگەی کوردستانین و پێویستەو ئەرکی سەرشانی هەمووشکانە بواری پێویست و پڕ لە باوەڕەوە برەخسێنین بۆ خەڵکەکەمان بۆ بەرەو چوون بۆ کۆمەڵگای شارستانی قۆناغ بە خۆناغ و نەخشەی داهاتوو، دەبێ بەردەوامیش بیر لە ئایندە بکەینەوە وەکو نەتەوەیەك کە ڕێڕەوی کاروانەکەی بەرەو ئایندە هەڵدەنێ، بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەو کۆسپانە زاڵ بین کە دێنە پێشەوەو هەردەمیش ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە خۆشتر بکەین، با تەنها خراپەکان لە شارستانیەتی وڵاتە پێشکەوتووەکان وەرنەگرین، بەڵکو پێویستە کارو هەنگاوە باشەکانیان باش وەربگرین و ئەزمونی خۆمانی پێ ببینە پێشەوە.



# زمانی ستانداردی کوردی دروست ناکرێ دەبێ بیدۆزینەوە

سامڕەند

مامۆستا حسن زادە ڕای وابوو کە سیاسەت بۆتە کۆسپی دروستبوونی زمانی یەکگرتوو. سیاسەت نەك کۆسپی زمانە، بەڵکوو بە زەبری تلویزیۆنان ریشەی لیباسی کوردیشیان هەڵکێشا، ئەوە دوو! لە هەر کەسەش دەپرسی نەکبەتیی کورد چیە دەڵێ ئەحزاب یەك ناگرن، ئەوە ٣.

ئەورۆ وەك چۆن یەکێتی و ئیتتیفاقی خەڵك بە هۆی سیاسەتەوە بۆتە ئاوات و خەون، لیباسیش داماڵدرا، وامان لێهات بۆ زمانیش پەکو پەکو بکەین و بڵێین ئەی ڕۆ

هەزاران زانا، من وەك دەبینم پێشتر هەمانبووە. زەمانی شێخ محمود و لە وەختی قازی دا و بگەڕێوە بۆ زوو لە سەردەمی مەحوی و نالی و مەلای جزیری دا. ئەو دەم هێشتا ڕووناکبیر خۆی دە زمانی خەڵك هەڵنەقوتاندبوو و وشەی بۆی دانەتاشیبوو. زەمانی ١٠٠ ساڵ لەوە پێش جارێ ڕۆشنبیر تیۆریی بنەماڵەی زمانە هیندوئوروپاییەکانی نەبیستبوو و لە زمانی باب و باپیری نامۆ نەببوو. دوای ئەوە ڕۆشنبیر لە قسە کردنی کوردی کەوتە بیانوو و بە دوای وەهم و

زاناکان هاوار دەکەن زمانی شەڕق و غەڕب یەك ناگرێتەوە و شیمال و جنووب لێك تێ ناگەن. کەس نێ بڵێ ئەی بلیمەتەکان! لە نەتیجەی ئەو قەڵت و بڕکردنەی ئێوەوەیە کە سەر و خوار و شیمال لێك حاڵی نابن.

لە نامەی شێخ محمود مەلیکی کوردستان دا کەلیمەکان جورێکن کە خەڵکی سەرانسەری کوردستان لێی تێ دەگەن. چونکە ئەوە زمانی هاوبەشی هەموو میللەتەکەیە. ئەوە زمانی ستانداردی




ئەی ڕۆ ... خۆزگەم بە زەمانێك کورد وەك یەك قسەی دەکرد!!! خۆزگەم بەو دەمی کە دوو کورد بێ موتەرجیم لێك حاڵی دەبوون. حسن زادە ئیشارە بەو مەجلیسەی دەکا کە دوو سەرگەورەی کورد لەوێ دیلمانجیان لە مابەینی دابوو، دە نا گەل تەقەی سەری دەهات لە گەڵ بیستن و گوێدان بە قسەوباسیان.

کەس نیە بڵێ کوردە جارێ لە کوێتە؟! ڕاوەستە هەتا داب و ڕەسمی وێك هەڵکردن و غەمخۆری و مشوورخۆری لە نێو خەڵك و لەبنەماڵان دا هەڵبگیرێ و بفەوتێ و ببێتە مۆدی کۆن، جا ئەو دەم بە خۆ دەزانین.

زمانی ستانداردی کوردی کە ئێستا وا چەتوونە و بە قەولی شاعیر: سەری لێ گێژە

خەیاڵاتی زمانی هیندوئوروپایی دا کەوتە دەستێوەردان و لووت و گوێ بڕینی زمانی باب و باپیران و تێگرتنی وشەی مەسنووعی و هەڵقەندنی لۆغەتی کوردی. گەل بە دوای ئەوە دا کەوتە بژار کردنی زمانەکەی خۆی و ئەوە هەشتا ساڵە هەر وشەی لێ دەرداوێن و لە خەیاڵی خۆیانەوە بۆی دروست دەکەن و بە ڕێگای مێدیا و کتێبی دەرسی دا ڕەواجی پێ دەدەن. لێرە و لە ئاخری ڕێگا دا سەددێك دێتە پێشێ: زمانی یەکگرتوو!!

کوردییە، "ە" ی بزوێنی بەو حەددە زۆرە نیە و گ و ڤ و پ و ص و چ و شەددەی هەیە و پێی خەنی بووە. ئەو زمانەی شێخ محمود و قازی محمد و محوی و نالی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران، زمانی کوردە و لە گەڵ تیۆرییەکەی ڕووناکبیر کە لە خەیاڵی خۆی دا زمانەکان دادەنێ و ڕێکیان دەخا و لێکیان دەکا، یەك ناگرێتەوە. ڕۆشنبیر لێرە دا یان دەبێ زمانی باپیر و نەنکی هەڵبژێرێ یان فڕێی دا. ئەگەر هەڵدەبژێرێ زۆری عەڕەبییە،

ئەگەر فرێی دەدا دەبێ بۆ خۆی زەحمەتی دروستکردنی زمانێکی نوێ وە ئەستۆ بگرێ.

ئەمڕۆ ڕۆشنبیر بەدوای خۆی دا گەل ڕادەکێشێ و خۆی و خەڵکیشی تووشی قوڕەکارییەکی سەخت کردووە. بۆ هەر وشەیەی کە نەنکمان لە زاری هاتۆتە دەرێ ئەو مەجبوورە لۆغەتێك دابنێ! ! ! ئەوەش جارێ هەشتا ساڵی دیکە دەخاوێنێ هەتا بە کوللی زمانەکەمان لە لۆغەتی باپیران و داپیرانمان بەتاڵ دەکەنەوە و لە کەلیماتی فارسیی ساختە و یان داتاشراوی دەئاخننەوە. بۆیە کوردی شوێنەکان لێك تێ ناگەن و موتەرجیمیان لازمە.

زمانی فارسی ٨٠ ساڵ لەمەو پێش کەوتە هەڵدێرێکی خەتەرەوە. ئەوانیش وەك ڕۆشنبیری ئەمڕۆی خۆمان کەوتنە دوژمنایەتی لە گەڵ زمانی خۆیان و دەستیان کردە ڕاکردن لە دەست زمانەکەیان و داتاشینی وشە و وەرگرتن لە هیندێك جێ. وای لێ هات خەریك بوو کەس لە کەس حاڵی نەدەبوو و کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. ئاخری مەجبوور بوون گەڕانەوە سەر عەرەبی و ئەوەش بناغەیەکی هاوبەش دەدا کە لە ئێران دا قەومەکان وێکڕا بتوانن قسەی پێ بکەن. مەسەلەن وەختێك لە فارسی دا دەڵێ "حق" ئەوە بۆ کورد و تورك و بلوچ و عەرەب و تورکمان و خوراسانی و لوڕ و شیرازی وەك یەك قابیلی فامە و ئی هەموانە. یان کە دەڵێ انسان، بشر، عدالت، عقل، فوت، خیال، اعتبار، شکایت، صبر، ... و بە هەزاران مەفهوومی دیکە لە هەمبانەی زمانەکە دا هەیە خەزێنەیەکی هاوبەشی هەموو قەومەکانە و بە ملکی خۆیانی دەزانن، لێی حاڵین و وەك ئێسك و ستونی فەقەڕات پێکەوەی ڕاگرتوون. لێرە دا چەند قازانج بەو گەلە گەیشتووە:

١ — وەك باب و باپیران قسە دەکرێ
٢ — هەموو قەوم و زاراوەکان بە هاسانی لێی حاڵی دەبن
٣ — زەحمەتی داتاشینی وشەی تەرکیبی و دوورودرێژ و نامۆ لە کۆڵ بۆتەوە
٤ — زمانەکە دەوام و قەوامی دەبێ و بەقای پێ دەکرێ

لێك حاڵی نەبوونی کوردان ئی زاراوە و لەهجە نیە لە ئەسڵ دا. ئی ئەو هەموو وشە داتاشراوە نارەسەن و نامۆیەیە کە لەو ٨٠ ساڵە دا ڕۆشنبیر بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ تیۆریی بنەماڵەی زمانە هیندوئوروپاییەکانە کە واریدی زمانی باب و باپیرانمانیان کرد. من پێم وایە بۆ ئەوەی کوردی سەرانسەری کوردستان لێك حاڵی بن ڕێگا ئەوەیە کە لێ گەڕێین زمانی باب و باپیرانمان ئی زەمانی شێخ محمود و قازی و خانی و جزیری و نالی و محوی و سالم بێتەوە نێومان و قسەی پێ بکەین. لەوە نەترسێین کە ئەو وشانە عەرەبین. ئێمە بەڵگەیەکمان نیە کە نیشان بدا خەڵکەکەمان بە غەیری بەو لۆغەتە قسەیان کردبێ. ئەگەر لەوحێکمان هەبووایە و لە بن خۆڵ دەرمانهێنابایە کە لەو دا زمانێك غەیری ئەو شێوەیەی باپیرمانی لە سەرە، ئیدی حەوجێ بە قەرز کردن لە فارسی و داتاشین لە خۆمانەوە نەبووین. وەختێك زمانی کوردی لە گەڵ تیۆریی هیندوئوروپایی نەگونجێ دەبێ تیۆرییەکە بگۆڕدرێ نەك زمانەکە. ئەوە دیارە ئەو تیۆرییە غەڵەتە. ئەو تیۆرییە نەك هەر بۆ کوردی سیدق ناکا بەڵکوو بۆ باقی زمانەکانیش لەو مەنتەقەیە دا جواب ناداتەوە.

چۆنە ئێرانێك کە ٩ قەومی تێدایە زمانێکی وای تێ دا ڕایجە کە هەموو لێی حاڵین، بەڵام کورد کە یەك قەومە لە نێو خۆی دا لێك حاڵی نابێ؟ تازە دوای ٨٠ ساڵ ناسیۆنالیسم لە جیاتی لێك نزیك بوونەوە لێك دەکشێنەوە و موتەرجیمیان لازمە! ! ! دەلیلەکەی ئەوەیە کە لە فارسی دا بەشی زۆری لۆغات کە عەرەبییە پارێزراوە و ئەوان بۆ هەموو قەومەکان ناسراون، کەچی لە کوردی دا ئەو بەشە عەرەبییە کە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان ناسراوە تەرك کراوە و وشەی داتاشراوی لە جێی دانراوە. ئەو لووت و گوێ بڕینەی زمانی باب و باپیرانمان لەو ساڵانەی ئاخری دا شیددەتی پێدراوە و وای لێ هاتووە بەعزێك زۆر بە ئاڵۆزی و بە زەحمەتەوە قسان دەکەن. هەتا ڕیزێك کەلیمە لە ناوچەیەك دەبێتە باو، ناوچەیەکی دیکە لەو ڕیزە مەفهوومە دەبنە بێگانە. دوا ڕۆژ لەوانەیە سیاسەت وا بکا خەڵك لێك زیاتر دوور بکەونەوە. زمان هەوێنە بۆ لێك حاڵی بوون و ئەو هەوێنە کە لە وشە دا خۆی دەبینێتەوە خەریکە قوماری پێ دەکرێ. هەر وەخت ڕۆشنبیر لێ گەڕا خەڵك بە زمانی خۆی قسەی کرد، ئەو دەمە زمانی ستانداردی کوردیمان دۆزیوەتەوە





# تەنگژەی دارایی جیهانیو چارەسەریەکانی لەئابووری ئیسلامیدا

ئەردەوان مستەفا مزوری

## پێشەکی:

ئابووری ئیسلامی بەشێکی نەپچڕاوە لەسیستەمی ئیسلامی هەمووەکی، بۆیە سەرچاوەکەی ئەو ڕێبیرە گشتی و، پرەنسیپە سەرتاپایانەن، کە قورئانی پیرۆزو، فەرموودەی پێغەمبەر( g ) دایان ڕشتووەو، شەرع زانانی ئیسلام ڕێکخستنیان بۆ کردووەو، حوکمی شەرعیان لێ دەرهێناوە.

ئابووری ئیسلامی سیستەمێکی سەربەخۆوەو، جیاوازە دەگەڵ سیستەمە ئابووریەکانی باو لە جیهاندا، وەکو سیستەمی کۆمۆنیستی، کە گشت توخمەکانی وەبەرهێنان بە مۆلکی دەوڵەت دەزانێ و، ڕێگە نادا تاك خاوەنداریێتی هیچ شتێك بێت، هەروا سیستەمی سەرمایەداری، کە دامەزراوە لەسەر بازاڕی ئازاد و، تاك تیایدا دەتوانێت ببێتە خاوەنی هەموو شتێك، بەهەر ڕێگایەك بێت، حەرام بێ یان حەلال.

وەلێ سیستەمی ئابووری ئیسلامی ئازادی تاك فەراهەم دەکات بۆ خاوەنداریێتی، بەلام بەندی دەکا، بەوەی کە زەرەر لە بەرژەوەندی گشتی نەدا، مەرجەکانی وەدەستهێنانی سەروەت و سامان ڕەچاو بکات.

ئەوەی دەمانەوێ لەم توێژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر، ئەو تەنگژە داراییە کە ئابووری دەوڵەتەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا، لە کۆمپانیاو بانك و بۆرسەکانی جیهانداو، دەستنیشانی هۆکارو فاکتەرەکانی تەنگژەکە بکەین و، چارەسەریەکانی بخەینەڕوو لە ئابووری ئیسلامیدا.

## باسی یەکەم:
## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی جیهانی

### پێناسەی تەنگژە:

تەنگژە لە زمانی عەرەبیدا واتە: تەنگیو دژواری[1]. (دائرة المعارف الاجتماعية) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "ڕوودانی نارێکیەکی ترسناك و کتوپڕە، لە پەیوەندی لەنێوان خستنەڕوو و خواست دا، لە کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و سەرمایەکاندا"[2].

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تەنگژەکە[3]:

دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی تەنگژەکە کلیلی چارەسەری دروستە، وێنەکردنی شت وێنەکردنێکی دروست و ورد و بێ لایەن و بابەتیانە بەشێکە لە پێشکەشکردنی چارەسەری دروستی بابەتی پتەو.

زانایانی ئابووری جیهانی دەڵێن، لەنێوانیاندا ئەوانەی دیاری (نۆبل)ی لە ئابووریدا وەرگرتووە وەکو موریس ئالییە: "سیستەمی ئابووری سەرمایەداری لەسەر چەمك گەلێك و چەند ڕێسایەك دەوەستێت ، کە بنەمای لەناو بردنیەتی، ئەگەر چارەسەر نەکرێن و خێرا بەرەو ئاراستەیەکی ڕاست نەبردرێن".

هەروا زۆرێك لە پیاوانی ئابووری باوەڕپێکراو پێشبینیان کردووە، کە سیستەمی ئابووری جیهانی نوێ لەسەر چەند ڕێبیرێك دەوەستێت، کە سەردەکێشن بۆ ئیفلاسبوونی.

ئەوەی باسیان کردووە لە هۆکارەکانی ئەم تەنگژەیە بەپێی ڕاوبووچونیان ئەمەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** بلاوبوونەوەی گەندەڵی ئەخلاقی ئابووری وەکو: چەوساندنەوە و درۆو پڕۆپاگندەی مەبەستدارو غەش و فێڵو قۆرخکردن‌و کڕین‌و فرۆشتنی وەهمی و، ئەم لەناوبەرانەش ستەمیان لێدەکەوێتەوە، واتە: ستەمێك لەلایەن خاوەنانی کار لە دەوڵەمەندان و قەرزدەران بۆ هەژاران و نەبوان و قەرزداران، ئەمەش لەمەودوا سەردەکێشێ بۆ بۆڵەبۆڵی ستەملێکراوان کاتێ ناتوانن بەرگەی ستەم بگرن، ئەمەش لەپاشان بۆڵەبۆڵی قەرزدارانی لێدەکەوێتەوەو پەیدابوونی شۆڕشەکانی کۆمەلایەتی لەکاتی نەدانەوەی قەرزەکانیان.

**دووەم:** هەروا لە هۆکارەکانی تەنگژەکە مادده بۆتە هلگافتن (طغیان)و چەکی زۆرداران و زاڵبوون لەسەر رامیاری و گرتنبەری بڕیارە سەروەرییەکان لە جیهانداو ماڵ بووتە پەرستراوی مادديیەکان.

بوفیس فانسون:

**باوەڕم وایە ئێمە لەم تەنگژەیەدا زیاتر پێویستیمان بە خوێندنەوەی قورئان هەیە لەجیاتی ئنجیل، بۆ تێگەیشتن لەوەی تووشی ئێمەو بەنکەکانمان دەبێت، چونکە ئەگەر هەڵسووڕێنەرانی بەنکەکانمان هەوڵیان دابا ڕێز لەو ڕێنماییو ئەحکامانە بگرن، کە لە قورئاندا هاتوون‌و جێبەجێ یان بکردایە، ئەو کارەسات‌و تەنگژانەمان تووش نەدەبوو، کە ئێستا تووشی هاتووین‌و، بارودۆخمان نەدەگەیشتە ئەم بارە خراپە، چونکە دراو دراو بەدایك ناهێنێت.**

**سێیەم:** سیستەمی بەنکی ڕیبایی لەسەر سیستەمی سود (فائدة) لە وەرگرتن و دانددا دەوەستێت، هەرچەندەی ڕێژەی (فائدة) لەسەر ئەسپاردەکان (ودائع) بەرزبوو، ئەوەندەش ڕێژەی (فائدة) لەسەر قەرزە بەخشراوەکان بەتاکەکان و کۆمپانیاکان بەرزدەبێت و سوودمەندەکەش بەنکەکان و بانقەکان و ناوبژی کارانی داراییین وبارگرانی‌و ستەمەکەش دەکەوێتە سەر ئەو قەرزدارانەی، کە قەرز وەردەگرن چ بۆ مەبەستی بەکارهێنان یان بۆ مەبەستی وەبەرهێنان، هەندێ لە ئابووریناسانیش وادەبینن کە گەشەسەندنی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی دروستی هۆکارەکانی وەبەرهێنان بەدیناهێت، تەنها ئەگەر نرخی (فائدة) بووە سفر، ئەمەش گوتنی (آدم سمیث)ە، باوکی ئابووریناسان (بەپێی بۆچوونیان)، وە وادەبینن کە ئەڵتەرناتیف (بدیل) سیستەمی هاوبەشییە (مشارکة) لە قازانج و زەرەردا، چونکە ئارامی و ئاسایش بەدیدەهێنێت و،

هەروا وتوویانە کە سیستەمی سود (فائدة) سەردەکێشێ بۆ کەڵەك بوونی ماڵ لە دەستی چینێکی کەمدا، کە لەمەودوا زاڵ دەبێت بەسەر ساماندا .

**چوارەم:** سیستەمی دارایی و بانکی لاسایی لەسەر سیستەمی (جدولة الديون) بە نرخی سوودی (فائدة) بەرزتر دەوەستێت، یان گۆرینەوەی قەرزێك کە پێویستە بدرێتەوە بەقەرزێکی نوێ بەنرخێکی سوودی (فائدة) بەرز هەروەکو چۆن ریباخۆران لە نەفامی دا دەیان گوت: ((دەدەیەوە یان زیاد دەکەی (ریبادەکەی) ))، ئەمەش بارقورسی گەلێکی تر دەخاتە سەر ئەو قەرزدارەی، کە توانای دانەوەی قەرزی یەکەمی نەبووە بەهۆی نرخی سوودەکەی بەرزتر.

**پێنجەم:** سیستەمی دارایی جیهانی و سیستەمی بازاڕەکانی دارایی لەسەر سیستەمی (المشتقات المالية)[٤] دەوەستێت، کە پشت دەبەستێت پشت بەستنێکی سەرەکی بە کڕین و فرۆشتنی وەهمی کاغەزی شکڵی کە لەسەر ئەگەرەکان دادەمەزرێت و، هیچ گۆرینەوەیەکی کردەیی (فعلي) کاڵاو شتەکانی لێناکەوێتەوە، ئەوان (المشتقات المالية) خودیان ئەو قومارو گرەوانەن، کە لەسەر شانس و چارەنووس (قدر) دەوەستن، ئەوەی کارەساتترو تاڵترە ئەوەیە کە زۆربەیان لەسەر متمانەکان (ائتمانات) لەبەنکەکان دەوەستن لە شێوەی قەرزەکانداو، کاتێ بایەکانیش بەجۆرێك دێن، کە کەشتیەکان پێیان خۆش نیە ، هەموو شتێ دەرووخێ و تەنگژەی دارایی دروست دەبێت.

**شەشەم:** بەربڵاوی و تێپەراندن لە پراکتیزەکردنی سیستەمی (بطاقات الائتمان)[٥] دا بەبێ رەسید (السحب على المكشوف) کەوا لە خاوەنەکانیان دەکات بەرگەی تێچوو گەلێکی بەرز بگرن بەهۆکاری تەنگژەکە دادەنرێت، کاتێ خاوەنی کارتەکە ناتوانێ ئەو قەرزداریەی لەسەریەتی بداتەوە، نرخی سوودی بۆ زیاد کراو بەم جۆرە تاوەکو حیجزی لەسەر دادەنرێت یان بارمتەی ئۆتومبێلەکەی یان خانووەکەی، ئەمەش بەکردەیی بۆ زۆرێك لە هەڵگرانی ئەم کارتانە ڕوویداو کەموکورتی لێکەوتەوە لەبودجەی ماڵداو بووە هۆیەك لەتەنگژەیەك لەهەندێك بەنکە ریباییەکاندا.

## باسی دووەم: چارەسەریەکانی تەنگژەکە لە ئابووری ئیسلامیدا

### خواستی یەکەم: پەیرەوی ئابووری ئیسلامی بۆ خۆپاراستن لە تەنگژە داراییەکان:

خۆرازاندنەوە بە ڕەوشتە بەرزەکان و، خۆدوورگرتن لە ڕەوشتە خراپەکان، لەبواری کڕین و فرۆشتندا، ئامرازێکە بۆ خۆپاراستن لە تەنگژە داراییەکان، چونکە گەندەڵێ ڕەوشتی یەکێکە لە هۆیەکانی تەنگژەی دارایی، وەلێ ئابووری ئیسلامی هانی بازرگانی موسڵمان دەداو فەرمانی پێدەکا، کە پابەندی ڕەوشتە بەرزەکان بێت لەکاتی کڕین و فرۆشتن و وەبەرهێناندا، بۆ ئەوەی حیکمەتی ڕەوایی کڕین و فرۆشتن بێتە دی، کە وەدەستهێنانی عەدالەتە لەنێو هەردوو لای گرێبەستدا.

لە خوارەوەدا، گرنگترین ڕەوشتەکان باس دەکەین:-

ڕەوشتی ڕاستگۆیی و درۆنەکردن: ئیسلام داوای لە موسڵمان کردووە، ڕاستگۆ بێ و درۆ نەکا، بەتایبەتی لە کڕین و فرۆشتندا، کە بازرگان پەنا دەبات بۆ درۆکردن لەسەر کاڵاکەی و خزمەتگوزاریەکەی، بۆ فریودانی کڕیار، تەنانەت سوێندی بەدرۆشی لەسەر دەخوا، ئەمەش کارەساتی بازاڕە نێودەوڵەتیەکانە، پێغەمبەر ( g ) دەفەرموێ: {إِنَّ التُّجَّارَ يُبْعَثُونَ يوم الْقِيَامَةِ فُجَّارًا، إلا من اتَّقَى وَبَرَّ وَصَدَقَ}[٦]. واتە: بازرگانەکان لەدوارۆژدا بە تاوانباری زیندوو دەکرێنەوە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە لەخواترساوەو، ڕاستگۆ بووە.

دەستپاکی و فێڵ نەکردن: ئیسلام هانی بازرگانی موسڵمانی داوە، کە دەستپاك بێ و، فێڵ نەکا لە بازرگانیدا، چونکە خیانەت و ئەمانەت پێکەوە کۆنابنەوە. پێغەمبەر ( g ) دەفەرموێ: {لاَ يَجْتَمِعُ الصِّدْقُ وَالْكَذِبُ جَمِيعاً، وَلاَ تَجْتَمِعُ الْخِيَانَةُ وَالأَمَانَةُ جَمِيعاً}[٧]. بۆیە پێویستە بازرگانی موسڵمان کاڵاکەی بخاتەڕوو لەسەر حەقیقەتەکەی و، ئەگەر کاڵاکەی عەیبی هەبوو، باسی بکا بۆ کڕیارو نەیشارێتەوەو، کەم و زیادە نەکات لەپێوان و کێشاندا، پێغەمبەر( g ) دەفەرمێ: {الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ. ولا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ بَاعَ من أَخِيهِ بَيْعًا فيه عَيْبٌ إِلاَّ بَيَّنَهُ لَهُ}[٨].

لێبووردەیی و زەحمەت نەبوون: لێبووردەیی و لەسەرخۆبوون کارێکی داواکراوە لەکڕین و فرۆشتندا، بۆ بەرێوەچوونیان بەرێك و پێکی، پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) دەفەرمێ: {رَحِمَ اللهُ رَجُلًا سَمْحًا إذا بَاعَ، وإذا اشْتَرَى، وإذا اقْتَضَى}[٩]. ئەم فەرموودەیە هانی لێبووردەیی بوون دەدا لە کڕین و فرۆشتنداو، ڕادەگەیەنێ، کە بازرگانی موسڵمان لێبووردەیەو، ڕەوشت بەرزەو، ڕەفتار جوانە[١٠].

وەبەرهێنان لەحەلالداو وەبەرهێنان نەکردن لەحەرامدا: پێویستە بازرگانی موسڵمان وەبەرهێنان و کڕین و فرۆشتن لەو گرێبەستانەدا بکا، کە حەلال و دروستن وەکو کڕین و فرۆشتن و هاوبەشی لەقازانج و زەرەرداو هاوبەشی لە قازانج داو سەلەم و... جگە لەمەش کە سوودی تێدایە بۆ هەردوو لای گرێبەست و ئابووریەکی ڕاستەقینە لەبەرچاو دەگرێت. لە هەمان کاتدا ئیسلام حەرامی کردووە وەبەرهێنان و مامڵەتکردن لە ریباو قومارو خواردنی ماڵ خەڵك بەنادروستو جگە لەمەش، کە لایەکی گرێبەستەکە قەڵەو دەکەن و، لایەکەی تری لاواز دەکەن و تووشی پووکانەوەی دەکەن.

شایانی باسکردنە، جێبەجێکردنی سیستەمی کارگێری (الحسبة)، لەبازارەکان و، شوێنەکانی بازرگانی و وەبەرهێناندا و، گەڕانەوە بۆ ئەو دامەزراوە شارستانیە ئیسلامیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە ڕوونەدانی قەیرانە داراییەکاندا.

### خواستی دووەم: چارەسەریەکانی تەنگژەی دارایی جیهانی لە ئابووری ئیسلامیدا

پاش دەستنیشانکردنی هۆکارو



فاكتەرەكانی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی جیهانی، لەخوارەوەدا گرنگترین چارەسەریەكانی دەخەینەڕوو لەدیدی ئابووری ئیسلامیدا:

## چارەسەری یەكەم: وازهێنان لە ڕیبا:

**پێناسەی ڕیبا:** ڕیبا لەڕووی زمانەوە واتە: زێدەیی[١١]. لەلایەن شەرعەوەش واتە: "سوود وەرگرتن بە ڕێگایەكی ناشەرعی: وەك خواردەمەنی، یان زێڕو زیوو پارە بە یەكتری بفرۆشێ بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام"[١٢].

### حوكمی ڕیبا:

ڕیبا حەرامە لە ئیسلامدا بە بەڵگەی قورئان و فەرموودەو یەكدەنگی زانایان.

خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿وأحل الله البيع وحرم الربا﴾[١٣].

جابری كوڕی عەبدوللا- ڕەزای خوای لەسەر بێت- دەگێڕێتەوە: {لعن رسول الله ( g ) آكل الربا ومؤكله وكاتبه وشاهديه. وقال: هم سواء}[١٤].

پێشەوا (النووی) دەڵێ: "موسڵمانان یەكدەنگن لەسەر حەرامی ڕیباو، لەگوناهە گەورەكانە"[١٥].

### حیكمەتەكانی حەرامكردنی ڕیبا

حەرامكردنی ڕیبا لە ئابووری ئیسامیدا حیكمەت گەلێك لەخۆ دەگرێت، لە گرنگترینیان:

ڕیبا لەلایەنی ئەخلاقیەوە كار دەكا لەسەر پەرستنی ماڵ و دەستگرتن بە ماددەوەو، ڕەقكردنی دڵ و كوشتنی هەستكردنەكانی سۆزو میهرەبانی.

هەروا لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە ڕیبا سەردەكێشێ بۆ نەمانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان و، زیادبوونی ڕق و كینە، لەدەرەنجامی كۆبوونەوەی سامان لە ڕێگەی ستەم و تەماعكاریەوە[١٦].

لەڕووی ئابووریەوەش ڕیبا سەردەكێشێ بۆ هەڵاوسان و، بڵاوبوونەوەی بێكاری لە وڵاتداو، هەرچەندەی نرخی سوود (سعر الفائدة) بەرزبێ، ئەوەندە وەبەرهێنان كەم دەبێتەوە، چونكە پێویستە قازانجی وەبەرهێنان بەلای كەمەوە سوودی سەرمایەی قەرزكراو بگرێتەوە، وەبەرهێنانیش زیاد ناكات تەنها بە كەمكردنەوەی نرخی سوود نەبێت. هەروا ڕیبا هانی پاشەكەوتكردن( اكتناز) دەدات، چونكە سەروەت و سامانی پاشەكەوتكار لەگەڵ كاتدا زیاد دەكاو كەم ناكات[١٧].

گەورە ئابووریناسانیش گەواهی دەدەن، كە ڕیبا زەرەرو زیانێكی یەكجار زۆری هەیە بۆ ئابووری و دارایی و سیستەمێكی نا تەواوو نادادپەروەرە.

(آدم سميث) -باوكی ئابووری ڕۆژئاوا- لە پەرتووكەكەیدا (ثروة الأمم) لەباسی دووەمدا داوای كردووە، كە یاساكانی قەڵاچۆكردنی ڕیبا جێبەجێ بكرێن.

هەروا (أولیفیە جیسكار دیستان) دەڵێ: "ڕۆژئاوا لەمەودوا هەڵە دەكا، ئەگەر گاڵتەی كرد بە چارەنووسە ترسێنەرەكان، چونكە سیستەمی سوود (ڕیبا) سیستەمێكی نا ئەخلاقیەو، دەبێتە هۆی شڵەژانە ئابووریەكان و دوو ئەوەندەیان لێدەكات"[١٨].

بوفیس فانسون سەرنووسەری گۆڤاری (Challenger) بابەتێكی نووسیوە بەناونیشانی (پاپا یان قورئان)، تێیدا هاتووە: "باوەڕم وایە ئێمە لەم تەنگژەیەدا زیاتر پێویستیمان بە خوێندنەوەی قورئان هەیە لەجیاتی ئنجیل، بۆ تێگەیشتن لەوەی تووشی ئێمەو بەنكەكانمان دەبێت، چونكە ئەگەر هەڵسووڕێنەرانی بەنكەكانمان هەوڵیان دابا ڕێز لەو ڕێنمایی و ئەحكامانە بگرن، كە لەقورئاندا هاتوون و جێبەجێ یان بكردایە، ئەو كارەسات و تەنگژانەمان تووش نەدەبوو، كە ئێستا تووشی هاتووین و، بارودۆخمان نەدەگەیشتە ئەم بارە خراپە، چونكە دراو دراو بەدایك ناهێنێت"[١٩].

## چارەسەری دووەم: وازهێنان لە قومار

**پێناسەی قومار:**

قومار بریتیە لە وەرگرتنی ماڵی مرۆڤ، كەچی ئەو مرۆڤە لەمەترسیدایە، ئاخۆ لەجیاتیەكەی (عوض) دەست دەكەوێت یاخود دەستی ناكەوێت[٢٠].

### حوكمی قومار:

قومار حەرامە بە بەڵگەی قورئان و فەرموودەو یەكدەنگی زانایانی ئیسلام.

خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿يا أيها الذين ءامنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم



تفلحون﴾[٢١].

پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) دەفەرمێ: {إن الله حرم عليكم الخمر والميسر والكوبة. وقال: كل مسكر حرام}[٢٢].

پێشەوا (الجصاص) دەڵێ: "هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان زانایاندا لەمەڕ حەرامی قومار"[٢٣].

### حیكمەتەكانی حەرامكردنی قومار:

قومار چەندەها زەرەرو زیان لە خۆ دەگرێت، لەنێوانیاندا: ڕاهێنانی خەڵك لەسەر پەیداكردنی سەروەت و سامان بە شانس و، ڕاهێنانیان لەسەر تەمبەڵی و ئالوودەبوون و، قومار بە چالاكیەكی نا ئابووری دادەنرێت، چونكە هیچ شتێك ناخاتە سەر سامانی كۆمەڵگا، بەڵكو سامان تیایدا دەگوازرێتەوە لەكەسێكەوە بۆ یەكێكی تر[٢٤].

هەروەكو (كینز) دەڵێ: بۆرسە لەبازارێكی ڕكابەری ئازادەوە، كە دەتوانێ بەباشی داهاتەكان تەرخان بكات، گۆڕاوە بۆ یانەیەك بۆ قومار، كە تێیدا قومارچیان گەمە بە توانا ئابوورییەكانی نەتەوەكان دەكەن[٢٥].

## چارەسەری سێ یەم: گەڕانەوە بۆ خودی سیستەمی ئابووری ئیسلامی:

جێبەجێ كردنی سیستەمی ئابووری ئیسلامی و پابەندبوون پێیەوە، خۆپاراستنە لەڕوودانی تەنگژە داراییەكان و، ڕزگاربوونە لەقەیرانە ئابوورییەكان، كاتێك سەرهەڵدەدەن، ئەم سیستەمە ئابوورییە، لەلایەن خوای گەورە دامەزرێنراوەو، پرەنسیپ و ڕێبیرەكانی لەلایەن ئەو دانداراوەو، هەر ئەویش دەزانێت چی باش و چاكە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و پێشكەوتنی و، چی خراپە بۆ مرۆڤایەتی و كاولبوونی. خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿فإما يأتينكم منى هدى، فمن اتبع هداي فلا يضل ولا يشقى ، ومن أعرض عن ذكري فإن له معيشة ضنكا، ونحشره يوم القيامة أعمى﴾[٢٦]. هەروا دەفەرمێ: ﴿يمحق الله الربا ويربي الصدقات، والله لا يحب كل كفار أثيم﴾[٢٧].

### پەراوێزەكان:

١- المعجم الوسيط: ١٦/١.

٢- الأزمة المالية العالمية (رؤية إسلامية): د.أشرف محمد دوابه، ١٢.

٣- بڕوانە: تەنگژەی سیستەمی دارایی جیهانی لەتەرازووی ئابوری ئیسلامیدا:

د.حسین حسین شحاته، وەرگێرانی: ئەردەوان مستەفا مزوری، گۆڤاری پەیرەو، ژ (٥٤).

٤- ئەو گرێبەستە لقیانەن کە وەردەگیرێن یان دادەمەزرێن لە چەند گرێبەستێکی سەرەکی بۆ چەند ئامرازێکی وەبەرهێنانی (کاغەزە داراییەکان، دراوی بێگانەیی، کالاکان...) بۆ ئەوەی لەم گرێبەستە لقیانە چەند ئامرازگەلێکی وەبەرهێنانی داتاشراو دابمەزرێن، کە پێی دەوترێ (ئەندازیاری دارایی- وەرگێر).

٥- کارتێکی پلاستیکیە کە رێگە بەهەلگرەکەی دەدا بەکرینی کالاکان و خزمەتگوزاریەکان، هەندێ جاریش دراوەکانی بێگانی بەقەرز. معجم المصطلحات الاقتصادية والإسلامية، علي بن محمد الجمعة، لا ١٠٩. وەرگێر.

٦- رواه الحاكم في المستدرك (كتاب البيوع)، رقم (٢١٤٤)، ٢/٨. وقال: (هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه).

٧- رواه أحمد في المسند عن أبي هريرة (رضي الله عنه) رقم (٨٥٧٧)، ٢/٣٤٩.

٨- رواه ابن ماجه في سننه عن عقبة بن عامر (رضي الله عنه)، (كتاب التجارات، باب: من باع عيبا فليبينه)، رقم (٢٢٤٦)، ٢/٧٥٥.

٩- رواه البخاري في صحيحه عن جابر بن عبدالله رضي الله عنهما، (كتاب البيوع، باب: السهولة والسماحة في الشراء والبيع ومن طلب حقا فليطلبه في عفاف)، رقم (١٩٧٠)، ٢/٧٣٠.

١٠- بروانە: باخچەی رەوشتەکان روونکردنەوەی الأربعون الصغرى للإمام البيهقي، ئەردەوان مستەفا مزوری، لا ٦٨.

١١- المعجم الوسيط: ١/٣٢٦.

١٢- رووناکی رب العالمين روونکردنەوەی منهاج الطالبين: عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی، ٣/١٧.

١٣- البقرة: ٢٧٥.

١٤- رواه مسلم في صحيحه، (كتاب المساقاة والمزارعة، باب لعن آكل الربا ومؤكله)، رقم (١٥٩٨)، ٣/١٢١٩.

١٥- المجموع: يحيى بن شرف النووي، ٩/٤٨٧.

١٦- الاستثمار في الإسلام: د.أشرف محمد دوابه، لا ٩٣.

١٧- بروانە: التطبيقات المعاصرة لسبل الاستثمار المحرمة في منظور الاقتصاد الإسلامي: أردوان مصطفى إسماعيل، نامەی ماستەر، ٢٠٠٩ز، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، لا ١٤-١٥.

١٨- المنهج التنموي البديل في الاقتصاد الإسلامي:أ. د. صالح الصالحي، ص٣٤٧.

١٩- الأزمة المالية العالمية (رؤية إسلامية): د. أشرف محمد دوابه، لا ١٣٩-١٤٠.



٢٠- مجموع الفتاوى: ابن تيمية الحراني، ١٩/٢٨٣.

٢١- المائدة: ٩٠.

٢٢- رواه البيهقي في السنن الكبرى عن ابن عباس (رضي الله عنهما)، (كتاب الشهادات، باب: ما يدل على رد شهادة من قامر بالحمام أو بالشطرنج أو بغيرهما قال الله تعالى إنما الخمر والميسر الآية)، رقم (٢٠٧٣٢)، ١٠/٢١٣.

٢٣- أحكام القرآن: الجصاص، ٢/١١.

٢٤- فقه المعاملات المالية: د.رفيق يونس المصري، ص ١٣٣، ١٣٤.

٢٥- الأزمة المالية العالمية (رؤية إسلامية): د.أشرف محمد دوابه، لا ١١٦.

٢٦- طه: ١٢٣-١٢٤.

٢٧- البقرة: ٢٧٦.

## سەرچاوەکان بەعەرەبی:


- أحكام القرآن: أحمد بن علي الرازي الجصاص (ت:٣٧٠هـ)، تحقيق: محمد الصادق قمحاوي، دار إحياء التراث العربي/ بيروت، د.ط، ١٤٠٥هـ.
- الأزمة المالية العالمية (رؤية إسلامية): د.أشرف محمد دوابه، دار السلام/ مصر، ط ١، ١٤٣٠هـ-٢٠٠٩م.
- الاستثمار في الإسلام: د.أشرف محمد دوابه، دار السلام/ مصر، ط ١، ١٤٣٠هـ-٢٠٠٩م.
- التطبيقات المعاصرة لسبل الاستثمار المحرمة في منظور الاقتصاد الإسلامي: أردوان مصطفى إسماعيل، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين/ كلية العلوم الإسلامية، ٢٠٠٩ز.
- سنن ابن ماجه: محمد بن يزيد القزويني (ت:٢٧٣هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار الفكر/ بيروت، د.ط.ت.
- سنن البيهقي الكبرى: أحمد بن الحسين بن علي بن موسى البيهقي (ت:٤٥٨هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز/ مكة المكرمة، د.ط، ١٤١٤هـ-١٩٩٤م.
- سنن الترمذي: محمد بن عيسى الترمذي (ت:٢٧٩هـ)، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، دار إحياء التراث العربي/ بيروت، د.ط.ت.
- صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل البخاري (ت:٢٥٦هـ)، تحقيق: د.مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير/ اليمامة - بيروت، ط ٣، ١٤٠٧هـ- ١٩٨٧م.
- صحيح مسلم: مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت:٢٦١هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي/ بيروت، د.ط.ت.
فقه المعاملات المالية: د. رفيق يونس المصري، دار القلم/ دمشق، ط ١، ١٤٢٥هـ- ٢٠٠٥م.
- مجموع فتاوى ابن تيمية: أحمد عبد الحليم بن تيمية الحراني (ت:٧٢٨هـ)، تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي النجدي، مكتبة ابن تيمية/ ط ٢، د.م.ت.
- المجموع: يحيى بن شرف النووي (ت:٦٧٦هـ)، وتكملته للسبكي، ومحمد نجيب المطيعي، مكتبة الإرشاد/ جدة، د.ط.ت.
- المستدرك على الصحيحين: محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري (ت:٤٠٥هـ)، طبعة متضمنة انتقادات الإمام الذهبي، دار الحرمين، ط ١، ١٤١٧هـ-١٩٩٧م.
- مسند الإمام أحمد بن حنبل: أحمد بن حنبل الشيباني (ت:٢٤١هـ)، مؤسسة قرطبة/ مصر، د.ط.ت.
- المعجم الوسيط: إبراهيم مصطفى، أحمد الزيات، حامد عبد القادر، محمد النجار، تحقيق: مجمع اللغة العربية، دار الدعوة، د.م.ط.ت.
- المنهج التنموي البديل في الاقتصاد الإسلامي: أ. د. صالح صالحي، دار الفجر/ القاهرة، ط ١، ٢٠٠٦م.


## سەرچاوەکان بەکوردی:


- تەنگژەی سیستەمی دارایی جیهانی لە تەرازووی ئابوری ئیسلامیدا: د.حسین حسین شحاتە، وەرگێرانی: ئەردەوان مستەفا مزوری، گۆڤاری پەیرەو، ژ (٥٤)، ٢٠٠٩ز.
- رووناکی رب العالمین روونکردنەوەی منهاج الطالبین: عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر/ ١٤٢٢ ك- ٢٠٠١ز.
- باخچەی رەوشتەکان روونکردنەوەی الأربعون الصغرى للإمام البيهقي، ئەردەوان مستەفا مزوری، چاپی یەکەم، هەولێر/١٤٣٠ ك- ٢٠٠٩ز.

# موحەممەد ( h ) بۆچی هات و چی کرد؟




مودریك عەلی عارف

لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی‌و ژیانی دونیادا، هەر کەسەو کارو ئەرك‌و بەرپرسیارێتییەکی هەیە کە پێویستە ئەنجامی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەو پلەو پایەیەك کە هەیەتی ئاستی گەورەیی‌و گرنگی‌و سەنگینی بەرپرسیارێتی‌وئەرکەکەی دەستنیشان دەکات، ئەرك‌و بەرپرسیارێتی ڕیسالی بوون‌و (پەیامداری)و مەسئولییەتی (پێغەمبەرایەتی) نبووەت، گرنگترین‌و گەورەترین‌و قورسترینی ئەرکەکانی مرۆڤە لەدونیادا، ئەرکەکەشی دوو لایەنەیە: مەسئولییەت بەرامبەر بە خواو بەرامبەر بە مرۆڤ و خەڵکی خوا.

کاتێك کە بەوردی تەماشای قورئانی پیرۆز دەکەین‌و سەرنج لەژیانی پێغەمبەران بەگشتی –سەلامی خوایان لێبێت– دەدەین، دەبینین کە بەشێکیان کۆڵ‌و باری (پەیامداری) سەرشانیان زۆر قورس‌و دژوار بووە، لەناو ئەوانیشدا پێغەمبەرانی (ئولولعەزم) زۆرترین ئەرك‌و ماندووبوون‌و دژواریان هاتووەتە ڕێ‌و سەنگینی‌و گەورەیی پەیامەکەیان لەئاستێکی زۆر فراواندا بووە، پەیام‌و ئەرك‌و بەرپرسیارێتی دوایین پەیامبەری ئیلاهی موحەممەد –درودی خوای لێبێت– وەك سەرقافڵەی کاروانی (ئولولعەزم)یش لەترۆپکی گەورەیی‌و گرنگی‌و سەنگینیدایە، ئەمەش وادەکات کە پێویست بێت زۆر بە جددی لەسەر پەیامەکەی‌و ژیان‌و کەسێتی ئەم سەروەرو پەیامبەرە ڕاوەستین‌و هەڵوێستەی قوڵی لەسەر بکەین‌و لێیتێبگەین‌و پەیڕەوی بکەین.

لەسۆنگەی ئەم پێشەکییە کورتەی سەرەوە، دەتوانین کاری سەرەکی پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد –درودی خوای لێبێت– لەڕوانگەی ئەم دوو ئایەتە پیرۆزەی قورئانەوە تێبگەین‌و مەغزای پەیامەکەی لەم ئایەتانەدا کۆبکەینەوە، کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللهُ عَلَى الْمُؤمنينَ اذْ بَعَثَ فيهمْ رَسُولاً منْ أنْفُسهمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ ءَايته وَيُزَكّيهِمْ وَيُعَلّمُهُمُ الكتَابَ وَالْحكْمَةَ وَانْ كانُواْ منْ قَبْلُ لَفى ضَلالٍ مُبينَ﴾ آل عمران/١٦٤،و ﴿هُوالَّذى بَعَثَ فى الأُميّينَ رَسُولاً منْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيهمْ ءايته وَيُزَكّيهمْ وَيُعَلّمُهُمُ الكتابَ وَالحكْمَةَ وَانْ كانُواْ منْ قَبْلُ لَفى ضَلالٍ مُبينٍ﴾ الجمعة/٢.

تێگەیشتنەکەشمان بۆ ئەم ئایەتانەو کارو ئەرك‌و بەرپرسیارێتی پێغەمبەر –درودی خوای لێبێت– بەم شێوەیەی خوارە پۆلێن‌و ڕیزبەندی بکەین:

١– فێرکردن (تعليم)ی مرۆڤ بە پەڕاوو بەرنامەو ڕێبازی ژیان، چونکە وەك سەروەر خۆی فەرموویەتی: (انَّما بُعثْتُ مُعَلّماً) ئەو هاتووە کە فێری چ شتێکمان بکات؟ گرنگترین دەرس‌و وانەیەك کە ئەو سەروەرە خۆشەیستە فێری مرۆڤایەتی دەکات، برتییە لەوانەی (ئازادی‌و ئازادبوون) چونکە ئازادی کەرامەت‌و حورمەتی مرۆڤبوونی خۆمان پێ دەناسێنێ‌و چێژی ئیختیارو سەرپشك بوونمان پێ دەبەخشێ.

ئەم وانەیەش لە ڕوانگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەوە فێرمان دەکات کە دەفەرمووێ: ﴿فَأَعْلَمْ أَنَّهُ لا الهَ الاَّ اللّهُ﴾محمد/١٩، کورتەو گوشراوی تێگەیشتن لەم دەق‌و ئایەتە پیرۆزەش لەو بڕگەو ماددە سەرەکییەی دەستووری ئیلاهی‌و ئاسمانیدایە کە دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنا فى كُلّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنْ اعْبُدُواْ اللهَ وَاجْتَنبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ کە ئەمە کارو ئەرکی سەرەکی هەموو پێغەمبەران‌و پەیامی ئەوەڵ‌و ئاخیریان بووە، چونکە لە (ئازادی‌و ئازادبوون)دا مرۆڤ هەست بەپێگەو مەقامی ئینسانییەتی خۆی دەکات‌و دوور دەکەوێتەوە لەهەموو یاخی بوون‌و سەرکەشی بوون‌و کەسێکی یاخی‌و سەرکەش.

٢– پەروەردەکردن (تزكيه)و پاڵفتەکردنی مرۆڤەکان لە بیرکردنەوەو گوفتارو ڕەفتاری خراپ‌و ناباش، پەروەردکردنی مرۆڤ بە پاراستنی بەها ئەخلاقییەکان‌و برەودان بەڕەوشت‌و ئاکارو بەها باڵا ئەخلاقییەکان، ئەم پەروەردەکردنە یەکێکە لەگرنگترین ئەرك‌و بەرپرسیارێتییەکانی سەرجەم پێغەمبەران‌و پێغەمبەری خۆشەویستمان –سڵاوی خوایان لێبێت– کە بریتی بووە لە تەواوکردن‌و برەودان بە ئاکارو ڕەوشتە باش‌و جوانەکان، وەك حەزرەت خۆی دەفەرمووێ: (انَّما بُعثْتُ لأُتَمّمَ مَكَارِمَ الأَخْلاق) کە ئەرك‌و بەرپرسیارێتی خۆی کورت دەکاتەوە لەتەواو کردنی ئاکارو ئەخلاق‌و بەها باڵاکان‌و گەشەپێدانیان.

٣– ڕەفتارو هونەری ژیان‌و مامەڵەکردن (حیکمەت)، ئەو حیکمەتەی کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووەو بووەتە ئەرك‌و مەسئولییەتی سەروەرمان، لە ئەمڕۆدا بەشێکی بریتییە لەسیاسەت‌و بەشێکی بریتییە لە هونەری پێکەوە ژیان‌و بەڕێوەبردنی حکومەت‌و دەزگاو فەرمانگەکان، بەشێکی بریتییە لەحیکمەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی‌و مامەڵەی خێزان‌و ئەندامانی بنەماڵەو ژن‌و مێردو هتد، بۆیە دەبێ باوەڕداران بەگشتی‌و پەیامداران بەتایبەتی، لە هەموو کەس زیاتر بایەخ بەم چەمك‌و بوارە گرنگە بدەن، چونکە وەك سەروەر دەفەرمووێ: (ألحكمَةُ ضَالَّةُ المُؤْمنِ أنَّى وَجَدَها فَهُوَ أحَقُّ بها).

فەلسەفەو کرۆکی (حیکمەت)یش، بریتییە لەوەی کە بە دادپەروەری‌و عەدالەتەوە مامەڵە بکەیت، لەپاش پاراستنی بەها ئەخلاقییەکان‌و قییەم‌و ئاکارە باش‌و جوانەکان، عەدالەت پێوەری قیمەت‌و نرخی ئینسانی بوونمان بێت، بەو شێوەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) تەماشای مرۆڤەکانی کردووە، ئێمەش تەماشای مرۆڤەکان بکەین‌و مامەڵەیان لەگەڵ بکەین‌و هەڵیانسەنگێنین، تێڕوانینمان تێڕوانینێکی عادیلانەو دادپەروەرانە بێت، پێوەرمان لەم بوارەدا ئەم فەرموودانەو چەند فەرموودەیەکی هاوچەشنی ئەم فەرموودانە بێت، کە دەفەرمووێ: (ألا لا فَضْلَ لعَرَبى عَلَى أعْجَميٍ وَلا لأبْيَضَ عَلَى أسْوَدَ الاّ بالتَّقْوى) و (ألنَّاسُ سَواسيَّةٌ كَأَسْنانِ المشْطِ).

# بێخودو چوارینەکەی بۆ پێغەمبەر( h )

ادیب نجم الدین قەرەداغی

هەرکات چیرۆکێك، یان ڕووداوێکی سەیرو جیاوازم بینیبێت، هەوڵم داوە بچم لەنزیکەوەو تاکو بکرێت لەو کەسە خۆیەوە یاخود ئەوەی بۆی گێڕاوەتەوە، تۆمار بکەم و وەریبگرم تاکو نەفەوتێن و بگات بە کەسانی دیکە..

ڕووداوی ئەم جارە شتێکی زۆر نامۆیەو زۆربەمان نەمانبیستووە، ئەویش چیرۆکی کوێربوونی بێخودی شاعیرە، کاتێك لە ماڵەکەی کەرکوکی دەبێت و بینایی چاوەکانی لەدەست دەدات و تەواو کز و لاواز دەبێت و دەچێتە نەخۆشخانەیەك بەناوی (کەی.وەن)ـەوە لەو شارە، بەڵام پزیشکەکان لێی بێ ئومێد دەبن و بەبێ هیوایی دەگەڕێتەوە حوجرەکەی خۆی لە کەرکوك.. بۆیە زۆر خەفەت دایدەگرێت و تەواو پەژارە باڵ بەسەریدا دەکێشێت و ئەم شیعرە دەنووسێت کە لە خۆشەویستیی حەزرەتی (رسول اللّـە)دا( h ) دەینوسێت و دەڵێت:

**یارسول اللہ چ باشد بابی میهرت وا شود**
**پرتوی درکولبه الاحسان من پیدا شود**
**دیدەیی یعقوب روشن بوو بەبویی چون رواست**
**باغەبانی ڕەوضەیی نعتی تو نابینا شود**

***** **** ****

**چی دەبێ ئەی ڕەهبەری کول دەرکی لوطفت وابێ**
**شوعلەیێ بۆ ماڵی تارکیی دڵم پەیدا بێ**
**چاوی یعقوب خۆ بەبۆێ ڕوون بوو ئەی بۆ ئەبێ**
**باغەوانی باخی مەدحت کوێر و نابینا بی؟!**

بۆیە بۆ ڕۆژی دوایی کە لە خەوهەڵدەسێت، چاوەکانی چاك دەبێتەوە و بینایی تەواویان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمیش زۆر ئاسوودە دەبێت بەو حاڵەی و سوپاسی خوای خۆی زۆر دەکات لە سەری!! دواتر ملی ڕێدەگرێت تاکو دەگاتە هەڵەبجە، کاتێك دەگاتە ئەوێ، دەبینێت وا فەقێیەك لە بەر خۆیەوە ئەم شیعرە دەڵێت و خەریکە لە بەری دەکات، کاتێك کە بێخودی شاعیریش گوێی لەمە دەبێت، زۆر سەری سوڕ دەمێنێت! بۆیە لێی نزیك دەبێتەوە و پێی دەڵێت: ئەم شیعرە چیە تۆ لەبەری دەکەیت؟ فەقێکەش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەمە مامۆستاکەم پێی داوم و فەرموویەتی هەرکەسێك ئەم شیعرە لەبەر بکات یان بەدڵ بیخوێنێتەوە ئەگەر چاوی کز و لاواز ببێت، ئەوا چاوی چاك دەبێتەوە، کە مامۆستاکەی لە مامۆستا (شێخ علاالدین)ی بیارەی وەرگرتبوو.. (سبحان اللّە) بێخود لە کەرکوك نووسیویەتی، ئەم لە هەڵەبجە لەبەری دەکات بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئەو شیعرەی دیبێت یان بیستبێتی.. بۆیە بێخود ڕوودەکاتە بیارە و دەچێتە خزمەتی شێخ عەلادین و عەرزی دەکات چۆن ئەو شیعرە دەست تۆ کەوتووە؟!

ئەویش لەوەڵامیدا دەڵێت: تۆ وازت لە ئێمە هێناوە.. بەڵام ئێمە واز لەتۆ ناهێنین.. سوێند بەخوا ئەم شیعرەم لە خودی پێغەمبەر h وەرگرتووە و فەرمووی: ئەوا شیعرەکەی بێخودمان قبووڵ کرد!! — بۆیە دوای ئەوەی کە بێخود وتبووی دوای شێخ (نجم الدین) ئیتر کۆتایی بەو تەریقەتە هاتووە و ئەوانی تر ناتوانن شوێنی بگرنەوە، لە دوای ئەمەوە تەواو دڵی باش دەبێت و دەبێتەوە موریدێکی موخلیسی ئەوان...

تێبینی: ئەم چیرۆکەم لە کاك (حاجی غفور) بیست کە ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانییە و ماڵەکەی لە نزیك باخی گشتی دایە – کە تەواو نەخۆش کەوتووە بۆیە پێویستی بە دوعای خێرە– کە ئەو لە براکەی خۆی بیستوو کە بێخود خۆی بۆ ئەوی گێڕابوویەوە..

adebqaradaghi@yahoo.com



# ژیانو ژینگەی عەرەب پێش هاتنی پێغەمبەر(د.خ)و مەلۆیەك لە خەرواری هەوڵو هیمەتی ئەو ئازیزە

م. محمد مەلا محمود تاوگۆزی*

بۆ ئەوەی ئاشنای ئەو هەوڵو ماندووبوونانەی پێشەوای ماندونەناسمانبین حەزرەتی موحەمەد (د.خ)، بەکورتی دەگەڕێینەوە سەردەمی نەفامی، واتە پێش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئەوەی بزانین ئەم مرۆڤە مەزنە لەگەڵ ئەو هەمووە ناهەمواریەدا چ گۆڕانکاریەکی گەورەو بەرچاوی کردووەو چۆن بەرەنگاری دابونەریتە ناڕەسەکان بووەتەوە.

لەپێش هاتنە دنیای پێغەمبەردا (د.خ): دورگەی عەرەبی لەوپەڕی دواکەوتوویو نەفامیدا بوون، نەخوێندەواری، نەبوونی ڕۆشنبیری، زوڵمو ستەم، داگیرکاری، کۆیلایەتی، مەی خواردنەوە، بەرتیل خۆری، سود خۆری، خوێنڕێژیو ئافرەت کوژی، ناوو ناتۆرە لێکنانو، زۆرێکی دی لەڕەوشتە ناپەسەندەکانی ئەو سەردەمە، باڵی کێشابوو بەسەر ئەو ناوچانەدا، خەڵکی لەسەرگەردانیدا دەژیانو حەقیقەتیان ون کردبوو، پرسارگەڵێك بێ وەڵام بوو، جیهان بەگشتیو عەرەب بەتایبەتی کۆمەڵگەیەکی بێ ئیرادەو دەسەڵاتێکی بێ ئیدارە بوون.

ئاغاییو دەرەبەگایەتیو تیرەگەری لەسیما دیارەکانی ئەو دەمانە بوون، یاسایەك نەبوو فەرمانڕەواییەکی دادگەرانە پیادەو بەرجەستە بکات، هەستی بەرپرسیارێتی نەمابوو، ژیان بەرەو کەناری نەمان دەچوو، ویژدان لەوپەڕەی لاوازیدا بوو، تاریکیو بەدڕەوشتی شەپۆلی دەدا، هیچ ئومێدێك بۆ داهاتوو بەدی نەدەکرا، خەڵکی لە هەموو بوارێکی ژیاندا دۆڕابوون.

لەبواری ئایینیدا: لەڕووی ئایینیەوە دواکەوتوو بوون، بتو دارو بەردو ئەستێرەو ئاگریان دەپەرست، تەنانەت ئەهلی کیتابیش لەئایینەکەی خۆیان لایاندابوو، حەقیقەتیان شێواندبوو، کە ئەمەش حەقیقەتێکی چەسپاوەو خوای گەورە لەچەندین شوێندا باسو بەیانی کردووە.

لەبواری ڕۆشنبیریدا: لەم بوارەشدا زۆربەی دورگەی عەرەبی نەزانو نەخوێندەوارو دواکەوتوو بوون، هەروەك خوای گەورە ئەم دیمەنەمان دەخاتە پێش چاوو دەفەرموێت: (**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**) **الجمعة: ٢.**

لەبواری کۆمەڵایەتیدا: لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لەوپەڕی لاوازیو بەرەڵاییو خراپیدا بوون، وەکو ئاژەڵ دەژیان، پەیوەندی نێوان ژنو پیاو لە هەموو خوو ڕەوشتو مەردایەتیو مرۆڤایەتیەك بەدوور بوو، ئافرەتان وەکو کاڵاو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، دەکڕرانو دەفرۆشران، خزمایەتیو سۆزو بەزەیی وەلانرابوو، باوك منداڵی خۆی دەکوشتو سەری دەبڕی، "ئەگەر کوڕ بوایە لەبرسا، وە ئەگەر کچ بوایە لەشەرما"، چونکە نەنگی بوو بەلایانەوە کچیان هەبێتو باوکی کچبن، خوای گەورەش سەبارەت بەم هەڵوێستەیان دەفەرموێت: (**وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا**) **(الإسراء: ٣٠)**، دووبارە



دەفەرموێت: (**وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ**) **النحل: ٥٧-٥٨.**

لەبواری ئابووریدا: لەو دەمەدا کۆمەڵگە تاکڕەوانە بوو، عەرەبەکان ئابووریەکی لاوازی سنورداریان هەبوو، چونکە دوورگەی عەرەبی بیابانێکی وشکی بەرفراوان بوو، بازرگانی تێداکردنی کارێکی ئاسان نەبوو، سود خۆریو یەکتری هەڵخەڵەتاندنو قۆرخکردنی بازاڕ بەئاشکرا بەدی دەکرا، دەوڵەمەندان هەژارانیان دەچەوساندەوە، برسێتیو هەژاری چۆکی پێ دادابوون، هەروەك خوای مەزن دەفەرموێت: (**فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ**) القریش ٢-٤.

لەبواری سیاسیدا: لەڕووی سیاسیشەوە دوورگەی عەرەبی دۆخێکی ئاڵۆزی هەبوو، تیرەو هۆزەکانی دورگەی عەرەبی پەیوەندیان پێکەوە نەمابوو، کێشەو ناکۆکی پەرەی سەندبوو لەنێوانیاندا، جیاوازی ڕەگەزیو ئایینی زاڵبووبوو بەسەریاندا، فەرمانڕەواییکردن خود پەسەندیو دیکتاتۆرانە بوو، مافخوراوان ستەم لێکراوبوونو توانای بەرگریکردنیان نەبوو، دەسەڵاتدار بێ دەسەڵاتی دەچەوساندەوەو، مرۆڤە خاوەن هێزو دەوڵەمەندەکان خاوەنی هەموو شتێك بوونو بێ هێزەکانیش کۆیلەو ژێردەستەو خزمەتکار بوون.

لەبواری ئاسایشیدا: بەهۆی کێشەی نێوان تیرەکانەوە جەنگو دژایەتیش بەردەوامبوو، ئارامیو ئاسایشی بەدی نەدەکرا، ستەمکارو دەسەڵاتداران فەرمانڕەوابوونو لەڕەفاهەتیدا دەژیان، بەڵام خەڵکانی چینی خوارەوە لەمەترسیو دڵەڕاوکەدا دەژیان، خوای گەورەش نیعمەتی ئارامیو دڵنیایی بەسەردا ڕشتنو ئۆقرەیی بۆ هەموو کۆمەڵگە گێڕایەوە، وەك دەفەرموێت: (**وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ**) القریش ٤.

لەبواری دەروونیدا: خوێنەری بەڕێز وا بۆت ڕوون بویەوە کە ئەمە دۆخ وگوزەرانی ئەو سەردەمە بووە، ئێستا چ هەستێکت هەیە؟ هەست بە چ ژیانێك دەکەی لەناو ئەو هەمووە کێشەو گرفتەدا؟ ئایا لە کەشێکی ئاوا نالەباردا هیچ بەختەوەریو ئاسۆیەکی ڕوون بەدی دەکرێت؟ دەبێت ئەو خەڵکە لە چ ناهەمواریەکدا ژیابێتنو لە چ پاڵە پەستۆیەکی دەروونیدا تەمەنیان بەڕێکردبێت؟ ئایا برسێتیو هەژاریو نائارامیو بەدڕەوشتی هیچ کەلێنێك بۆ بەختەوەری دەهێڵێتەوە؟ بێگومان وەڵامەکەی ڕوونە نەخێر!

کەواتە هەموو مانا جوانەکانی ژیانو، بەهاری بەختەوەریو ئاسودەیی هەموو چینو توێژەکان، تاکە سەرچاوە ڕۆشنو ڕوناکەکەی تەنهاو تەنها حەزرەتی موحەمەد وپەیامە ئاسمانییەکەیەتی، کەواتە شیاوی ئەوەیە بەپێشەنگی خۆمانی بزانینو بەجوانترین شێوە یادی بکەینو هەرگیز هەوڵو هیمەتەکانی فەرامۆش نەکەین.

*وتاربێژی مزگەوتی ئیمامی شافیع- هەڵەبجەی تازە

# خۆشەویستی پەیامی ژیانە"

**هەلالە محەمەد**




خۆشەویستی وزەیەکی مرۆیی و نیعمەتێکی پەروەردگارە کە بەخشیویەتی بە دروستکراوەکانی.. خۆشەویستی لەناو کرۆکی مرۆڤایەتی دایەو بنەمایەکی سەرەکییە بۆ درێژەدان بە ژیان و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، سۆز و خۆشەویستی لە ژیانی مرۆڤ دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕەنگی داوەتەوە.. کەواتە پێویستە خۆمان بێئاگا نەکەین لەو هەستە جوان و خۆڕسکەی کە پەروەردگار کردویەتیە مەدالیای خۆشی و کامەرانی تاکەکان، خۆشەویستی تاکە وشەیەکە کەگوێ یەکان دەیبیستن ودڵەکان هەستی پێ دەکەن، بۆیە مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی خۆشەویست بکات لە دڵ و چاوی دەوروبەرەکەیدا و دەگەڕێت بە دوای خۆشەویستی ڕاستەقینەدا.

دیارە کاتێک باسی خۆشەویستی دەکەین، بەهەموو ماناجوانو بەرزەکانیەوە، وەک خۆشەویستی دایکو باوک، منداڵ، خۆشەویستی نێوان هاوسەران،خوشک و براکان، هاوڕێ و خزمان، ئاین و نیشتمان...هتد

خۆشەویستی ئەو هەستەیە کە بەردەوام بە خوێنی مرۆڤدا گوزەر دەکات، لەگشت کاتو ساتو ڕوداوێکدا بوونی هەیەو دەبێتە هەوێنی گشت برینو ناسۆریەکانی ژیان، زۆرن ئەو کەسانەی کە دروشمی خۆشەویستی و خۆشەویستیکردن لە ژیانیاندا بەرز کردۆتەوە، زۆرن ئەو کیژو کوڕانەی خۆشەویستی لە سەر زاریانەو کاتە زێڕینەکانی ژیانیانی پێ بەسەردەبەن، ئەمڕۆ کە وشەی خۆشەویستی بەسەر زاری زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگاکانەوەیە بە تایبەتی لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی ٢/١٤ی هەموو ساڵێك، گەنجان و لاوانی دونیا گوڵی سورو بەرگی سورو دیاری سور بۆ خۆشەویستەکەیان دەبەن، لە ڕۆژی ڤالانتایندا ، کە ڕۆژی جیهانی خۆشەویستیە دەمەوێت بڵێم، وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد کە ژیان بەبێ خۆشەویستی و ئەم هەستە ناسك و جوانە ناڕوات، بەڵام کام و چۆن؟! ئایا بۆ ئێستا خۆشەویستی زیاتر ئاماژەیە لە نێوان کوڕ و کچێکی ڕەبەند؟! بۆ زیاتر ئەوان ئەم وشەو مانایە باس دەکەن، بۆ خۆشەویستی دایكو باوكو خاكو نیشتمانو ئاین.. هتد لە بیردەکرێت، لەم ڕۆژەدا پێویستمان بە ڕاستکردنەوەی چەمکی خۆشەویستیە، ئەو خۆشەویستیە خوای گەورە کردویەتیە پردی پەیوەندی بەهێزی خۆیو پەندەکانیو کردویەتی بە یەکێك لە مەرجەکانی چوونە ژێر عەرشی خۆی لەڕۆژی قیامەتدا، هەروەها کردویەتی بە یەکێك لە بەڵگە ئاشکراو بەهێزەکانی خۆی لەسەر ڕووی زەوی (لە نێوان ژنو مێرد).. کەواتە لەناخی مرۆڤەکاندا ئەم خۆشەویستیە خوا کردیە هەیە، و ئاماژەشی داوە بە ئاراستەکردنو ئەداکردنی لەشوێنو جێگەو کاتی خۆیدا، نەك یەك ڕۆژو بۆ بەسەربردنی کاتو تەسك کردنەوەی بازنەکە لەنێوان گەنجاندا، بەڵکو پێغەمبەری ئازیزیش ئاراستەی ئەم خۆشەویستیەی نێوان گەنجانو کوڕو کچ دەکات بە دروستکردنی خێزانو ئاوەدانکردنەوەی زەوی، وەك دەفەرموێت: (لم نر للمتحابين مثل النكاح) بیریشمان نەچێت زۆر دەوترێت خۆشەویستی بە پاکی..هتد، بەڵام زۆربەی ئەوە پەیوەندیانەی کە ئێستا لەنێوان کوڕان و کچاندا بوونی هەیە، ڕوکەشی و کات بەسەربردنو دەسبڕینە، چونکە هەموو دابو نەریتی کۆمەڵگەو لەسەرو ئەوەشەوە فیترەتی پاکی مرۆڤ پەیوەندیەکی لەو جۆرە لە دەرەوەی خێزانو بە ناوی خۆشەویستیو بۆیەکبوون لە ئایندەدا، بە ناڕاستو ناتەندروست دەزانێو هەموو ئاینەکانیش ئەم هەڵسوکەوتە ڕەت دەکەنەوە، دەگونجێ لێرەدا کەسێك بپرسێ خوا خۆی ئەم هەستەی داناوە و پاشان سزای مرۆڤەکان بۆ دەدات لەسەری؟ ئەم هەستە کە باس لە پانتاییەکەیو ئەندازەکەی ناکرێت، بەڵام ڕێگەو شوێن بۆ ئاسودەبوونی بۆ دیاری کردوە، هەر بۆیە ئەگەر خۆشەویستی دوو ڕەگەز لە دەرەوەی خێزان کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا زۆربەی جار کارەساتی ناخۆشو دڵتەزێنو هەندێ جار ئابڕووبەری لێ دەکەوێتەوە.. بەڵام ئەگەر بەڕێگەو جێگەی خۆی کاری لەسەر کراو ئاڕاستەکرا، ئەوا وەك چۆن خاتوو خەدیجە، خۆشەویستی پێغەمبەر محەمەد (درودی خوای لەسەربێت) چووە دڵیەوە و پاشان ڕێگەو جێگەی تەندروستی گرتەبەر بۆ بەدەستهێنانی هیواو ئاواتو مەبەستەکەی، خێری دونیاو دواڕۆژی پێ بەدەستهێنا، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەنجان و لاوانی ئێمەش سەربەرز و سەرفراز و ئاسوودە دەبنو دەتوانن لە ژیاندا بەخۆشەویستیو بۆ خۆشەویستیەکەیان بژین، نەك دوای ماوەیەکی کەم بەردەوام لە دڵتەنگیو دڵەتەپەو خەمۆکیدا ژیانیان بەسەربەرنو هیچ شتێکی دیکەش جێگەی نەگرێتەوە.

هەروەها پێویستە خێزانە بەڕێزەکانو دایکانو باوکان کاربکەن لە ژیانی خێزانیدا بە خۆشەویستی بژینو نەوەکانیان لەسەر خۆشەویستی پەروەردەبکەن، چونکە هەڵسوکەوتی دایكوباوك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژیانی نەوەکانیان دا ڕەنگ دەداتەوەو هەرگیز ڕێگە بە خۆیان نەدەن، خۆشەویستی لە ژیاندا پشت گوێ بخەنو کاربکەن بۆ دەربڕینو بەرجەستەکردنی ئەم وشەو مانا جوانە کە خۆشەویستییە.

# داوین پیسیو زیانەکانی بۆ لەشی مرۆڤ

مەلا نەوزاد شەرەبۆتی

بەراستی ئەوە سەر شۆریە بۆ مرۆڤیکی موسڵمان زیناکەربێ، لە بەر ئەوەی زەرەر بە جەستەی مرۆڤ دەگەینێ بەراستی ئەو کەسە لەلایەن خوای گەورە سووكو ڕیسوایە بۆیێ خوای گەورە دەفەرمووێ (ولا تقربوا الزنى إنه كان فاحشة وساء سبيلا) نزيك زينا مەكەون لێی نزيك مەبنەوە..

ئەو کەسانە کەزینا دەکەن نەفسی خۆیان توشی غەزەبی خوا دەکەن پیغەمبەر دەفەرمووێ: (لەهەر شوینێ داوین پیسی و ریبا بە دەرکەوت ئەوا بەراستی نەفسی خۆیان توشی عەزابی خوای گەورە کردووە) ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاتیك زینای حەرام کردووە مانای وا نیە سروشت و ئارەزووی مرۆڤی سەرکوت کردووە، بەڵکو سنورێکی رەوای بۆ مرۆڤ داناوە، بۆ ئەوەی حەیاو شەرمی خێزانی پتەوبێت نەفسی برسی نابێ ئەم سنووری خوای گەوەر بشکینێ، داوین پیسی بەرهەمی تەماشای حەرامە بەری پیسی ئەم نەخۆشیی دەروونیە خیانەتەو دەست دریژکردنە بۆسەر ناموس وتیکدانی خیزانە. تێکەڵاوی کردنی نەسل و رەگەزە.

چونکە ئەو ئافرەتانەی ئەو کارە خیانتکارە دەکەن دەبێ پەشیمان ببنەوە لەوکارە چ ئافرتان یان پیاوەکان باهەردوولا خیانەت لە هاوسەرەکانی خۆیان نەکەن. بەراستی هەر قورئان بتوانێ لە وشەیکی کورتدا ئەم واقعە خراپە بخاتە روو بە شیویەك هەموو مرۆڤیکی باوردار هەست زیندوو قیزی لی بکاتەوە.

خوای گەورە گومان لەوە دانیە قورئان فەرموودەی خودایە خواش راستەقینەی مرۆڤەکانەو دروستکاریانە خۆی دەزانی چی بۆیان باشە چی بۆیان خراپە داوین پیسی بەخراپترین ریگا ناودەبات هەروەها پیغەمبەر(دروودی خوایلەسەربێ) دەفەرمووێ (لم تظهرالفاحشة في قوم قط حتى يعلنوا بها إلا فشا فيهم الطاعون والاوجاع التي لم تكن في أسلافهم الذين مضوا) واتە: بەدکاری وزینا لە هیچ گەلیکدا دەرناکەوێت بەشیوەیەك ئاشکرای بکەن ئیللا جۆرە تاعون و دەردو ئازار لەناویاندا پەیدا دەبیت. خوای گەورەش دەفەرمووێ (ولا تقربوا الفواحش ماظهرمنها وما بطن) بەراستی داوین پیسی زیناو نیربازی زۆر بەر بلاوبووە لە زۆر شوینی جیهاندا لەم سەردەمەدا وای لیهاتوە کەهەندێ بانگەوازی کویرانەی بۆ دەکرێ بە ناوی ئازادی سکسی لە لایان ئەو جولەکانەی کەوا کاردەکەن بۆ بلاوبوونەوەی داوین پیسی و نیربازی. وە ئەو پرتۆکۆلاتەی کەوا کار بەدەستە جولەکەکان دایان رشتووە کەوا گومان دەبەن کەوا دەس دەگری بەسەرجیهانداو حوکمی بەسەر دادەکەن بەشیوەیکی راستەوخۆ بە هۆی بلاوکردنەوەی کاری سیکسی و سامان و مادە بیهۆش کەرەکان .بێگومان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵی ئەوگەلەمان بۆ باس دەکەن کە دەستپیشخەری یەکەم بووینە لەم کارە نامرۆڤانەدا لە ریزپەری کاری جنسیدا کە ئەوانیش گەلی (لوط) بوون وەباس لە پاشە رۆژیان دەکات ،چۆن خوای گەورە وولاتی ویران کردن وبەردبارانی کردوون هەروەك خوای بالادەست دەفەرمووێ ((ولوطا إذ قال لقومه إنكم لتأتون الفاحشة ما سبقكم بها من أحد من العالمين،أئنكم لتأتون الرجال وتقطعون السبيل وتأتون في ناديكم المنكر فما كان جواب قومه إلأ أن قالواائتينا بعذاب الله إن كنت من الصادقين ،قال رب انصرني على القوم المفسدين)) وە خوای گەورە وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن سزای خۆی بۆ سەر رەوانەکردوون کەوا فەرمووی ((فلما جاء أمرنا جعلنا عاليها سافلها وأمطرنا عليها حجارة من سجيل منضود)) بەراستی هەر گەلانیك داوێن پیسی لی بکرێت دەبی لە توورەبوونی خوای گەورە بترسین ئەوەی یەك تۆزقال ئیمان وباوەری هەیە بەرۆژی دوایی، پێویستە لە سەر هەموو تاکەکەسیکی موسلمان خۆی بپاریزی لەم بەد رەوشتیە کە زۆربەی ولاتانی رۆژئاوا بەدەستیەو دەنالینن ئەویش نەخۆشی ئایدزو جۆرەها نە خۆشی تر، وەلە کوردستانی خۆمان گویی بیستی ئەم حاڵەتە بووینە، دەبێ ئیمەی میللەتی کورد زۆر هەشیاربین بەتایبەتی گەنج ولاوەکانمان خۆیان دووربخەنەوە لەم کارە نابەجێیە،هەروەك پیغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێ) فەرمووی (داوین پیسی لە هەر گەلێکدا بلاّوبیتەوە وبانگەوازی بۆ بکەن ئەوا نەخۆشی تاعون وژانی بێچارە یەخەیان دەگرێ ئەو ژانەی کە گەلانی پیش خۆیان نەیانبینیوە) وەدیسان فەرمووی ((یەکی لە نیشانەکانی رۆژی دوایی ئەوەیە کەوا زانست بەرز دەکریتەوە وە نەزانی زۆر دەبێ وداوین پیسی بلاّودەبیتەوە وەخواردنەوەی عارق زۆر دەبێ )) ئەوە ئیستا بۆمان بەدیار کەوت راستی فەرموودەکانی خواو پیغەمبەرمان ئەو موعجیزانەی زانستی وغەیبی کە لە خۆی گرتووە، کە ئیستا ئەم نەخۆشیە کوشندەکان بلاّوبوینەوە کەوا لەپیشتردا نەزاندراون، لەم سەردەمەدا نەخۆشی ئایدز بلاّوبویتەوە لەوڵاتە رۆژ ئاوایەکاندا کەوا شوێنەواری ترسێکی توندی لە دڵی مەلاین خەلك دروست کردووە، تاکو وای لیهاتووە کە باسی ئەم نەخۆشیە باس بکرێ لەسەر زمانی گشت خەڵك لە گشت قوژبنێکی زەوی تاکو گەیشتە ئەو رادەیە کەوا رۆژێکی جیهانی بۆ تەرخان بکرێ بۆ ناساندنی و شیکردنەوە وە روونکردنەوەی زیانەکان.

نەخۆشی ئایدز بریتیە لە نەمانی بەرگری جەستەیی لە دەس ئەدات کە پاریزگاری لە خۆی بکات بەرامبەر ڤایرۆسەکان. نەخۆشی ئایدز ناسراو نەبوو لە پیش سالی ١٩٧٩ دا بەلکو ئەم ناوە لەو کاتەدا بە دیار کەوت کە یەکی لە دکتۆرەکان لە سان فرانسیسکۆ لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگاداریدا لە هەبوونی چەند کەسی کەکاری رێز پەری جنسیان ئەنجامداوە کەوا تووشی نەمانی بەرگری جەستەیی بووینە. ئەوەی زیاتر ترسو بیم دەخاتە دڵ، ئەوەیە کەوا ئەم نەخۆشیە لەماوەی دوو ساڵ یان سێ ساڵ لە سەرەتای بە دیارکەوتنیەوە وە دەرکەوتنی نیشانەکانی خاوەن تووش بوو بەم نەخۆشیە دەمرینیێ و بەرگری ژیانی نامینێ وە تاکو ئیستا یەك لە توشبوان چارەسەری نەکراوە رزگاری نەبووە لە مردن.

پێویستە لەسەر کاربەدەستانی حکومەت خانەی لەشفرۆشان بەهەموو شیوەیك قەدەغە بکرێ هەتا گەنج ولاوەکانمان دوور بن لەم کارە قیزەوەنە. وە پێویستە لە سەر مامۆستایانی ئاینی لەوتاری هەینیدا جەخت لەسەر ئەم کارە ناشەرعیانە بکەنەوە بەترساندنی عەزاب و غەزەبی خوای گەورە.وە پێویستە زیاتر راگەیاندەکان خەلك وشیار بکەنەوە بە رینمای دکتۆرە بەریزەکان بابزانن داوین پیسی چەند زەرەری هەیە بۆ جەستەی مرۆڤ. وەپێویستە لە سەر هەموو تاکە کەسێك کە خۆی بەرەوشت دەزانی با خۆیی ومناڵەکانی دووربکەنەوە لەم کارە پیسە .هەرکەسێك خۆی لەم کارە بپارێزی خوای گەورە دڵ خۆشی دەکا لەدونیا ولە دوارۆژدا وەك دەفەرمووێ ((قد أفلح المومنون الذين هم في صلاتهم خاشعون........ والذين هم لفروجهم حافظون)) پیغەمبەریش دەفەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ) ((ئەو کەسەی خۆی لە زینا بپاریزی چ پیاوبێ یان ئافرەت لە دوارۆژدا لەژیر سیبەری عەرشی خوا رادەگیرێ)) وەك دەفەرمووێ ((رجل دعته إمرأة ذات منصب وجمال فقال إني أخاف الله)) لەوەلاّمدا بلی لە خوا دەترسم.



گۆزە

# موفتیو بانگخواز



لەو کاتەی خەڵکی موسڵمان لە هەموو کونو قوژبنێکی دونیا دەنگی نارەزاییان دەربڕی دژی وڵاتی دانیمارك لەسەر لەخۆگرتنی ئەو کاریکاتێرستەی سوکایەتی بە پێغەمبەری خوا کردبوو، لەو وڵاتە چەند کەسایەتییەکی جیهانی ئیسلامی بانگهێشت کرابوون، بۆ ئەوەی هەندێك گفتوگۆ لەو بارەوە بکەن، چەند کەسێك چوون هەموویان قسەزانو بانگخوازی ئیسلامی بوون، بەڵام هیچیان عالمو شەرعزانو موفتی نەبوون، ئەو کاتی دکتۆر یوسف قەرەزاوی گووتی: پێویست بوو چەند کەسێکیان لەگەڵ بوایە، کە لە بواری فەتواو شەرع بزانن، چونکە لەو دانیشتنانە باسگەلێك دێنە گۆڕێ، کە لەوانەیە پێویستی بە روونکردنەوەی شەرعی هەبێت، ئەو لایەنانەش ئیشی بانگخوازان نینە خۆی تێهەڵقورتێنن، چونکە ئیشی وان دەعوەو بانگەوازییە، نەك روونکردنەوەی شەرعی، ئەوەی بانگخواز لەبێژەری و قسەزانی دەیزانێت، موفتییەك لەوانەیە نەزانێت، بە هەمان شێوە ئەوەی موفتییەکی راستەقینە، یان شەرعزانێکی راستەقینە دەیزانێت، پێویستە وەك (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب) هەر کەسەو سنووری خۆی بزانێت، بانگخوازێك لەسەر تەلەفزیۆن دەیگووت: ژنو مێردێك پاش ئەوەی تەڵاقیان کەوتە بەینو لێك جیابوونەوە، ژنەکە داوای کرد پیاوەکە لەگەڵ خۆی لە ماڵەوە بیهێڵێتەوەو، مەسرەفی بکات، کە هیچ پەیوەندیی هاوسەریش لە نێوانیان نەماوە، بە هەوڵی ئەو بەڕێزە پیاوەکە ئەو قەناعەتەی بۆ دروست بووە، ئێستا پێکەوەن، (ئەوە باشترە نەك شەرەفی بچێتو لە ماڵە بابی بە سووك سەیر بکرێت) ئەوە پاساوی کارەکە بوون، ئەوە بەلای شەرعزانێکەوە حەرامەو هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی ژنێك لەسەر جادە ببینیەوەو بیهێنی لە ماڵی خۆتی دابنێی، کە لەوانەیە بەبۆچوونی بانگخوازەکە شتێکی باش بێت، دەبوو لە بری ئەوە ئیش لەسەر ئەوە بکەین، ژن ئەگەر تەڵاقدرا، شەرەفی ناچێت، ئەگەر تەڵاق بێ شەرەفی بێت خوا حەڵاڵی نەدەکرد، پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین ژن تەڵاق نەدرێت، بەڵام ئەگەر ژیانیش لە ژیانی هاوسەرییان نەما، ژنی تەڵاقدراو بە سووك تەماشا نەکرێت. بەڵێ: (نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب).

**سەرنووسەر**



مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتیو ئیبنو تەیمییە

## ١٦

هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاوە

قسەکردنی ئەم جارەمان لەبارەی ئیبنو تەیمییە نییە، ئەوەندەی باسکردنە لەدیاردەی تێکگیرانی هەندێ مامۆستای ئایینی لەگەڵ زانایەکی وەك ئیبنو تەیمییە، ئەمە دەمانباتەوە سەروحەددی ئەوەی جارێکی تر بە پەیوەندی مامۆستایانی ئێستا لەگەڵ زانایانی پێشوو بچینەوەو لەسەر هەڵوێستو هەڵوەستەکانیان بسەنگرێینەوەو بەتەرازووی شەریعەتەوە بیانپێوینەوە، چونکە نە شەرعو نە زانستو نە لۆجیك قایلە بەوەی کە هێلێکی چەپو راست بە کۆششو نووسراوەکانی زانایەك دابێنی، نە رازیشە بەوەی بێ رامانو تێفکرینو بە قسەی خەڵکی ترەوە فەرامۆش بکرێن.

هەروەك ئەمە شتێکی ترمان بیردێنێتەوە ئەویش ئەوەیە زۆر جار نووسەرانی وەك (فرۆیدو کارل مارکس... هتد) بەبێ ئەوەی بخوێنرێنەوە راستەوخۆ جارانی سفر دەکرێن، بێ ئاگا لەوەی هیچ نەبێ وێڕای هەموو هەڵەکانیانو تێکگیرانیان لەمەسەلەی عەقیدەو بیروبڕواوە، بەڵام ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە یەکەمیان دەروونناسێکی کارامەو دووەمیان ئابووریناسێك بووە، ئەمە ئینسافەو خوێندنەوەی لۆجیکیانەیە بۆ ئەم کەسانە، چ جاری ئەوەی لەواقیعدا هەن کە لەسەر هەندێ هەڵوێستو هەندێ فتواوە زانایەکی وەك ئیبنو تەیمییە دوور دەخەنەوە لەواقیعی زانستو هەندێ جار دەگاتە ئەوەی لەخانەی ئیسلامیش وەدەرێی دەنێن.

نەخۆشی نەخوێندنەوەو حوکمدانی بێ ئاگایانە ئاکامێکی ناتەندروستو خراپی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی بۆ مامۆستاو پێشەوایانی ئاینی، کە بەبێ هۆیەکی ئاشکرا، یان بەهۆی فتوایەكو هەڵوێستێکەوە ببنە بەربەستێك تا خەڵك لەزانستی ئەو زانایە بێبەش بن. (ئیبن تەیمیە) وەك چەند زانایەکی تری ئیسلامی لەناو کورددا کەوتۆتە بەر تیرو توانجو هەندێ جاریش تەکفیرکردن، بە بۆچوونی ئێمە ئەمە چەند جۆرێکی هەیە: هەیانە لەم زانایەو لەبەرهەمەکانی شارەزایی نییەو هەر بەلایدا نەچووەو بە بڕیارێکی پێش وەختە یان بڕیار بۆ درانی لە پێش خۆی، ئەمیش ئەم زانایە تەریك دەکات، یان هەندێکی لێ خوێندۆتەوەو چەند فتواو تێڕوانینێکی بەدڵ نییەو لەوانەیە لەگەڵ مەزهەبەکەی ئەو تێك نەکاتەوە، بۆیە هەمدیس جگە لەوەی خۆی بێبەش دەکات لەزانستی ئەم زانایە، بانگەوازیش دەکاتو خەڵکی تریش مەحرووم دەکات.

ئەم نووسینەیش بانگەشە نییە بۆ ئیبن تەیمییە یان سەلەفیەت، بەڵکو وروژاندنی بابەتی یەکتر قبوڵکردنو خوێندنەوەی بەردەوامە، بۆ ئەوەی بەقسەی مامۆستای ئایینی خەڵك لەزانستی زانایان بێبەش نەبنو بواری ئەوە بڕەخسێنن کە بیر ئازاد بکەن تا شتە باشەکانی دونیای کەلەپووری زانایان وەربگرنو بە یەك هەڵوێستو فتوای زانایەك خەتی راستو چەپی بەسەردا نەهێنن. ئەمە پێچەوانەکەیشی لەڕووی پەیڕەوکردنەوە دەگونجێ، بەوەی ناشێ پەیڕەوانی سەلەفییەت کتێبە بەنرخەکانی (غەزالی) نەخوێننەوەو خۆی لێ دووربگرن، ئەگەر ئەمانە راست دەکەن، با بە سووکی تەماشای بەرهەمی خەڵکی تر نەکەنو لەم سەردەمەدا بە قەد کۆششو خزمەتەکانی ئیبن تەیمیەو غەزالیو نەوەویو... هتد بخوێننەوەو بنووسنو خزمەت بکەن.

جەنابی (مەلای گەورە) ئەوسا ترسی لەو نەخوێندنەوەو بە کەم سەیرکردنی بەرهەمی زانایان بووەو لەتەفسیرەکەیدا ئەم دیاردەیەی وروژاندووەو زۆر ئازایانە زاتی ئەوەی کردووە کە قسە لەسەر زانایەکی وەك ئیبن تەیمییە بکاتو بەبایەخەوە تەماشای بکات، کە بۆ ئەوسا باس کردنی شتێکی ترسناك بووە. ئەوەتا دەفەرموێ: **(لەبەینی مەلایان بەواسیتەی بەدگۆیی، موعتەبەر ناوێ، زاتێ زۆر عالیمو موتەبەحیرو موتەدەیین بەد ئەبێ، عالەم لەعیلمی مەحرووم ئەبن، وەکی شێخ ئیبن تەیمییە، سەبەب بە بەعزێ قسەی نالایەقی ئیبن حەجەر، عولەمای کوردان لەعیلمی (ئیبن تەیمیە) مەحرووم بوون، لام وایە ئەووەل کەسێ لە عولەمای کوردان، تەماشای کوتوبی ئیبن تەیمیەی کردبێ منم، وە تەئەسسوفم کرد بۆ حیرمانی خۆمان لە (الجواب الصحیح فیمن بدل دین المسیح)و لە (منهاج السنة) حەققەن ئەبایە هەر کەس مەلا بێ، ئەم دوو تەئلیفەی شێخی لا بێ)**. تەفسیری کوردی، بەرگی نۆیەم، لاپەڕە ١٠٣.

ئێستا لەجیهانی ئیسلامیدا بەدەیان نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر بیرو تێڕوانینەکانی ئەم زانایە دەنووسرێو حەیفە بەشێك لە زانایانی کورد، بە گوللە بەتاریکیەوە نان، لەزانستی ئەم زانا گەورەیە خۆیانو خەڵك بێبەش بکەن.

بەئومێدی ئەوەی هەمووکمان بتوانین لە بیرو تێڕوانینە باشەکانی کەلەپووری زانایانی پێشین سوود وەربگرینو لۆجیکی **(بشفری هەر بزنە)** بخەینە ژێر پێو (مەلای گەورە) ئاسا بە خوێندنەوەو رامانو بیرکردنەوە زاتی ئەوە بکەین کە کۆتەکان بشکێنینو لەسەر یەك دوو هەڵوێستو فتواوە سەرتاپای بەرهەمی زانایەك نەخەینە پشتگوێ وا بکەین تریسکەی زانستی ئەو زانایانە بەر پێی هەمووکمان رووناکتر بکاتەوە.

Hem992003@yahoo.com
Facebook:Hemn Omar Khoshnaw

# میراتی پیاو و ئافرەت

مەلا دلشاد باڵەکی



زۆرن ئەو بابەتانەی کە لە کۆنو نوێدا بوون بە بنیشتە خۆشەی سەر زاران لەلایەن کەسانێکەوە، کە پێیان وایە لەرێگای ئەم بیرو بۆچونە هەڵانەوە دەتوانن ئامانجە گڵاوەکانی خۆیان بە دەست بێنن، کە دەیانەوێت بەم چەواشە کارییانە خەڵکی پێ بخەڵەتێنن.

بابەتی میراتی ئافرەت یەکێکە لەم باسانەی وەك رەخنە گرتن لەئاینی پیرۆزی ئیسلام و بەرگری کردن لە مافی ئافرەت کە بە بۆچونی ئەوان ستەم لە ئافرەت کراوە لەوەی بە دوو کچ بە ئەندازەی کورێك لەمیرات وەرئەگرن، ئەگەر هەروا بە سادەیی بێ شی کردنەوەی بابەتەکە سەیر بکرێت بۆی هەیە هەموان ئەم رایەیان هەبێت، لەبەر ئەوەی چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان کورو کچ ئافرەتو پیاو بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی زانستی شی ئەکرێتەوە و قسە لە سەر تەواوی لایەنەکانی ئەکرێت ئەگەینە ئەم راستیەی، کە ئافرەت نەك ستەمی لێکراوە بەڵکو لە پیاو ئەگەر بەشی زیاتری نەبێت کەم تری نیە ئەگەر نەڵێین بەشی زیاتریشی بەر ئەکەوێت بەم بەڵگانەی خوارەوە.

بە کورتی جۆرەکانی بەشە میراتی ئافرەت ئەم چوار بەشەیە.

یەکەم: بەشی ئافرەت نیوەی بەشی پیاو.

دووەم: بە ئەندازەی پیاو وەرئەگرێت.

سێیەم: بەشی وەکو پیاو.

چوارەم: ئەوەیە تەنانەت ئافرەت بەشی هەیە پیاو هەر بەشی نیە.

*** بەشی یەکەم کە ئافرەت نیوەی بەشی پیاو وەرئەگرێت چوار شێوەی هەیە.**

١- ئەگەر کەسێك بمرێت کچێكو کورێکی لە دووا بمێنن.

٢- کچی کچ لەگەڵ کوڕی کوڕ واتا نەوەکانی مردووەکە.

٣- برای دایكو باوکی مردووەکە، لە گەڵ خوشکی دایكو باوکی.

٤- خوشکی مردوو لەگەڵ برایەکەی بە مەرجێك هەردووکیان لە باوك رابن.

لە هەر ئەم چوار بەشانەدا ئافرەت نیوەی بەشە میراتی پیاو ئەبات.

*** بەشی دووەم کە ئافرەت لە وەرگرتنی بەشە میراتدا وەکو پیاوەو یەکسانن هیچ کامیان لەوەی تر زیاتر وەرنا گرن، ئەمەش لەچەند کاتێکدایە:**

١- ئەمەش لەکاتێکدایە ئەگەر کەسێك بمرێت، تەنها کچێکی لەگەڵ باوکی لە پاش خۆی جێ بمێنن، لەم کاتەدا بەشی کچەکە نیوەی میراتەکەیەو بەشی باوکە کە شەشیەکی میراتەکەیە لەگەڵ پاش ماوەی ماڵەکە کە دەکاتە نیوەی تری بە شەماڵەکە بۆ باوکەکەیە، لەم کاتەدا ئافرەت واتا کچەکە لەگەڵ پیاو واتا باوکە کە لەبەشە میراتدا یەکسانبون.

کەواتە ئەگەر کەسێك بمرێت شەش دۆنم زەوی هەبێت سێ دۆنم بۆ کچەکە سێ دۆنمەکەی تریش بە فەرزو تەعصیب بۆ باوکەکەیە.

٢- ئەگەر کەسێك بمرێت کچێك لەگەڵ کوڕی کورێك واتا نەوەیەکی لەدوای بمێنن نیوەی ماڵەکە بەشە میراتی کچەکەیە و کوری کورەکەش عەصەبەیە ئەوەی دوای بەشە میراتی کچەکە دەمێنێتە بۆ نەوەی مردووەکەیە.

٣- ئەگەر کەسێك بمرێت کچێك لەگەڵ برایەکی خۆی لەدووا بەجێ بمێنن نیوەی ماڵەکە بۆ کچەکەیەو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ براکەیە (واتا عەصەبەیە) کە ئەمەش دەکاتە ئەندازەی بەشە میراتی ئافرەت.

*** بەشی سێیەم: کە بەشە میراتی ئافرەت لە بەشی پیاو زیاترە ئەویش چەند شێوازێکی هەیە:**

١- ئەگەر کەسێك بمرێت، لەدوای خۆی دایكو باكو کچێکی لەدوا جێ بمێنن نیوەی ماڵەکە بۆ کچەکەیەو بۆ دایکەکەش یەك لەسەر شەش، باوکەش یەك لەسەر شەشو ئەوەی ئەمێنێتەوە لەمیراتەکەدا، کە یەك لەسەر شەشی ماڵەکەیە بەواتایەکی تر باوکەکە یەك لەسەر سێی ماڵەکەی بەر ئەکەوێت بەم پێیەش کچەکە بەشی زیاتری بەرکەوت لەبەشی باپیری خۆی.

٢- کەسێك بمرێت لەدوای خۆی کچێك لەگەڵ دە برای هەبێت، کچەکە نیوەی ماڵەکە دەبات هەر دەبرایەکانیش عەصەبەن واتا ئەوەی مایەوە بۆ ئەوانە کەواتە نیوەی ماڵەکە بەتەنها بۆ کچەکەیە بە هەر دە برایەکانیش نیوەیان بەر ئەکەوێت.

(بەشێوەیەك ئەگەر کەسێك بمرێت میراتەکەی ١٠٠ دۆنم زەوی بێت ٥٠ دۆنمی بە تەنها بۆ کچەکەیە هەر برایەش دوو دۆنمو نیوی بەر ئەکەوێت لێرەشدا ئافرەت زۆر زیاتری لەپیاو بەر ئەکەوێت.

٣- ئەگەر کەسێك بمرێت لەدوای خۆی ٢ کچو ٣ مام بەجێ بێڵێت، دوو لەسەر سێی ماڵەکە بۆ کچەکانە سێ مامەکەش عەصەبەن واتا ئەوەی مایەوە بۆ ئەوانە کە تەنها یەك لەسەر سێی ماڵەکەیە بەم دابەش کردنەش ئەگەر کەسێك بمرێت ٩٠ دۆنم زەوی هەبێت هەر کچێك ٣٠ دۆنمی بەر ئەکەوێت لەکاتێکدا هەر مامێك تەنها ١٠ دۆنمی بەرئەکەوێت.

*** شێوازی چوارەم: ئەوەیە ئافرەت بەشی هەیە لەمیراتدا پیاو هەر بەشی نیە:**

١_ ئەگەر کەسێك لەدوای خۆی کچێكو خوشکێکی دایكو باوکیو برایەکی باوکی لەدوا بەجێمان، کچەکە نیوەی ماڵەکە ئەباتو خوشکەکەش عەصەبەیە لەگەڵ کچەکە بە هەردووکیان واتا کچەکەو خوشکەکە برایەکە بێ بەش (حجب) دەکەن هیچی بەرناکەوێت لەکاتێکدا ئەگەر خوشکە دایكو باوکیەکە نەبوایە برایە باوکیەکە ئەبو بە عەصەبەو نیوەی ماڵەکە بۆ ئەو ئەمایەوە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە خوشکی دایكو باوکی لەگەڵ کچی مردوودا برای باوکی بێبەش ئەکات لەمیراتدا.

ئاگاداریەکی زۆر گرنگ (اصحاب الفروض) واتا ئەو کەسانەی کە بەشێکی دیاری کراویان هەیە لەمیراتدا کە بەشە دیاری کراوەکان بریتین لەم بەشانەی خوارەوە:

- (النصف) واتا نیوەی ماڵەکە.
- (الثلث) واتا یەك لە سەر سێ.
- (الربع) واتا یەك لە سەر چوار.
- (السدس) یەك لەسەر شەش.
- (الثمن) واتا یەك لە سەر هەشت.
- (الثلثان) واتا دوو لە سەریەك.

لە (العصبة بالنفس) واتا ئەوانەی سەر بەخۆو بەبێ ئەوانەی کە تەواوی بەشە ماڵەکە دەمێنێتەوە بۆ ئەوان ئەچێت دوای (أصحاب الفروض).

لەدوای ئەم لێکدانەوەیە بۆمان دەرئەکەوێت کە زۆربەی (أصحاب الفروض) واتا ئەو میراتگرانەی بەشی دیاری کراویان هەیە لەمیراتدا بریتین لە ئافرەتەکانو، هەموو میراتگرەکانی کە لەدوای (أصحاب الفروض) میرات وەرئەگرن (العصبة بالنفس )پیاوەکانن ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە:

١- بەشی گرنگو پر بایەخ لەمیراتدا بۆ (أصحاب الفروض)ە واتا خاوەن بەشە دیاری کراوەکان کە زۆربەی لەئافرەتەکانن دوای ئەوانیش بۆ عەصەبەکان کە هەموویان لەپیاوەکانن.

٢- ئەو بەشەی کە بۆ ئافرەت دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەك لێی کەم ناکرێتەوە بەپێچەوانەی بەشی پیاو لەکاتێکدا کە عەصەبە باالنفسە ئەگەر میرات گرێکی تری لەگەڵ کۆببێتەوە، زیاتر لە مەش ئەگەر دوای وەرگرتنی میرات گرەکان هیچ نەمایەوە ئەوا پیاوەکە هەر بەشی نامێنێتەوە.

٣- لەلایەکی تر ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاتێك یاسایەك دائەنێت هەر لەخۆرا نییە بەڵکو بیر لەتەواوی لایەنو دەرهاویشتەکانی دەکرێتەوە، بابەتی میراتیش یەکێکە لەم بابەتانە، کە لەچەند کاتێکی کەم دا پیاو بەشی زیاترە لەئافرەت لەبەر ئەوەیە کە پیاو ئەرکی زیاتری لەسەر شانەو بەپێی شەرع پێویستی زیاتری بەسەروەتو سامان هەیە وەك بابەتی خەرجی بەخێو کردن (النفقه) بۆ خێزانو منداڵو دایكو باوکی، مارەیی بۆ خێزانەکەی، شوێنی نیشتەجێبون بۆیان چەندین خەرجی تر، کە لەسەر پیاوان واجبن لەسەر ئافرەتان واجب نین.

کەواتە ئەم بەشە کەمەی کە لەهەندێك کاتدا پیاو لە ئافرەت زیاتر وەرئەگرێت ئەبێ بۆ خۆی بۆ دایكو باوکی بۆ خێزانو ماڵو منداڵی تەواوی پێدا ویستیەکانی ژیان جێبەجێ بکات لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆری هەر بۆ ئافرەت دەگەڕێتەوە بەڵام زۆرجار ئەوانەی قسە لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە ئەکەن وەك ئایەتی (فویل للمصلین) تەنها نیوەی ئایەتەکە ئەخوێننەوەو ئەوەی تر باس ناکەن.

# سڤك كەن‌و گران نەكەن..!!

چ پێنەڤێت ئايينێ پيروزێ ئيسلامێ هاتيەدانان كو ببيتە پرەك و رێ خوش كەرەك ژبو تەناكرن و ئارام كرنا خەلكی ژ ئالوزيێت ژيانێ بو بەرەف رونكرن و سفكرنا كارێت وان، كو ئەڤ چەندەژی ژ مەزنترين داپێش و خيرو كەرەمێت خودايی نە دگەل مەكرين، هەر ژدەمێ بابێ مروڤايەتيێ (ئادەم)ی (سلاف لێ بن) تا (محمدی) (سلاف سەربن) رێكو نيشان وتێگەهشتنا مەرەما هەبونا مروڤاتيێ ل سەر بيرورا باوەريێ دياربويە، هەر ديسان بويە قورتال كەر ژبو دير ئێخستن ژ تارياتی و پەرستنا پەيكەران و ديف چون و مەيلا مەزناهی و چافلێكرنا خرابان، گوهورينا دەرمانی بژەهرێ ئەڤ چەندە مەژێ زانيە دياركرنا نەيا لەنگ و بويە بەرگێری و دەرمان بو نەخوشێت سەردەمانە، ئو بويە دەستورێ سەر رێڤەچونا مروڤان ب بەرژەوەنی يێت كومەلێ و تاكەكەسی، وتێكەهشتن بزمانێ وان (وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومة ليبن لهم) ژبو نەئالوزكرنا ديڤ چونا پەياما وان، لەورا فەرە بێژم بەلاف كرنا روحا سفكرنێ ل هەمبەر بەرتەنگ كرنێ زانينە ب تێگەهشتنا دانانا ئايينێ پيروز ژبو راكرنا نەخوشيان ل سەر بەندەيان هەر ژزانينا پەرستنێ دەربارەی تەيممێ وخارنا روژيێ بو نساخی و رێڤنگان وگەلەك كردارێن دی، لەورا فەرە پێداچونەكا سڤك ل سەر سەردەمێ خوببينين كو چاڤ گێرانا ل دنيايێ و سامانێ وێ ل هەمبەر مروڤان زال بويە ل سەر روحانيەتێ، بو خوەبون ژدانێ وراگرتنا ژ هاريكاريێ وبرينا ئێكگرتنێ وزيدەبونا تەوەرێت راست و چەپێ ژ ئاليێ خرابی و تێنەگەهشتنێ، دڤێن رهو ريشالێت ئايينێ پيروزێ ئيسلامێ ببرن و بن بر بكەن كو بو جارەك دن نەزڤريت، دشێين بێژين بويە هەلگرێ پەلا ئاگری ئەگەر فرەدەت دێ بيتە سەدەما ژدەست دانا ئايينی و ئەگەر ل ناف دەستی دا بيت دێ



بيتە سەدەما سوتاندنێ نەرحەت بونێ، كەسێ موسلمان ل ناڤ كومەلگەهك بەر تەنگ و نەئارام دايە، و دناف جەپەكێ بەردەوام دايە هاتيە دير ئێخستن ژ ئاليێ چاڤ دان و هاريكاريێ دا.

لەورا ئەڤ ئايينێ پيروز دڤێت بشێوەيەكێ هەستيارانە بێتە گەهاندنو پێگەهاندن، و ڤەكرنا دەرگەهێت دەستيردانێ ل سەر بنامايێ زانستی بن، و بێنە دياكرن ژ عەزيمێ ئەڤا هەنێ دێ بيتە پالدەر ژبو حژيكرنا ئايينێ ئيسلامێ و خول سەر پێت خو گرتن و قەبيل كرنا هەمی بيورو بوچونێت ئيسلامێ كا چەوا ژ فەرمودەكا هاتيە ڤەگوهاستن ژلايێ ابو هريرەيی رازيبونا خودێ لێ بيت ژ پێغەمبەری سلاف سەربن دبيژيت: (إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلاّ غَلَبَه، فَسَدِّدوا وقارِبوا، وأَبْشروا، واسْتَعِينوا بالغدْوَةِ والرَّوْحةِ وشيءٍ منَ الدُّلْجة) رواه البخاري، وەصا دێ بيتە جهێ بەردەوامی دانێ بخوڤەگرتنا وەريسێ دينێ ئيسلامێ، لەورا ئايينێ ئيسلامێ ئاينەكێ سفك و رێك و پێك كرنێ يە بو رێڤەبرنا ژيانێ، ديسان بڤی رەنگی خودايێ مەزن بومە دياركريە دەمێ دبێژيت

﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ اليُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ العُسْرَ﴾ (البقرة ١٨٥) ل گور سڤكرنا ئايينی پەيوەندی بژيانا مەڤە هەيە كو مروڤ هاتيە دروست كرن ل ژێرلاوازيەك ديار كا چەوا خودايێ مەزن بومە دياركری ل سەر چەوانيا چێكرنا مروڤی دەمێ دبێژيت: (يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ وَخُلِقَ الإِنسَانُ ضَعِيفًا) (النساء ٢٨) ڤينا خودايی بو سڤك كرنا ئايينی ل سەر مروڤان بەخشينەكە ژبو پتر برێڤەبرنا كارێت مروڤان، لەورا دێ بێژين ئەگەر خودايی بڤێت ل سەرمە سڤك بكەت ئاليێ گرانكرنێ بلا ژمەنەبيت دا بەردەوامی براستەرێكرنا خودايی ببيتە بنەمايێ ئێكێ و دوماهيكێ ژ ژيانا مروڤی بابەتێ سەرەكێ بو بەرستنا خودايێ سڤكرنەو بسانەهی كرنە وئەڤەژی دياردبيت ژ ئاخفتنا خودايێ مەزن (لا تكلف نفس الا وسعها) هەروەسا بومە هاتيە دياكرن كو سفكی يەك ل سەر مە بوب درست بجهينان ئەركێت فەرمێ ل سەر مە ژبو نەساخيێ و وەغەرێ زال كرنێ و ژبيركرنێ و دەراڤێت تەنگ.

* ب.راگەهاندنا لقێ دهوكێ زانايان.



# گۆڕ هەڵكەنێك
# باس لە پیشەكەی خۆی دەكات..!!

**ئا : مەلا تەیب زیارەتی**

حاجی (صلاح شێخانی) لە گەراجی راستی، بۆ مەوادی بینا سازی لە شاری هەولێر كرێكاری دەكات، لە پاڵ ئەم كرێكاریەش، بەخۆڕایی گۆڕ بۆ مردوان هەڵدەكەنێت، ناوبراو لەباری كارەكەی دەڵێت ١٥ ساڵە ئەم كارە دەكەمو زۆریش دڵ خۆشم بەم كارە، حاجی صلاح كەسێكی ناسراوەو تا بڵێی كەسێكی خۆشەویستە لە ناو خەڵك بە هۆی كارەكەی دەی گووت: كاتێك دەچمە شوێنێك پێم دەڵێن ئەمرۆ كێت شاردوتەوە كەسانی تر هەن كەدەم بینن دەڵێن كە تۆ دەبینین هەموو كات مردنمان بە بیر دێتەوە.

## مانگ هەبووە زیاتر لە ١٥ گۆڕم هەڵكەندووە

بۆیە ئەگەر لە كاتی شاردنەوەی مردوێك ئامادە نەبم خەڵك لێم دەپرسن بۆ چی دیار نیە خەڵك ئەوەندە دوعام بۆ دەكات تا دەمرم لە چاكەیان دەرناچم كە لێشی دەپرسی چۆن بوو كارێكی ئاوات بەبیر داهات؟ دەڵێت: مرۆڤ هەر یەكەو خولیاو ئاواتێكی هەیە، منیش هەموو هیوایەتم ئەوەیە كە ئەو كارە بكەم، هەر لە نێو ماڵەكەی خۆیدا حاجی صلاح بەشێكی زۆری

## ئەو كارەی دەیكەم وەها ئاسان نیە، بەس لەلای خوا ئەجرەكەی گەورەیە

کەرەستەو شتو مەکەکانی تایبەت بە گۆڕ هەڵکەندن، لە نێو ماڵەکەی داناوەو هەموو ئەو کەرەستەو پێداویستیانەش کە لە ماڵەوە دایناون، هیچی بە پارەی خۆی نەکڕیوە، بەڵکوو خودا پێداوانو خێر خوازان ئەم شتانەیان بۆ کڕیوە، هەروەك دەڵێت: کە کەسێك دەمرێت بە ئۆتمبێلێك دێنە دوام،

## کە دێنە دووم زۆر بەڕێزەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن بەس کە گۆڕەکە تەواو دەبێ جاری وا هەیە لەسەر گۆرستان بەجێم دەهێڵن

ئەوکات شتوو مەکەکان بار دەکەینو لە گۆرستانەکە دای دەبەزێنین جگە لەمەش برادەری تریشم هەنە ئەگەر پێویست بکات بە دوای ئەوانیش دەنێرم دێن بەیەکەوە گۆڕەکە لێدەدەین، پێداویستی تەواویشم ئامادەیە وەکوو ئەوەی تاریك بێت ڕۆناکی باشمان هەیە، یان ئەگەر باران بیت خیوەتمان هەیە، ئەگەر شوێنی گۆڕەکە ڕەق بیت کۆمپلێسەرم هەیە، بۆیە چ پێویست بکات ئەوی لەگەڵ خۆم دەبەم.

حاجی صلاح بە پێکەنینەوە دەی گووت: کاتێك دێنە دوام زۆر گەرمن نازانم لەگەڵ چ سیارەك سەرکەوم، ئەوەندە بە خزمەتم، بەڵام لەکاتی گەڕانەوە، زۆر جاران جێم دەهێڵن، چەندین جار ئەشیای خۆم هەڵگرتووەو بەتەکسی گەڕاومەتەوە ماڵەوە، حاجی صلاح تەمەنی (٤٢) ساڵەو نەخوێندەوارە، لە قوتابخانە نەی خوێندوە خێزان دارەو خاوەنی یەك کچەو هیچ منداڵی تری نیە، هەمووی مردوونە بۆیە ئەو کچەی یەکجار خۆش دەوێتو هەروەك دەی گووت: چوار ساڵە ئەم کچەم بەشوودواوە، دەبێ هەموو ڕۆژێك بیبینم، ئەگەرنا سەبرمان نایێت. لە بارەی هاوکاری خێزانەکەی لەو کارەیدا دەڵێت: لە دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بەبێ ئەوەی من هیچ قسەیەك بکەم خێزانەکەم لیباسەکانم بۆ دەشواتو دوعای بەخێرم بۆ دەکات، هەر بۆیە لە نزیکەوە خێزانەکەیمان دواندوو زۆر دڵ خۆش بوو بەڵام دوو داوای لە هاوسەرەکەی هەبوو:

یەکەم: دەڵێت نابێت شەوان بچیتە سەر قەبران، چونکە من بەتەنیام.

دووەم: بەهۆی نەبوونی منداڵ ژنم بەسەر نەهێنێت، هەر بۆیە لە ڕێی گۆڤارەکەی ئێوەی بەڕێز داوا لە هەموو موسڵمانان دەکەم دوعامان بۆ بکەن خودای گەورە منداڵی صالحمان پێببەخشێت، بۆیە ئەو داوایەمان گەیاندە حاجی صلاح ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: سەبارەت بە شەوانە بۆ سەرقەبران بریارم داوە چیتر شەوان نەچم بۆیە حەزم لێیە ئەگەر کەسەك مرد بەڕۆژ بمریت، تاکوو بتوانم ئەم خێرەم لە دەست نەچیت، سەبارەت بەداوای دووەمیش کە ئایا ژنێکی تر دەهێنم خودا کەریمە..

سەبارەت بەو ماوەش کە بتوانێت گۆرێك هەڵبکەنێت گووتی: هەر گۆڕێك ماوەکەی لە ٥ کاتژمێر بۆ ٦ کاتژمێر دەتوانم گۆرێك هەڵبکەنکم، جگە لەمەش پێویستم بە دوو سێ نەفەری ترە، یەکیان هاوکارم بیتو ئەوانی تریش خۆڵەکە دەر بدەن، حاجی صلاح وەك خۆی ئامارەی پێدەکات گۆڕ هەڵکەندن جێگای ڕق لێبوونەوەی تێدا نیە ئەو کەسەی من گۆڕی بۆ هەڵدەکەنم ئەگەر پێشوتر نێوانیشمان نەبێت، یان لەگەڵ کەسوو کارەکەی ناخۆشیشم هەبێت ئەوە هەرگیز نابێتە ڕێگر کە بڵێم گۆڕی بۆ هەڵناکەنم حاجی صلاح زۆر جار ڕێکەوتی ئەوەی کردووە کە گۆڕی هەڵکەندووە گۆڕی کەسێکی تر بووەو نەیان زانیووە، چونکە شوێنەوارەکەی بزر بووە بەڵام دەڵێت: هەر کە زانیمان شوێنەکە کاتی خۆی کەسێکی تری لێشاردراوەتەوە، یەکسەر قەبرەکە جێدەهێلین، لە شوێنێکی تر قەبرەکە لێدەدەینەوە.

**زۆر جاران خەڵکی ئێمە لەسەر قەبران قسەی زۆر گەورە دەکات، بەڵام ئامادە نیە خاکەناسە خۆڵێك دەر بدات**

ناوبراو باسی ئەوەشی کرد کە خەڵکانی تر وەکو ئەوان ناتوانن ئەم کارە بکەن، بۆیە دەی گووت لەکاتی گۆر هەڵدەکەنم حەزدەکەم کەس قسان لێنەکات، زۆر جاران خەڵکی ئێمە لەسەر قەبران قسەی زۆر گەورە دەکات، بەڵام ئامادە نیە خاکەناسە خۆڵێك دەر بدات، بەڵکوو حەز دەکات، وەکو ئەندازیار قسە بکات، بۆیە زۆر جار ئەم کێشانەمان دێتە پێش، سەبارەت بە وەش کە لە مانگێ چەند قەبر هەڵدەکەنی ئەو بەڕێزە گووتی: مانگ هەبووە زیاتر لە ١٥ گۆڕم هەڵکەندووە لەدوا پەیامیدا حاجی صلاح دەڵێ: ئەو کارەی من دەیکەم کارێکی خەیرەیو ئینسانیەو پێویستە ڕێز لە مردووەکانمان بگرینو هەمیشە خۆمان بە خەمخۆری گۆرستان بزانین، چونکە هەموومان دەگەڕێنیەوە بۆ ئەوێ.

**ئەو کارەی من دەیکەم کارێکی خەیرەیو ئینسانیەو پێویستە خۆمان بە خەمخۆری گۆرستان بزانین**

ئەوەی ئەو کارەش دەکات وەها ئاسان نیە، بەس ئەجرەکەی گەورەیەو دڵنیاییە بۆ خزمانی مردووەکە.

هەروەها داکاری ئەوەیە کە حکومەت لە گۆڕستانێك دای بمەزرێنێت، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی قەبرستان بەتەواوی بکات.



taybzyarati@gmail.com

# تێگەیشتنێکی شەرعیانە بۆ دانیشتنی پرسە و سەرەخۆشی

نووسین و ئامادەکردنی : مەلا محمد علی و مەلا صدیق أمین*

شتێکی ئاشکرایە کە پرسەو سەرەخۆشی واتە: (دڵدانەوەو ئامۆژگاری کردن بەخۆڕاگرتن و بەتەما بوونی پاداشتی خوایی لەسەر ئەو بەڵاو موسیبەتە، وە دوعا کردن بۆ مردوو) کارێکی دروستو شەرعی یە لە دینی پیرۆزی ئیسلامدا، وە هیچ ڕا جیاییەك لەم ڕووەوە لەناو زانایاندا نییە، بەڵکو پاداشتێکی زۆر گەورەشی هەیە، هەروەکو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (من عزى مصابا فله مثل أجره)(١) واتە: (هەر کەسێك پرسەو سەرەخۆشی بکات لە خاوەنی کارەساتێك ئەوە بە وێنەی ئەو پاداشتی بۆ هەیە.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (ما من مؤمن يعزى أخاه بمصيبة الا كساه الله من حلل الكرامة يوم القيامة)(٢) هەر باوەڕدارێك پرسەو سەرەخۆشی بکات لە برای موسوڵمانی بەهۆی هەر بەڵاو موسیبەتێکەوە کە بەسەری هاتووە، ئەوە خوای گەورە پۆشاکی ڕێزی لەبەر دەکات لە ڕۆژی قیامەت دا.

ئەمەو چەندین فەرموودەی تر لەو بارەوە هاتووە، کە پێویست ناکات ئاماژە بە هەموویان بکەین. ئەوە نەبێ کە دەبێ بزانرێ پرسە و سەرەخۆشی بەدرێژایی سێ ڕۆژ سوننەتە لای هەموو زانایان تەنها پێشەوا (پوری) نەبێت، وە لەدوای سێ ڕۆژەکەش کارێکی درووست و شەرعی یە، هەروەکو زانای ناوداری سەردەم شێخ (أبن باز) دەڵێت: (وتجوز بعد ثلاث من موت الميت لعدم الدليل على التحديد )(٣)، بەڵام بە نیسبەت دانیشتن و کۆبوونەوە لەشوێنێکی تایبەت دا بۆ پرسەو سەرەخۆشی، زانایان بوونەتە دوو بەش:-

بەشی یەکەم: پێیان وایە کە دانیشتن بۆ پرسەو سەرەخۆشی باش نییە (مکروه) کە ئەمەش ڕای حەنبەلی و شافیعییەکانە.




بەشی دووەم: پێیان وایە کەدانیشتن و کۆبوونەوە بۆ پرسە درووستەو، کێشەی تێدا نی یە، زانای پایە بەرزیش شێخ (أبن باز) لەگەڵ ئەم ڕایەدایە.

بەڵگەو دەلیلی هەردوولا:

**بەڵگەکانی زانایانی بەشی یەکەم..**

أ- فەرموودەکەی (جەریری کوڕی عبداللەی بەجەلی)یە کە دەفەرموێت: (كنا نعد الأجتماع الى أهل اميت وصنعتهم الطعام للناس من النياحة)(٤) واتە: ئێمە کۆبوونەوە لەگەڵ کەس وکاری مردوو وە خواردن درووست کردن بۆ ئەو خەڵکە لەلایەن خاوەنی پرسەوە بە بەشێك لە شیوەن گێڕانمان دادەنا.

ب- ئەڵێن: کە دانیشتن و کۆبوونەوە شتێکی پەیدا بووەو، لەسەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر بێت) نەبووە.

**بەڵگەکانی زانایانی بەشی دووەم..**

أ- دانیشتنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە مزگەوتی خۆی دا کاتێك هەواڵی شەهید بوونی هەرسێ هاوەڵ و سەرکردەی موئتەی پێگەیشت، هەروەکو لە فەرموودەکدا بەم شێوەیە هاتووە (لما قتل زيد بن حارثة وجعفر وعبدالله بن رواحة جلس رسول الله (صلى الله عليه وسلم) في المسجد يعرف في وجهه الحزن)(٥)، واتە: کاتێك هەواڵی شەهید بوونی هەرسێ هاوەڵی بەڕێز: زەیدی کوڕی حاریسەو جەعفەرو عبداللە ی کوڕی ڕەواحەی پێگەیشت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕۆیشت لە مزگەوت دانیشتو بەدەمو چاوییەوە خەمو پەژارە بەدی ئەکرا.

ب- فەرموودەکەی عائیشە (خوای لێی ڕازی بێت) کە دەفەرموێت: (أنها كانت أذا مات الميت من أهلها فاجتمع لذالك النساء ثم تفرقن ألا أهلها وخاصتها أمرت ببرمة من تلبينة فطبخت ثم صنع ثريد فصبت التلبينة عليها ثم قالت كلن منها فأنى سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يقول: التلبينة مجمة لفؤاد المريض تذهب ببعض الحزن)(٦)، واتە: عائیشە دایکی ئیمانداران کاتێك یەکێك لەنزیکەکانی وەفاتی دەکردو، ئافرەتان لەدەوری کۆدەبوونەوە و پاشانیش کە ئافرەتەکان دەوری عائیشەیان چۆڵ دەکردو تەنها کەس وکارە نزیکەکانی دەمانەوەو فەرمانی دەکرد کە مەنجەڵێك لە ئاو بێنن و ئاردی تێبکەن، پاشان ئەیان کولآندو، ئینجا تەشریبیان دروست ئەکردو، ئینجا هەموویان بەسەریەکدا دەکردو، پاشانیش عائیشە دەیفەرموو: بخۆن لێی لەبەر ئەوەی من گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ئەیفەرموو: تێگووشەو تریت دەروونی نەخۆش گوشاد دەکات و هەندێك لە خەم و پەژارەی کەم دەکاتەوە.

ج- هیچ دەقێك نی یە کە بەئاشکرا قەدەغەی دانیشتنی پرسە بکات.

د- ئەگەر ئێمە بڵێین: دانیشتن دروست نییە، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی قەرەباڵغی شارو شارۆچکەکانو سەرقاڵی خەڵکی ئەم ڕۆژگارە سوننەتی پرسە دەفەوتێت و، ئەو کەسەش سەرەخۆشی دەکات خێرو پاداشتەکەی لەکیس دەچێت و، مردووەکەش لە دوعای ئەمان بێبەش دەبێت و کەسوکاری مردووەکەش دڵدانەوەی ئەو خەڵکەیان دەست ناکەوێت.

هـ- بنچینەیەکی شەرعی هەیە کە دەڵێت: (وەسیلە حوکمی ئامانجەکەی هەیە)(٧)، کەوا بوو مادام پرسەو سەرەخۆشی سوننەتە، وە لەم ڕۆژگارەش دا ئەم سوننەتە نایەتە دی و بەرجەستەن نابێت ئەگەر دانیشتن نەبێت، کەوا بوو دانیشتنەکەش بۆی ڕەوایە.

و- دانیشتن بۆ پرسەو سەرەخۆشی ناکەوێتە بواری پەرستشەکانەوە (العبادات) تاکو بڵێین داهێنراوە (البدعة)، بەڵکو دەکەوێتە بواری هەڵس وکەوتەکانەوە (المعاملات) کە ئەسڵ تێیدا ڕەوایەتی یە مادام دەقێك دژی نەوەستێتەوە.

**گفتوگۆی بەڵگەکان:**

ئاشکرایە کە هەردوولا بەڵگەیان هەیە، وە قسەشیان لەسەر بەڵگەی یەکتر هەیە، بۆیە بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە، ئێمەش تێبینی و

ڕەخنەی هەردوولا لەیەکتر دەخەینەڕوو:

**یەکەم: ئەمە پوختەی ڕەخنەو تێبینی زانایانی ڕای یەکەمە لە بەڵگەکانی ڕای دووەم:**

١- دەربارەی بەڵگەی یەکەمیان دەڵێن: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کە لە مزگەوت دا دانیشتووەو بێتاقەت بووە، بۆ ئەوە دانەنیشتوە تا خەڵکی بچن بۆلای و سەرەخۆشی لێبکەن.

٢- بۆ فەرموودەکەی عائیشەش دەڵێن: ئەمە تایبەتە بە ئافرەتانەوەو، پیاوان ناگرێتەوە، واتە، تەنها ئافرەتان ئەتوانن لە پرسەدا دابنیشن و کۆببنەوە.

٣- سەبارەت بە بەڵگەی سێ یەم و شەشەمیش دەڵێن: ئێمە دەقمان بە دەستەوەیە (فەرموودەکەی جەریر) کە یان بەو دەقە یا دەقێکی تر ئەو حوکمەی تایبەت نەکردووەو بەو ڕەگەزەوە، وە هیچ دەقێکی تریشمان نی یە کە تایبەتی بکات بەوانەوە کەوابوو حوکمەکە بۆ هەردولایەو گشتییە، هەروەکو لە قورئان و سوننەت دا زۆربەی ئایەت و فەرموودەکان بە دەستەواژەی نێرینە هاتوون لەکاتێک دا هەردوو ڕەگەزیش دەگرێتەوە، پاشان ئەگەر بۆ ئافرەتان ڕەوا بێت دانیشتن بۆ پرسە ئەوە بۆ پیاوان لە پێشترەو ڕەوا ترە، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین کە ئافرەتان بەهۆی ئەوەی لایەنی سۆزدارییان زاڵترە لەو کاتە ناسکانەدا کە کۆ دەبنەوە زیاترو زۆرتر تووشی بێ فەرمانی دەبن و، ناتوانن وەکو پێویست پرسەی شەرعی بەڕێ بکەن، بەڵام پیاوان لەم بارەوە خۆڕاگرترن(٩).

الناس فلا حرج أنشاالله حتى لا يتعب الناس لكن من دون أن يصنعوا للناس وليمة)(١١) واتە کاتێك کەسوکاری مردوو دادەنیشن بۆ ئەوەی خەڵکی بچێت سەرەخۆشیان لێبکات ئەوە هیچ گوناه و خراپەیەکی تێدا نی یە بە ویستی خودا، بۆ ئەوەی خەڵکی نەکەونە زەحمەتەوە لەسەرەخۆشی لێکردنیان کاتێك شوێنی دیاری کراویان نی یەو دانەنیشتوون، بەڵام بە مەرجێك نان درووست نەکەن بۆ خەڵکی.

هەروەها زانای پایە بەرز (الشيخ صالح آل الشيخ) لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: (الاجتماع لا يعد من النياحة الا اذا انضم اليه أن يصنع أهل الميت الطعام للحاضرين جميعا ليظهر الفخر وليضهركثرة من يحضر الوليمة ونحو ذلك و هذا موجود كان في الجاهلية)(١٢)، تەماشاکە ئەم زانایەش ئەڵێت: بەتەنها دانیشتن بۆ پرسە بەشێك نییە لە شیوەن گێڕان مەگەر کاتێك لەگەڵ دانیشتنەکەدا کەسوکاری مردوو نان درووست بکەن بۆ ئامادەبووان.

بەگشتی بۆ ئەوەی ببێتە مایەی خۆدەرخستن و شانازی کردنیان بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر بۆ نان خواردن لەپرسەکەیاندا، یان وێنەی ئەمە وە ئائەمەش لەسەردەمی نەفامیدا هەبووە واتە، خەڵکی سەردەمی نەفامی شانازییان بە خۆیانەوە دەکردو، خۆیان هەڵدەکێشا کاتێك لە پرسەکەیاندا نانی خەڵکێکی زۆریان دەدا، بۆیە هاوەڵانیش لەم شتە ئەترسان و خۆیان بەدوور ئەگرت.

ڕێگرە لە دانیشتن بۆ پرسە، بۆیە بەلای هەندێك لە زانایانەوە لەم ڕوانگەوە دانیشتن بۆ پرسە شتێکی داهێنراوەو پەیدا بووە.




**دووەم: زانایانی دەستەی دووەمیش وەڵامیان بۆ بەڵگەو ڕەخنەی دەستەی یەکەم بەم شێوەیە:**

١- سەبارەت بە ڕەخنە گرتنیان لە بەڵگەی یەکەم کە دەڵێن: پێغەمبەر(درووی خوای لەسەر بێت)، کە لە مزگەوت دانیشتووە بۆ ئەوە نەبووە تا خەڵکی بچن بۆلای و سەرەخۆشی لێبکەن، هەرچەندە ڕەخنەکەیان تا ئەندازەیەك بەهێزە، بەڵام لە وەڵامیان دا دەگوترێت: گرنگ ئەوەیە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بەکردار دانیشتووە، هاوەڵانیش چوون بۆلای و لەدەوری کۆبوونەوە، وە فەرموودەکە ئەم مەبەستەی لێ وەردەگیرێت، هەروەکو زانای گەورەی فەرموودەناس (أبن الحجر العسقلاني) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمووێت: (وفي هذا الحديث من الفوائد أيضا جواز الجلوس للعزاء بسكينة ووقار)(٨)، واتە: دووبارە لەم فەرموودەدا چەند سوودێك هەیە لەوانە درووستە دانیشتن بۆ پرسە بەشێوەیەکی هێمن و ئارام.

٢- ئەوەش کە دەڵێن: فەرموودەکەی عائیشەی دایکمان تایبەتە بە ئافرەتانەوە هیچ بەڵگەیەکیان لەو بارەوە نی یە تا فەرموودەکەی پێ تایبەت بکەن، چونکە هەر دەقێکی ئایەت یان فەرموودە کە باسی حوکمێکی شەرعی دەکات و، لەو نێوەندەش دا ئاماژە بە یەکێك لەو دوو ڕەگەزە دەکات، یان ڕاناوی نێرینە یاخود مێینە بەکار دەهێنێت، ئەوە ئەو حوکمە شەرعی یە تایبەت نی یە بە تەنها بەو ڕەگەزەوە، مادام دەربارەی تایبەتمەندی ئەو ڕەگەزە نەدواوە،

٣- سەبارەت بە ڕەخنەی سێیەمیشیان لە بەڵگەکانی تر، کە لە هەمان کاتدا ڕەخنەشە لە بەڵگەکانی ئەوان، زانایانی دەستەی دووەم بەم شێوەیە وەڵامیان داونەتەوە:-

أ- فەرموودەکەی جەریر لاوازەو بۆ بەڵگە ناشێت، هەروەکو زانایان لێکۆڵینەوەیان لە سەنەدەکەی کردووەو ڕوونیان کردۆتەوە(١٠).

ب- خۆ ئەگەر بشڵێین فەرموودەیەکی دروستە (صحيح)ە، ئەوە کاتێك دەبێتە بەڵگە بۆ قسەکەیان کە هەردوو شتەکە لەیەك کات دا بێنەدی، کە ئەویش بریتین لە دانیشتن و کۆبوونەوە، وە نان خواردن و دروست کردنی لە ماڵی خاوەن مردوو بۆ ئەو خەڵکەی کۆبۆتەوە، بەڵام کاتێك تەنها دانیشتن بێت و هیچی تر، ئەوا ئەم بەڵگەیە نایگرێتەوە هەروەکو پرسیار کرا لە زانای ناوداری سەردەم (أبن باز) کە ئایا حوکمی ئەو خەڵکانە چی یە کە سێ ڕۆژ بۆ پرسە دادەنیشن؟

ئەویش وتی: (اذا جلسوا حتى يعزيهم

ج- وە کە ئەشڵێن: دانیشت بۆ پرسە شتێکی داهێنراوە (البدعة) قسەیەکی لاوازە، چونکە لە لایەك پێچەوانەی فەرموودەکەی عائیشەو دانیشتنەکەی پێغەمبەرە (درووی خوای لەسەر بێت) هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، وە لە لایەکی تریشەوە دانیشتن بۆ پرسە تاکە هۆکاری جێ بەجێ کردنی سوننەتی سەرەخۆشی یە لەم ڕۆژگارەماندا، هەروەکو زانایان ئاماژەیان پێداوە، وە لەگەڵ ئەمانەش دا دانیشتن بۆ پرسە ناچێتە بواری پەرستشکانەوە، چونکە نەبیستراوە هیچ زانایەك گوتبێتی: ئەم دانیشتنە عیبادەتە، هەتا بڵێن: داهێنراوە، بەڵکو ئەچێتە بواری هەڵس و کەوتەکانەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا.

**ڕای پەسەند:**

دوای سەرنجدان و تێڕامان لە بۆچوون و بەڵگەکانی هەردوولا، دەردەکەوێت کە ڕای دووەم ڕاست ترو درووست ترو بەهێزترە، ئەمەش لەبەر زۆری و بەهێزی بەڵگەکانیان و لەلایەکی تریشەوە نەبوونی بەڵگەی بەهێزو

دڵنیابەخش بۆ لایەنی بەرامبەر، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا کاتێک کە دەگوترێت، دانیشتن بۆ پرسە درووستە، ئەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:-

١- پێویستە ئەرک و بارگرانی نەخرێتە سەر شانی کەسوکاری مردوو، وەکو نان درووستکردن لە ماڵی مردوو یان خاوەن مردوو، هەروەک لە فەرموودەدا ئاماژەی پێکراوە.

٢- نابێت کاری نادروست و ناشەرعی تێدا ئەنجام بدرێت، وەکو تێکەڵاو بوونی ناشەرعی پیاوان و ئافرەتان، یاخود قورئان خوێندن بە پارەو مامەڵە کردن بە قورئانەوە.

٣- هەتا دەکرێت با دانیشتنەکە لەناو حەرەمی مزگەوت دا نەبێت، وەکو هەندێک لە زانایان ئاماژەیان پێداوە.

لەبەر رۆشنایی ئەوەدا کە رابردووە، بۆ ئەوەی دانیشتنەکانمان بۆ پرسەو سەرەخۆشی شەرعی بێت پێشنیار دەکەین کە :-

١- هەتا دەکرێت و بەپێی گونجان با دانیشتنی پرسە لەناو حەرەمی مزگەوت دا نەبێت، بەڵکو لە هۆڵی پرسەدا بێت، هەروەک لە زۆرێک لە مزگەوتی شارەکاندا هەیە، یاخود لە خێمەدا بێت، بەڵام پێویستە رێگەی هاتووچۆ لە خەڵکی نەگیرێت، بەتایبەتی رێگا گشتییەکان، یان لەماڵێک لەماڵەکان دابێت.

٢- بەهیچ جۆرێک لە ماڵی مردوو یان خاوەن مردوو خواردن و خواردنەوە نەخورێت، بەڵکو خزم و دەرو دراوسێ نان دروست بکەن بۆ کەسوکاری مردوو، وە ئەو خەڵکە کە کۆبۆتەوە هەروەک لە فەرموودەدا ئاماژەی بۆ کراوە، یاخود هەروەکو لە هەندێ ناوچە باوە خەڵکی گوند یان بنەماڵەیەک سندووقی پرسەیان هەیە مانگانە یان ساڵانە پارەی تێ ئەکەن و لەکاتی پرسەی هەر یەکێکیاندا مەسرەفی لە پارەی ئەم سندووقە دەکەن، کە ئەمەش بەلای ئێمەوە گونجاوترین و چاکترین رێگەیە لەم رۆژگارەدا، کە ئامانجی فەرموودەکەش دێنێتەدی.

٣- بۆ بنبڕکردنی ئەو دابونەریتە نادرووستەی کە پەرەی سەندووە لە وڵاتەکەماندا کە ئەویش قورئان خوێندنە لە پرسەکاندا بەپارەو، مامەڵە کردنێکی زۆر ناشیرینە بەکتێبی خواوەو بارگرانییەکی دارایی زۆرو قورسیشە لەسەر خاوەن مردوو، بە تایبەتی کە هەندێک لە قورئان خوێنەکان پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرن و، خاوەن پرسەکانیش گلەیی و گازندەیەکی زۆریان هەیە لەو بارەوە، بەتایبەت لە زانایان و لە وەزارەتی ئەوقاف کە تا ئێستا رێگە چارەیەکی گونجاویان بۆ ئەو کێشە دیاری نەکردووە، وە خاوەن پرسەش ناچارە بۆیە ئێمە پێمان باشە کە:-

أ- ئەوانەی کە سندوقیان هەیە با بە پارەی سندوق جیهاز بکڕن و قورئان خوێنەکانیان بە خۆبەخش بیخوێنن هەروەکو لە هەندێک ناوچە بەم شێوەیەیە، لەوانەش شارۆچکەی باسنێ ئەم شێوازە پیادە دەکەن.

ب- لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەوقاف رۆژانە ژمارەیەک لە قورئان خوێنەکانی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادەبن لە بەڕێوەبەرایەتیەکە، بۆ ئەوەی هەرکەسێک پرسەی هەبوو دانەیەک یاخود دووان لەو قورئان خوێنانە لەگەڵیدا بنێرن، ئەمەشیان بۆ بەدەوامی فەرمی ئەژمار بکرێت و لەم لاشەوە پارە لە خاوەن پرسە وەرنەگرن، واتە ئەمە لە بەرامبەر مووچەکەیان دا بکەن.

ج- ئەگەر هیچ کام لەم دوو رێگەیە پیادە نەکراو نەتوانرا، ئەوە پێمان باشە هەر مزگەوتێک لەو مزگەوتانە، جیهازی خۆی هەبێت و قورئان خوێندنی پرسە بە (سی دی) یان بە (کاسیەت) بێت هەروەکو پێمان گەیشتووە لە هەندێک لە ناوچەکانی خوارووی عێراق ئەمە پیادە دەکرێت، کە پێمان وایە ئەم رێگای سێیەمە چاکترین رێگەچارەیە لەو نێوەندەدا.

پاشان بە نیسبەت قورئان خوێندنەوە ئەگەر بەپارە نەبێت هیچ خراپەیەکی تیانی یە هەروەک شێخ (أبن باز) لە وەڵامی پرسیارێک دا دەڵێت: (أما مجرد قرآءة القرآن فل بأس فيها فاذا اجتمعوا وقرأ واحد منهم القرآن عند اجتماعهم كقرآة فاتحة وغيرها فلا بأس وليس في ذلك منكر)(١٣) واتە: بەڵام بەنیسبەت قورئان خوێندنەوە لە کۆڕی پرسەدا، ئەگەر تەنها قورئان خوێند بێت، ئەوە هیچ کێشەی تیادا نیە، جا ئەگەر جەماعەتێک کۆبوونەوە بۆ پرسەو یەکێک لە ناویان دا لەکاتی کۆبوونەوەی پرسەدا قورئانی خوێند بۆیان، وەک خوێندنی فاتیحا و غەیری ئەو ئەوە هیچ کێشەو خراپەیەک لەمەدا نی یە.

**لەکۆتایی ئەم باسەدا بەم دەرئەنجامە دەگەین:**

١- دانیشتن بۆ پرسە درووست و رەوایە بەو مەرجانەی کە باسکران.

٢- زۆر پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لە خواردن و خواردنەوە لەماڵی خاوەن پرسە مەگەر بۆ کەسانێک کە لە دوورەوە هاتوون و، ناچارن بۆ ئەمەش حەنبەلی یەکان رێگەیان پێداوە(١٤)، وە هەروەها بەنیسبەت ئاو خواردنەوەوە، یان چایەک، یان هەر شتێکی کەم لەم بابەتانە ئەگەر نەبێت بەبارگرانی بۆ خاوەنی مردوو، وە بەلایەوە ئاسایی بێت ئەوە رێگەی پێدراوە، هەروەکو زانای پایەبەرز (شێخ ابن باز) لە وەڵامی پرسیارێک دا لەو بارەوە دەڵێت: (لا أعلم بأسا في من نزلت به مصيبة بموت قريب أو زوجة ونحو ذلك أن يستقبل المعزين في بيته في الوقت المناسب لأن التعزية سنة واستقبال المعزين مما يعينهم على أداء السنة واذا أكرمهم بالقهوة أو الشاي أو الطيب فكل ذلك حسن)(١٥) واتە: وانازانم هیچ خراپەیەکی تیابێت بۆ کەسێک کە تووشی موسیبەتێک بووە بە مردنی خزمێکی نزیکی، یاخود خێزانی یان وێنەی ئەمانە کە پێشوازی بکات لەماڵی خۆیدا لەکاتی گونجاودا لەو میوانانەی کە بۆ پرسە دێنەلای چونکە پرسەو سەرەخۆشی سوننەتە وە پێشوازی کردنیش لەو کەسانەی کە دێن بۆ پرسە کۆمەکی یە بۆ جێ بەجێ کردنی سوننەتەکە، وە ئەگەر وەک رێزێ لە میوانەکانی قاوەیەک یا چایەک یان بۆنێکی خۆشی پێدان ئەوە هەر یەکێک لەمانە شتێکی جوان و باشە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەڵێین: ئێمە ناڵێین دانیشتن بۆ پرسە واجبە، یان سوننەتە، یان هەرکەس نەیکات کەوتووەتە ناشەرعییەوە، یاخود ئەوەی کە دادەنیشێت بۆ پرسە لە سوننەت دەرچووەو شتێکی داهێنراوی کردووە، وەک و هەندێک لایان وایە، بەڵکو دەڵێین: دانیشتن بۆ پرسە بەلای کەمەوە رەوایەو لەبازنەی شەرع دەرناچێت هەروەکو روونکرایەوە لەمەوپێش، پاشانیش دانیشتن بۆ پرسە لەم رۆژگارەدا بووەتە ئەمری واقیع و، مەگەر زۆر بەزەحمەت دەنا خەڵکی ناتوانن سوننەتی سەرەخۆشی جێ بەجێ بکەن بەبێ دانیشتن، کە دیارە ئەو زەحمەتەش لەدینی پیرۆزی ئیسلامدا هەڵگیراوە، بۆیە ئومێد دەکەین کە ئەم بابەتە ببێتە مایەی سوود و بەرچاو روونی بۆ موسوڵمانانی کوردستان و، لەیەک نزیک کردنەوەی ئەو دوو راو بۆچوونە جیاوازەو، نەهێشتنی دژایەتی و پێکهەڵپڕژان لەنێو موسوڵماناندا لەسەر ئەم بابەتەو، وێنەی ئەمانە کە جێ باسی را جیایی‌زانایانن، وە هیواداریشین ئەم باسە دەرگایەک بێت بۆ بەرێکردنی پرسەیەکی شەرعی، پاشان ئاسان لەسەر خەڵکی و جێگەی سوود و رەزامەندی هەموولایەک بێت و، توێشوویەکیش بێت بۆ ئێمە لە رۆژی دوایی دا و خوداش لە هەموو لایەکمان رازی بێت.

* کارگێرانی ناوچەی بازیانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

سەرچاوەکان


١- جامع الترمذي وشرحه تحفة الأحوذ ج٤ ص١٨٥.
٢- رواه أبن ماجة والبيهقي بأسناد حسن كما قال النووي في الأذكار ص١٢٦.
٣- مجموع فتاوى ومقالات متنوعة ج١٣ ص٣٨٠.
٤- المفصل لعبدالكريم الزيدان ج١١ ص١٦٨.
٥- البخاري رقم ١٢٩٩ ومسلم ٩٣٥.
٦- البخاري رقم ٥٤١٧ ومسلم ٢٢١٦.
٧- يسألونك ج٥ ص٣٣.
٨- فتح الباري ج٣ ص٥١٩.
٩- التجلية لحكم الجلوس لتعزية ص٢١.
١٠- المصدر السابق ص(٢٧-٣٢).
١١- مجموع فتاوى ومقالات متنوعة لشيخ أبن باز ج١٣ ص٣٨٢.
١٢- يسألونك ج ٥ ص٣٣.
١٣- مجموع فتاوى ومقالات متنوعة ج١٣ ص٣٧١.
١٤- المفصل ج ١١ ص١٦٨.
١٥- مجموع فتاوى ومقالات متنوعة ج١٣ ص٣٧٣.

## ( یادێك بۆ مەندیله سپیەكە )

# شەهید مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای پەلپیتانی

نوسینی: ئاوات نەقشبەندی




ساڵی ٢٠٠٣—٢٠٠٤ پۆلی شەشەمی ئاینی قوتابخانەی ئاییینی شەهید مەلا عەبدوڵڵای پەڵپیتانی بووم، لەكاتی تاقی كردنەوەكانی نیوەی ساڵو كۆتا تاقی كردنەوە، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای پەڵپیتانی كە بەڕێوەبەری قوتابخانەكەمان بوو، هاتە لام وتی: دوای تەواو بوونت وەرە بۆ لام، منیش ڕۆشتم مامۆستا فەرموی: ئەڕۆیتەوە بۆ شارەزوور؟ وتم: بەڵێ. فەرموی: ئەم پارچە قوماشە دیاریە بۆ تۆ منیش وەرمگرتوو دەستی مامۆستام زیارەت كردوو ڕۆشتم نەمدەزانی قەدەر چی نووسیووە ! ! !

ڕۆژی جەژن كە یەكی شوباتی ئەو ساڵی كرد مامۆستای پەڵپیتانی وەك چۆن سەردانی ماڵەو ماڵی دراوسێكانی كرد سەردانی گشت بارەگای دەزگاكانی دەكرد، بەڵام دوژمنانی گەلو ڕوناكی تیرۆریستانی چاوهەڵنەهاتوو بەجوانیەكانی ئەم نیشتمانە لەكردەیەكی خۆكوژی لەم شارە شیرینەی هەولێری میوان دۆست هەردوو لقی (پدك)و مەڵبەندی (ینك) كرانە ئامانج وە لەو كردەیەدا كۆمەڵێ گەنج و مرۆڤ و هیواخواز شەهید بوون یەكێكیش لەوانە مامۆستاكەی من بوو.

مامۆستا گیان تۆ لەیادەوەریمدا هەر ماوی تۆ زیندوی چونكە قوتابیەكانت بەردەوامن لەسەر ڕێبازی ئیسلامو كوردایەتی هەموو ئەو سۆزو خۆشەویستیانەی كە بۆمانت هەبوو بویە هاندەری هێزمان تا ئەمڕۆ شۆڕشگێڕی مینبەرو میحرابی مزگەوتەكانمان بین، بڵندگۆی خەباتی ڕاستیو سەلا بین بۆیە ئەمڕۆ ئەم سۆزەت ئەكەمە دیاری لەسایتی زانایان كە تۆ لەبنیاتی بڵندی هێزی ئەم زانایانەیت بفەرموو مامۆستاكەم بشمبورە لە كورتی و هەڵەو ناتەواویم.

**مامۆستای وانەی ڕاستی و نوێگەری**
**دوندی هیممەت و هیواكەی گەلی**
**شاخی وەك مێخی بەرزی زانیاری**
**ئاسمانی پانی دوڕڕی مرواری**
**كە تۆ بەندەی خوای واتە عەبدوڵڵا**
**مەلای تۆ میلئی لە عیلم و سەلا**
**پەڵپیتانیە شۆرەتی ناوی**
**میحرابی جوانی دەرسی قورئانی**
**دوانگەی بەرزی هێزی زوبانی**
**تەدریس و تەقدیس بۆ ئەوبو جاری**
**خودایە خۆشبە لە زاناكانمان**
**لە زانای بەرزی مزگەوتی سپی**

٢٠١٢/١/٣١ هەولێر

# سالیادی وەفاتی
# مامۆستا سید نجم الدین



* لە رۆژی ١٩٣٠\٤\٢٨زاینی بەرامبەر ٢٢ی شوالی ١٤٢٨کۆچی لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر و ناودار لە دایك بووە.

*لە تەمەنی ٥ ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن ، سەرەتا قورئانی پیرۆزی لای جەنابی مامۆستا (شێخ گە)ی باوکی خوێندووە، ئینجا بە مەبەستی خوێندن زۆرێك لە شار و گوندەکانی کوردستانی عێراق و ئێران گەراوە، لەوانە (دێی مێرزا رۆستەم، هویە، پایگەڵان، کانی سانان، چۆڕ، کانی میران، زەرگەتە، ئەوێهەنگ، نێزك، مەریوان،، س...نە،... لە رۆژهەڵاتی کوردستان.. وە بیارە، عەنەب، زەڵم، قەڵادزێ، خورماڵ، هەڵەبجە، سلێمانی، خانەقین، کەرکوك...)

* لە خزمەتی زۆریك لە مامۆستا ناودارەکاندا خوێندیەتی لەوانە: (مامۆستا مەلا عبدالرحمنی چۆڕی، مامۆستا مەلا حەیدەری ئەوێهەنگ، مامۆستا سەید عنایەتی هویەیی، مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمی، مامۆستا سەید عارفی خورماڵ، مامۆستا مەلا ئەسعەدی پایگەلان، مامۆستا مەلا ئەحمەدی نەفتچی لە کەرکوك، مامۆستا سەید حەکیمی خانەقین و زۆرێکی تر...) وە لە خزمەتی (مامۆستا مەلا محمدی گەورە) ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە.

*دوای تەواو کردنی خوێندن، لە خزمەتی مامۆستا مەلا محمدی مامۆستا مەلا بەهادا دەچنە خزمەتی (شێخ عوسمان) بۆ ئەوەی دێیەك بۆ مامۆستا پەیدا یکەن تا ببێتە ئیمام، لە ساڵێ ١٩٥٥ دەبێتە ئیمام و مودەریس لە دێی تەپی سەفای حاجی حەیدەر تا ١٩٦٠، وە لە ١٩٦٠ تا ١٩٧٨یش لە دێی تەپی سەفای حاجی مستەفا دەمێنێتەوە.

* لە شەستەکاندا لەگەڵ ١٢ مامۆستای تر سەفەری حەج دەکات و لە رێگەی ئەردەنەوە دەچنە زیارەتی (بيت المقدس).

* لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ مزگەوتی ئوسامە لە هەڵەبجەی شەهید.

* لە کارەساتی کیمیابارنەکی ١٩٨٨\٣\١٦دا وەك هەزاران کەسی دی ئاوارەی ئێران بووە

*پاش گیرسانەوەی لە ئێراندا، لە مزگەوتی (ئاغا حبيب الله)ی شاری سنە بۆتە ئیمام و مدرس و لە هەموو لایەکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە شەیدایانی خوێندن لێی خڕ دەبنەوە و هەر لەوێ (٢٥) قوتابی لەسەر دەستی ئیجازە وەردەگرن.

* لە ١٩٩٢\٥\٢٥ هاتۆتەوە بۆ هەڵەبجە و لە مزگەوتی ئوسامەدا دەستی بە تەدریس کردۆتەوە و (٥٤) مامۆستای تر لە خزمەتیا ئیجازەیان وەرگرتووە.

* لە ساڵی ١٩٩٥ دا خوێندنگەی ئوسامە دەبێتە خوێندنگەیەکی نمونەیی و مامۆستا بوەتە بەرێوبەری خوێندنگەکە.

*خوالێخۆشبوو هەموو تەمەنی لە خزمەتی بانگەوازی خواو کاری چاکسازیدا بەسەر بردووە و ، موصلحێکی کۆمەڵایەتی گەورە بوو، وە لەو بوارانەدا چالاکانە بەردەوام بوو تا لە شەوی ١٧–١٨ی ئازاری ١٩٩٧ بە نەخۆشیەکی کتوپڕ لە سلێمانی وەفاتی کردو، لە مەراسیمێکی شکۆدار و کەم نمونەدا تەرمەکەی لە گۆرستانی گوڵان لە هەڵەبجەی شەهید ئەسپەردەی خاك کرا، خوا لێی خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.



مامۆستا لەگەڵ کۆمەڵێك لە فەقێکانی لە بەهار گەشتێکدا
بۆ ناوچەی ( حەسەن ئاوا ) لە شاری سنە




# ماهیر زەین :
# پێویستە هەر گۆرانیەك پەیامێکی گەورەی لەخۆ گرتبێ بۆ ئەوەی بە گوێگرانی بگەیەنێ



وەرگێڕانی : فهمی شێخانی

ماهیر زەین...یەکێکە لەهونەرمەندە دیارو بەرچاوەکانی ئەمڕۆی دونیای میوزیك و گۆرانی جیهانیو، ناوی تەواوی (ماهیر موستەفا زەین)ە ناسراوە بە (ماهیر زەین ) لە١٦ی شەشی ١٩٨١ لە لوبنان لەدایك بووە، گۆرانی بێژو ئاوازدانەرەکی بەتوانایە، لەساڵی ٢٠٠٩ەوە ماهیر توانی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێ و بەهۆی دەنگە خواکردە بەجۆشەکەی خۆی بەجیهان ناساندو ستایلێکی هونەری نوێ ی خستەگەڕ و ناسرا لە تەواوی جیهان.

هۆکاری خولیای ماهیر بۆ هونەر بەتایبەتیش هونەری گۆانی ومۆسیقا سەرەتا بۆ باوکی دەگەڕێتەوە، چونکە باوکی ماهیر لە تەرابلوس لە لوبنان گۆرانی دەوت و ناسراوبوو.

## یەکێ لە گۆرانیەکانی ماهیر لە یوتیوب توانی ژمارەی پێوانەیی بشکێنێو لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لەیانزە ملیۆن بینەری هەبووە

لە تەمەنی هەشت ساڵیەوە خێزانی ماهیر چونەتە وڵاتی سویدو، ماهیر لە تەمەنی ١٠ساڵیەوە خولیای چەند ئالەتێکی موسیقی بوو شارەزای ژەنینیان بوو، قۆناغەکانی خوێندنیشی لە سوید بڕیوە وەتوانی بەکالیۆرۆس لە ئەندازیاری فڕۆکەوانی بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا ماهیر هەمیشە هاوڕێ ی موسیقاو گۆرانی بووە.

دوای سەرکەوتنەکانی لەوڵاتی سوید ڕووی لە نیویۆرك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد بەمەبەستی کارکردن لەبواری مۆسیقادا، ئەمەو لەگەڵ دەرهێنەری سویدی (ڕێد وان: red one ) لەبواری بەرهەمهێنانی چەندین پارچە مۆسیقا بۆ چەندین کلیپی گۆرانی بێژان توانی سەرکەوتوانە بەهرەکانی وەدەربکەوێو چەندین کاری پڕۆفیشنەڵو ئاست بەرزیان بەئەنجام گەیاند، وەکو کارکردنیان بۆ هونەرمەند ( Kat Deluna)، هەروەها هونەرمەند عبد الرحمن عەونی، بەڵام لەگەڵ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدا لەناو ئەندێشەی ماهیردا شتێك هەبوو کەهەمیشە بەماهیری دەوت کە تۆ تائێستا خۆت نەدۆزیوەتەوەو ڕێگاکەت ڕۆشن نییە ! ! !، بۆیە ماهیر دوای مانەوەی ماوەیەك لەنیۆرك گەڕاوەوە وڵاتی سوید وێڵی شتێکی ون بوو ببوو.

## قۆناغی خۆ دۆزینەوەی بەهرەکانی :

هونەرمەند ماهیر زەین دوای مانەوەی ماوەیەك لە نیۆیۆرك گەڕاوەوە سوید، سەرەتاش لەگەڵ چەندین گەنجی موسوڵمان دەستی کرد بە چالاکی لە ستۆکهۆڵم و دەستی بەچالاکی یە هونەری و

ئیمانی یەکانی کردەوەو هەمیشە ئامادەی نوێژە بە کۆمەڵەکانیش دەبوو لە گەڕەکەکەیان، ئەمەو دوای گەڕانەوەی لە نیۆیۆرك دەتوانین بڵێین یەکەم قۆناغ و دەروازە بوو کەماهیر ڕێگای ڕاست و حەقی دۆزیەوەو بوە گەنجێکی پابەند بەئایین و گۆڕانکاری بەسەردا هات و ئیمان و بۆخوا سوڵحان لە هونەرو جوڵەو هەڵس وکەوتی بەجوانی لەماهیرد بەدی دەکرا.

## دەمانەوێت بچینە ناوناخی ئەو گە نجانەی کە حەزیان لە ئاوازو مۆسیقای نوێیە

ئەمەو لەگەڵ زۆربوون و سەرهەڵدانی چەندین هونەرمەندو گۆرانی بێژی بە توانا بە تایبەتی ئەوانەی زیاتر گۆرانیەکانیان ئاوێزانی ناوی خواو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەربێت) بێت و تراکەکانییان لە زۆربووندان و لەوبوارە کاردەکەن. ئینجا ماهیر بە بڕوا بەخۆبونێکی زۆرەوە چوە مەیدانەکەو چەندین گۆرانی و کلیپی تۆمارکردو سەرکەوتنی لەوبوارە بەدەست هێنا، بەڵام ماهیر ئەگەرچی لەوڵاتێکی بیانی گەورە بووە، بەڵام زۆربەی گۆرانیەکانی لەنێوان ئاوازو سەدای کۆن و نوێ تێکەڵاوە و هەوڵیدا وە شتێکی نایاب بەگوێگرەکەی بدات .

لەیەکێ لەوتەکانی ماهیر زەین دەڵێ: ئێمە دەمانەوێت بچینە ناوناخی ئەوگەنجانەی کە حەزیان لە ئاوازو مۆسیقای نوێ یە بە شێوازێك بەرهەمەکانمان تێکەڵەیەکە لە هونەری مۆسیقای ڕابردوو مۆسیقای ئێستا، هەروەها پێویستە هونەری هەرهونەرمەندێك (هادف: ئامانجدار) بێ، هەر گۆرانیەك پێویستە پەیامێکی گەورەی لەخۆ گرتبێ بۆ ئەوەی بە گوێگرانی بگەیەنێو، ئامانجی خۆی بپێکێ و، کاریگەری لەسەر کارو هەڵس وکەوتی گوێگر هەبێ، ناوبراو سەرهەڵدان و لە دایك بوونی چەندین کەڵە هونەرمەند لەوبوارە بەشتێکی ئیجابی دادەنێ..... بەم جۆرە ماهیر توانی لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا چەندین گۆرانی جوان تۆماربکات و شاکاریکی جوانی لەناو ئەندێشەی گوێگرانی بنوێنێ.

## پێویستە گۆرانی وتن ئامانجدار بێ و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی گوێگر هەبێ

گۆرانی(ئینشائەللا) ی ماهیر لە یوتیوب توانی ژمارەی پێوانەیی بشکێنێ و لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لەیانزە ملیۆن بینەری هەبوو، هەروەها ژمارەی هاوڕێیانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك خەریکە بگاتە (٤ ملیۆن) هاوڕێ ، لە ساڵی ٢٠٠٩ کلیپێکی بەناوی Thank You Allah بەرهەم هێنا کە زۆر کاریگەربوو لەسەرهەرکەسێك کەبەدڵەوە گوێ لەم گۆرانیە دەگرێ.

ئەمەش ناوی چەند کلیپ و گۆرانیەکانی ماهیر زەینن.....(( Alayka- Allah Allah Kiya Karo - Always Be Baraka Allah Lakuma - – ریمیکس _ There- Ya Nabi The Chosen One-Awaken- Hold My Hand - For The Rest Of My Life tefahits - Ya Nabi Salam Alayka- Ya Nabi - Arabic Version - Thank You Allah - Acoustic Version-Palestine Will Be Free- Subhana Allah Ft Mesut Kurtis - Open Your Eyes Inshallah – چەندین گۆرانی تر ...)) هەروەها گۆرانی دوێتی لەگەڵ مەسعودکریتس بەناوی Subhana Allah تۆمارکردووە، وەئێستا هونەرمەند ماهیر زەین لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری ئیسلامی Awakening Records کاردەکات.

## ماهیر ئەگەرچی لەوڵاتێکی بیانی گەورە بووە، بەڵام زۆربەی گۆرانیەکانی لەنێوان ئاوازو سەدای کۆن و نوێ تێکەڵاوە

لەکۆتاییدا دەڵێم هونەرمەند ماهیر زەین ئەگەرچی پێشتر زۆرVVکاری لە بواری هونەری کردبوو، بەڵام کەس نەی دەناسی !!! دوای خۆ یەکلاکردنەوە بۆخواو، گۆرانی وتن لەوبوارەو خزمەت کردن بەخواو خەڵك و ئەوئوممەتە، خوای گەورە ناوبانگ و ڕێزو حورمەتی بە ماهیر بەخشی کە تەنهاش ئەو هونەروئەوکارانە سەردەکەوێ و بەرەکەتدار دەبێ کە پەیامێکی گە ورە و ڕاست و بێ خەوشیان لەخۆگرتبێ .

(سەرچاوە ئەنتەرنێت) fahmiyusf198@yahoo.com



# سۆران.. بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایان:

# پێنجەمین فیستیڤاڵی مەولودی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت ) بەڕێوە دەچێت



**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** بە ئامادەبوونی هەر یەك لە بەڕێزان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو کرمانج عزت قایمقامی سۆرانو مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو وەیسی سەعید وەیسی بەرپرسی سەنتەری زانایان بۆ ڕۆشنبیری ئایینیو بەرپرسانی حزبیو حکومیو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینیو کەسایەتیو جەماوەرێکی بەرچاوی دەڤەرەکە، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٢/٤ لە هۆڵی بۆنەکانی شاری سۆران پێنجەمین فیستیڤاڵی یادی مەولودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بەڕێوەچوو.

سەرەتای فیستیڤاڵەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو دواتر لە لایەن وەیسی سەعید وەسی سەرۆکی لێژنەی فیستیڤاڵی مەولود وتەیەك پێشکەش کرا، کە وێڕای پیرۆزباییو بەخێرهێنانی میوانان، تیشکی خستە سەر گرنگی ئەو فیستیڤاڵە کە ساڵانە بە بەژداری جەماوەرێکی زۆری دەڤەری سۆران ئەنجام دەدرێ، هەروەها باسی لە گەورەیی ئەو یادە کرد، کە چەندە جێگەی بایەخی خەڵکی موسڵمانانەو هەموو ساڵێك بە جۆشو خرۆشەوە پێشوازی دەکرێ، بۆیە لەو کاتەدا پێویستە سوود لەو یادە وەربگرینو خۆشەویستی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەناو دڵو دەروونمان زیاد بکەین.

پاشان بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەو بۆنەوە وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا تیشکی خستە سەر گەورەیی پێغەمبەری ئیسلامو یادەوەری مەولودو گوتی: لەو یادە پێویستە بەخۆداچوونەیەکی بنەڕەتی لە تێکڕای لایەنەکانی ژیانمان بکەینو سوود لەو بنەمایانە وەربگرین، کە پێغەمبەری لە ژیانیدا جێبەجێی کردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش لە ژیانمانا پەیڕەوی بکەین، وەك چۆن پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ، پێشەنگ بووە لە دەروون پاکیو دەست پاکیو خۆشەویستی مرۆڤو خاكو نیشتمانو نەتەوە، با ئێمەش بەهەمان پەیامەوە مامەڵە بکەین، چونکە بەختەوەری مرۆڤایەتی لەوە دایە.

لە بەشێکی تری قسەکانی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: گەلی کورد ساڵانە بە شێوەیەکی بەرفراوانو خۆشەویستیەکی زۆرەوە ئەو یادە دەکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەو پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ لەناو دڵی ئەو خەڵکەو بەڵگەشە لەسەر ئەوە کە گەلی کورد بەو پەڕی سینگ فراوانیەوە خۆشەویستیو پەیامی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرتووە.

هەروەها گوتیشی: بە پێویستی دەزانم لێرەوە سوپاسی خەڵکی موسڵمانی کوردستان بەگشتیو مامۆستایانی ئایینی بکەم، بۆ ئەو گرنگیدانەیان بە یادە مەولودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت.

دواتر دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی کەسایەتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ، کە چەندە گەورەو پێشەنگ بووەو، پێویستە ئێمە وانەی لێ وەربگرین.

هەروەها گوتیشی: ئەرکە زیاتر سوننەتەکانی پێغەمبەر لەناو خۆمان زیندوو بکەینەوەو پەیڕەوی ڕێبازی ئەو بکەین، چونکە ئەرکە لەسەر شانمان هەوڵی ئەو هەنگاوە بدەین، بۆ ئەوەی بە کردەوە بیسەلمێنین شوێنکەوتەی پێغەمبەرین..

پاشانیش کرمانج عزت قایمقامی قەزای سۆران وتەیەکی پێشکەش کردو هەلوێستو جۆشو خرۆشی خەڵکی بەرز نرخاندو لە کۆی قسەکانی باسی لەوە کرد، کە ئەرکێکی گرنگ دەبێت ئێمە بە شێوەی مرۆیىو یاساییو دینداری مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەینو ژیانمان پڕ بکەین لە بەختەوەری..

لە کۆتایشدا فیستیڤاڵەکە بە دابەش کردنی چەندین گۆڤارو نامیلکەی تایبەتو پۆستەراتی هەڵواسینو خەڵاتی ڕێزلێنانو خوێندنەوەی چەندین سروودو مەدیحەی ئایینی کۆتایی بە برگەکانی هێنا.

شایانی باسە سەنتەری زانایان بۆ ڕۆشنبیری ئایینی بە هەماهەنگی لەگەڵ لقی سۆرانی یەکێتی زانایان ئەم فیستیڤاڵەیان ئەنجام داوە.

# شەقڵاوە: لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان بە بۆنەی یادی مەولود لە مزگەوتی

# خێرخوازان ئاهەنگێك سازدەکاتو بەشداری چەند ئاهەنگێکی دیکە دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی شەقڵاوە:** شەوی یەکشەممە ١١-١٢- ربیع الاول/١٤٣٣ بەرامبەر بە ٤-٢٠١٢/٢/٥ بەسەرپەرشتی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەمەبەستی پیشوازیکردنو بەخێرهێنانی یادی لەدایك بونی پێغەمبەری پیشەوا محمد( d )، لەمزگەوتی خێرخوازان لە شەقڵاوە هەستا بەسازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ.

ئەمەو سەرەتای ئاهەنگەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالهادی پێشنوێژو وتار خوێنی مزگەوت و کارگێڕی لق، لە وتەیەکیدا میوانانی بەخێرهێنا، پاشان بەڕێز مامۆستا مەلا تحسین بەرپرسی لق وتارێکی بەناوی لق پێشکەشکردو، دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا یونس باویانی کارگێڕی لقی شەقڵاوە وتارێکی سەبارەت بە کەسایەتی پێغەمبەر( d ) پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

هەر بەبۆنەی یادی مەولودو، سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەمەی ١٢-ربیع الاول بەرامبەر٢٠١٢/٢/٥ لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە هەماهەنگی بەڕێوبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی شەقڵاوە، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی لە دایكبونی مامۆستاو سەر مەشقی مرۆڤایەتی محمد( d )، کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانی هەستا بە سازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ لەمزگەوتی گەورەی شەقڵاوە.

سەرەتای ئاهەنگەکە بەخوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان مامۆستا مەلا عبدالعزیز وتەی بەخێرهێنانی پێشکەشکرد، پاشان بەڕێز حاجی سەرباز بەڕێوبەری ئەوقاف شەقڵاوە وتاری بەڕێوبەرایەتی ئەوقاف پێشکەش کرد، دواتر ڕێزدار مامۆستا مەلا عوسمان وتاری لقی شەقڵاوەی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

شایەنی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایان و لایەنە سیاسی یەکان و دام و دەزگا حکومیەکان و جەماوەری ئیسلام پەروەری شەقڵاوەو نوێنەری مەسیحیەکانی شەقڵاوە بەشداری ئاهەنگەکەیان کردو، ئاهەنگەکەش بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبوان.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، شاندیکی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان بەشداریکرد لە ئاهەنگی یادی لە دایكبونی پێغەمبەر ( d )، لە شارەدێی کۆڕێ کە خەلکی کۆڕێو دەوروبەری هەستابون بەسازدانی لە مزگەوتی حاجی حمید خۆشناو. ئەمەو ئاهەنگەکە دوای خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزو پیشکەشکردنی وتەی بەخێرهاتن لە لایەن بەڕێز مامۆستا مەلا زبێر پیشنویژو وتار خوینی مزگەوت و و کارگێڕی لقی شەقڵاوە دەستی پێکرد، پاشان مامۆستا مەلا تحسین بەرپرسی لق وتاری لقی شەقڵاوەی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو، دواتر وتاری ئەوقافی شەقڵاوە لەلایەن بەڕێز حاجی سەرباز بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقڵاوە پێشکەش.

# گەرمیان: یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (د.خ) بەرزو پیرۆز راگیرا

**دانا مەلا حەمەئەمین: گەرمیان:** سەرلەبەیانی ئەمرۆ ١٢/ربیع الاول /١٤٣٣ کۆچی رێکەوتی ٢٠١٢/٢/٥ زاینی کاتژمێر ٩ ی بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی فەخری کائینات حەزرەتی محمدالمصگفی درودی خوای لەسەربێت مەراسیمێکی ئاهەنگ گێران لەشاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بەرێوەچوو ...

لەو مەراسیمەدا کە لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی گەرمیان بەرێوەیان ئەبردو سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و بەرێوەبەری زۆرێك لە بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەحکومیەکان و بەرپرسانی حیزبی و رێکخراوەکانی سنورەکەو مامۆستایانی مێزەر سپی و سەرۆك عەشیرەت و شێخانی تەریقەت و کەسایەتی و زۆرێك لە موسوڵمانانی بەرێزی سنورەکە ئامادەی بوون سەرەتا بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز لەلایەن مامۆستا مەلا سەید ئەمینەوە دەستی پێکردوو پاشان ووتاری سەرۆکایەتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەلایەن مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانەوە خوێندرایەوە و تیایدا پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکایەتی یەکێتی زانایانی گەیاندە ئامادەبوانی ئاهەنگەکەو سەرجەم موسوڵمانانی سنورەکە

پاشان ووتاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن رێبوار مەلا مستەفا بەرێوەبەری ئەوقافی گەرمیانەوە خوێندرایەوە هەرلەو ئاهەنگەدا مامۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەیی بەرپرسی راگەیاندنی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامهی کوردستان بەناوی لقی گەرمیانەوە ووتەیەکی پێشکەشی ئامادەبوان کردو لەووتەکەیدا بەناوی لقەکەیەوە پیرۆزبایی زانایانی یاینی گەیاندە ئامادەبوان و موسوڵمانانی دەڤەرەکە و هیوای خهواست ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ببێتە هەوێنی یەکریزی و یەك هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و برایەتی نێوان رۆڵەکانی گەلەکەمان و هەروەها داوای لەموسوڵمانان کرد کە ئەم یادە بکەنە دەرفەتێك بۆ گەرانەوەی زیاتر بۆلای پەروەردگارو رەنگدانەوەی سونەتەکان و کردارەکانی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەربێت لە ژیانی رۆژانەیاندا

پاشان هەریەکە لە مامۆستا مەلا ئەحمەد محمد ئیسماعیل ئەندامی لێژنەی فەتوای لقی گەرمیان مامۆستا مەلا عبدالهادی پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی خێرخوازان لە رزگاری و مامۆستا مەلا گارق هەمەوەندی بەرپرسی ناوچەی کفری سەربەلقی گەرمیانی یەکێتی زانایان لە سێ ووتەی جیادا تیشکیان خستە سەر ژیانی پێغەمبەری خوا درودو سەلامی خوای لەسەربێت و خۆشویستی ئەو پەیامبەرە ئازیزە

جێگەی ئامـاژە پێدانە ئەوەی زیاتر ئاهەنگەکەی رازاندبویەوە ئەو سرودو مەدایحانە بوو کە ناوبەناو لەلایەن گروپی ئاینی شەپۆلەوە کە لەشاری دوز خورماتوو وەوە بانگهێشت رابوون پێشکەش ئەکرا و جەوێکی ئیمانی جوانیان رەخساندبوو

شایانی باسە هەرلەو ئاهەنگەدا هەریەکە لە سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و مەڵبەندی رێکخستنی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی ٢٢ ی پارتی دیموکراتی کوردستان و لقی گەرمیانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و مەڵبەندی چواری گەرمیانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەکتەبی زانایانی ئاینی یەکگرتوو لە گەرمیان و ناوەندی کۆمەڵایەتی و روناکبیری پارێزگای کەرکوك و مەڵبەندی شەشی گەرمیانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناوەندی رێکخراوەدیموکراتیەکانی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و عەشیرەتی سەیانی بە بروسکە بەشدارری ئاهەنگەکەیان کرد

لەکۆتایدا ئەوەی ماوەتەوە بوترێ ئەوەیە کە ئەمساڵ جیا لەساڵانی تر موسوڵمانانی گەرمیان پێشوازی یەکی گەرم و بەشداریەکی فراوانیان هەبوو لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامدا.

# شێخان: لقی شێخانی یەکێتی زانایان شەش ئاهەنگی مەولود لە دەڤەرەکە سازدەکات

**راگەیاندنی لقی شێخان:** رۆژی ٢٠١٢/٢/٥ بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی یادی مەلودو، لە دایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە سەرپەرشتی لقی شێخانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێنج ئاهەنکی مەولود لە هەریەك ناحیەی قەسرۆك و کۆمەڵگای کەلەکچی و کۆمەڵگای چڕەو، گوندی مریبا و، گوندی بلان بەڕێوەچوو.

ئەمەو لە رۆژی ٢٠١٢/٢/٦ لەسەنتەری قەزای شێخان بە هەماهەنگی لقی شێخانی یەکێتی زانایان لەگەڵ تێبینەرایەتی ئەوقافی شێخانو، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری دەڤەرەکە لە موسڵمان و ئێزیدی و مەسیحی ئاهەنگێکی گەورەو فراوانی سازکرا.

لەم مەڕاسیمەکەدا بەڕیز مامۆستا مەلا محمد احمد محمود بەرپرسی لقی شێخان لەوتارێکی پێشکەشکردو، تیایدا سوپاسنامەیێکی ئاراستەی سەرجەم پێکهاتەکانی دەڤەرەکەی کرد بۆ ئامادەبوونیان لە ئاهەنکی لە دایکبونی فەخری کائینات (درووودی خوای لەسەر بێت).

شایەنی باسە: هەر لە ئاهەنگەکەدا لقی شێخان یەکێتی زانایان ١٠٠دانە لە کتێبی ی (فقه السیره) دکتۆر (محمدسعید رمچان البوگی)، هەروەها بەهەمان بۆنەوە لقی ناوبراو لێژنەیێکی دروستکرد بۆ سەردانی کردنی ژمارەیەك ماڵی مندالە بێ باوکەکانو، ماڵی هەندێك لە زانایانی ئایینی کۆچکردووی ناوچەکە.

# سەروکێ لقێ دهوکێ بەژدارییێ دریوورەسمێن ئاهەنگا ژدایك بوونا ( محمد )ی سلاف سەربن، دکەت ل تەناهییێ

**راگەهاندنا لقێ دهوك زانایان: ملا جهاد حسن ابراهیم:** ل روژا شەمبی رێکەفتی ٢٠١٢/٢/٤ شاندەکێ لقێ دهوکێ بسەروکاتیا سەروکێ لقێ دهوکێ بەرێز ( ملا انس ملا محمد شریف ) و بەرێزان ( ملا عبدالغفور عبدالمجید ) راوێژکارێ ئێکەتیا زانایان وهژمارارەکا ماموستاییێت ئاییني وهژمارەکا زورا خەلکێ کومەلگەهێ ل کومەلگەها تەناهی ئامادەبوون ، ژبو بەژداریکرنا د ئاهەنگا ساخکرنا بیرەوریا ژ دایك بوونا سەرەورێ مروڤایەتییێ ( محمد ) ی ( سلافێت خودێ ل سەربن ) . هەژیە بێژین سەروکێ لقێ پەیڤەك پێشکێشکرو تێدا بەحسێ مەزناهیا ( پێغەمبەری )( سلاف سەربن کر) ماندی بونا وی بو خزمەتا دینێ ئیسلامێ و تەکەزکر ل سەر برایینی و پیك ڤە ژیانێ و تێگەهشتنا پەیاماوی یا پیروز، دیسان تێدا شریناهی ل سەرئاما دەبویان هاتنە پێشکێشکرن وسرودێت ئاییني هاتنە پێشکێشکرن

# دەربەندیخان: یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت بەرزو پیرۆز راگیرا

**دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان:** سەرلەئێوارەی رۆژی هەینی بەرواری ٢٠١٢/٢/١٠ بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی موحەممەدەلموستەفا (درودو سەلامی خوای لەسەربێت)، بە ئامادەبوونی ژمارەیێکی زۆر لە موسوڵمانانی شارۆچکەی دەربەندیخان، ناوچەی دەربەندیخانی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان، بەهاوکاری و هەماهەنگی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لە مزگەوتی حاجی صالح ئاهەنگێکی قەشەنگ و شایستەیان رێکخست.

سەرەتای مەراسیمەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز لەلایەن مامۆستا مەلا هادی یەوە دەستی پێکردو، پاشان وتاری لێژنەی ئامادەکاری ئاهەنگ لەلایەن مامۆستا مەلا محمدی ئاوبار بەرپرسی ناوچەی دەربەندیخانی یەکێتی زانایانەوە خوێندرایەوە،و بە گەرمی بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو سوپاسی ئامادەبوونی کردن لە وەها مەجلیسێکدا، پاشان وتاری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەلایەن مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیانەوە خوێندرایەوە و، تیایدا بەناوی سەرۆکایەتی یەکێتی زانایانەوە پەیامی پیرۆزبایی گەیاندە ئامادەبوانی ئاهەنگەکەو سەرجەم دانشتوانی قەزای دەربەندیخان.

پاشان لەلایەن مامۆستا مەلا عبدالحمید شێخ موحەممەد خوڕاسانی وتارێکی ئیمانی پێشکەش کرا بۆ تیشك خستنە سەر ژیان و پەیام و پێگەی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (درودی خوای لەسەربێت)و، چەندین سرودی ئاینییش پێشکەش کرانو، بە دابەشکردنی شیرینی کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات.

# کەلار: یەکێتی زانایان ئاهەنگێك بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ( دروودی خوای لەسەر بێت ) سازدەکات

**دانا مەلا حەمەئـەمین – گـەرمیان:** بەبۆنـەی سـاڵیادی لـەدایکبوونی پێـشەوای مرۆڤایـەتی رەسـوڵی (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، نـازدار سـەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠١٢/٢/٦ لەمزگـەوتی گـەورەی ناحیـەی رزگـاری لەدەڤـەری گـەرمیان، ناوچـەی کـەلاری یـەکێتی زانایـان بـەهاوکاری و هەماهەنگی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئـاینی ئیسلامی کوردستان ئاهـەنگێکی ئیمـانی فراوانـی شایستەی بەرێوەبرد.

سـەرەتای ئاهەنگەکـە بەخوێندنـەوەی چـەند ئایـەتێك لـەقورئانی پـیرۆز لەلایـەن مامۆسـتا پشتیوانەوە دەستی پێکردو، پاشان وتاری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەلایەن بـەرێز مامۆسـتا مـەلا حەمەئـەمین کـەلاری ئەنـدامی مەکتـەبی تـەنفیزی و بەرپرسـی لقـی گـەرمیانی یەکێتی زانایانـەوە پێـشکەشکراو، تیایـدا بـەناوی مەکتەبی تـەنفیزی و لقـی گەرمیانـەوە پیرۆزبـایی سـاڵیادهی لـەدایکبوونی حـەزرەتی محمـدی بـە موسوڵمانان و ئامادەبوانی ئاهەنگەکە گەیاند.

پاشـان مامۆسـتا مـەلا تـارق هەمەوەنـدی بەرپرسی ناوچەی کفری یەکێتی زانایـان وتـارێکی بەپێزی پێـشکەشی ئامـادەبوان کـرد، دەربـارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم یادەپیرۆزەدا و، دواتـرو بۆزیـاتر رازاندنـەوەی مـەولود نامەکـە، بـەرێزان مامۆسـتا مـەلا ئـەرکان محمـد احمـد و مامۆسـتا مـەلا علـی محمـود بەقەصـیدەیەك بەشداری مەراسـیەکەیان کـردو، بـە دابەشـکردنی شـیرینی و خواردەمـەنی بەسـەر بەشـداربواندا کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات.

شایانی باسە: لە ماوەی چـەند سـاڵی رابـردودا بۆیەکەمین جارە بەشێوەیەکی رەسمی ئـەو یـادە پیرۆزە لەو شارۆچکە ئەنفالنشینەدا بکرێتەوە کـە ئـەویش خـۆی لـە هەوڵـەکانی یـەکێتی زانایـان ئەبینێتەوە لەدەڤەرەکە.

# بە سەرپەرشتی لقی شارەزووی یەکێتی زانایان ئاهەنگێکی مەولود لە سەیدسادق سازدەکرێت

**راگەیاندنی لق:** رۆژی ٢٠١٢/٢/٨ کاتژمێر ١:٣٠ پاش نیوەڕۆ بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی بۆنەو یادی هاتنـە دونیـای فـەخری عالـەم حـەزرەتی محمـد ( d )، لـەهۆڵی بۆنـەکانی سەیدسـادق، بـە ئامـادەبوونی جـەماوەرێکی زۆرناوچـەکەو، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حیزبیو حکومیو رێکخراوە مەدەنییەکانی ناوچەکە، بە سەرپەرشتی لقی شارەزووی یەکێتی زانایانی ئـایینی ئیـسلامی کوردستان، ئاهەنگێکی پڕ شکۆ سازکرا.

سـەرەتای ئاهەنگەکـە بـە خوێنـدنی چـەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان بـەرێز مامۆسـتا مـەلا غـازی بەرپرسـی لـق وتـەی بەخێرهێنانی خوێندەوە، پاشان وتارێك لە لایـەن بەرێز بەرێوەبـەری ئـەوقافی شـارەزوور پێـشکەش کراو، چەند سرودو هۆنراوەیش پێشکەش کران.

# کفری: بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە ( درووودی خوای لەسەر بێت ) ناوچەی کفری یەکێتی زانایان ئاهەنگێکی شایستەی رێکخست

**دانـا مـەلا حەمەئـەمین – گـەرمیان:** سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠١٢/٢/٧ زاینی و لەشاری کفری لەدەڤەری گەرمیان و، بەبەشداری زۆرێك لە زانایـانی ئـاینی و قائیمقـامی قەزاکـەو بەشـێك لەبەرپرسـانی حیزبـی و حکـومی و کەسـایەتی و پیاوماقوڵـان و جـەماوەرێکی زۆری موسـوڵمانی شـارەکە، ناوچـەی کفـری یـەکێتی زانایـان بـە هاوکـاری و هەماهـەنگی لقـی گـەرمیانی یـەکێتی زانایـانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتان بەبۆنـەی سـاڵیادی لـەدایکبوونی پێـشەوای مرۆڤایـەتی پێغەمبـەری ئیـسلام درودو سـەلامی خـوای لەسەربێت ئاهـەنگێکی ئیمـانی فـراوان وقەشـەنگ سازکرد.

سەرەتای مەراسیمەکە بەخوێندنـەوەی چـەند ئایـەتێك لـەقورئانی پـیرۆز لەلایـەن مامۆسـتا تەحـسینەوە دەسـتی پێکـردو، پاشـان وتـاری لێژنـەی سەرپەرشـتیاری ئاهـەنگ و وتـەی بـەخێرهاتن لەلایـەن مامۆسـتا مـەلا تـارق هەمەوەندی بەرپرسی ناوچـەی کفـری سـەربەلقی گـەرمیانی یـەکێتی زانایـانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتانەوە پێـشکەش کـراو، تیایـدا بـەناوی ناوچـەو لێژنـەی سەرپەرشـتیارەوە بەگـەرمی بەخێرهاتنی ئامـادەبوان کـراو ئـەو یـادەی پـیرۆز کـرد لـەئامادەبوان و سـەرجەم موسـوڵمانانی ناوچەکەی.

پاشان وتاری یەکێتی زانایانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتان لەلایـەن مامۆسـتا مـەلا حەمەئـەمین کـەلاری ئەنـدامی مەکتـەبی تـەنفیزی و بەرپرسـی لقی گەرمیانەوە خوێندرایـەوەو، لـە وتەکەیـدا زۆر بەگەرمی پەیامی پیرۆزبایی خۆیی و سەرۆکایەتی یەکێتی زانایـان و لقەکـەی گەیانـدە بەشداربوانی ئاهەنگەکـەو سـەرجەم موسـوڵمانانی سـەربەزی شارەکە.

پاشان وتـاری ناوچـەی کفـری یـەکێتی زانایـان لەلایـەن مامۆسـتا مـەلا سـامان حـسن عزیـزەوە پێـشکەشی ئامـادەبوان کـراو، وێـرای پیرۆزبـایی کـردن بەبۆنـەی سـاڵیادی لـەدایکبوونی فـەخری کائینات حـەزرەتی موحەممەدەلموستەفا (صلی الله علیە وسلم) یادکردنەوەی ئەوپەیامبـەرەی بـە دەرفەتێك بۆ ئامـادەبوان بـاس کـرد بـۆ بـەخۆدا چـوونەوە و گەرانـەوەی تـەواو بۆسـەر رێبـازو ئاکاری ئەو پەیامبەرە نازدارە.

دواترو هەربەو بۆنەیەوە بـەرێز شـێرکۆ حـسین مـەلا حامـد قائیمقـامی قـەزای کفـری وتەیـەکی بەناوی ئیدارەی شارەوە پێشکەشی ئامـادەبوانی ئاهـەنگی لـەدایکبوونی پێغەمبـەردرودی خـوای لەسـەربێت کـردو، یادکردنـەوەی ئـەو زاتـە موبارەکەی بە ئەرکی هەموولایەك زانی .

شـایانی باسـە گروپـی ئـاینی هـەڵۆ ناوبـەناوی وتارو برگـەکانی مەراسـیمەکە بەسـرودو مـەدیحی رەسـوڵ ئاهەنگەکـەیان رازانـدەوە و، بـە دابەشـکردنی شـیرینی بەبۆنـەی ئـەو رۆژە موبارەکەوە کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات.

# لقی کۆیەی یەکێتی زانایان ئاهەنگێکی جەماوەری فراوان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی سەروەر ( دروودی خوای لەسەر بێت ) سازدەکات دەکات

رۆژی ٢٠١٢/٢/٥ بـە مەبەسـتی بـەرزو پـیرۆز راگـرتنی یـادی لـەدایکبوونی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، بـە ئامـادەبوونی ژمارەیـەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حیزبی حکومیو، زانایـانی ئـایینیو، جـەماوەرێکی فـراوان، لقـی کۆیـەی یەکێتی زانایان ئاهەنگێکی مەولود خوێندەوەی لە (مزگەوتی گەورەی کۆیە) سازکرد.

ئەمەو سـەرەتای ئاهەنگەکـە بـە خوێندنـەوەی چەند ئایـەتێك لـە قوڕئـانی پـیرۆز دەسـتیپێکرد، دواتـر وتـاری هەریـەك لـە بەڕێوەبـەراتی ئـەوقافی کۆیـەو، لقـی کۆیـەی یـەکێتی زانایـانو، نوێنـەری قائیمقـامی قـەزای نـاوبراو بـە جیـا خوێنرایـەوە، پاشان چەندین سروودو هـۆنراوە بـەم بـۆ نەیـەوە پێشکەشکرا.

جێگەی باسە: لقی کۆیەی یەکێتی زانایـان، بـە سـەرجەم ناوچـەکانیەوە، وەك سـەرجەم لـقو ناوچـەکانی دیکـەی یـەکێتی زانایـان لـە شـارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەشـداری کـردووە لـە سـەرجەم مـەولوودی مزگەوتـەکانی قەزاکـەو، گوندەکانی دەوروبەری.

# بەسەرپەرشتی ناوچەکانی یەکێتی زانایانی ( هەریرو بالیسان ) بە شکۆوە پێشوازی یادی مەولود دەکات

**راگەیاندنی لقی شەقلاوە:** سـەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٢/٢/٥ بـە مەبەسـتی بـەرزو پـیرۆز راگـرتنی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبـەری پێـشەوا( d )، ناوچەی بالیسانی سەر بە لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتان، لەمزگـەوتی گـەورەی ناحیـەی بالیـسان هەسـتا بەسـازدانی ئاهەنگێك.

ئەمـەو هاهەنگەکـە بەخوێندنـەوەی چـەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکـرد، پاشان مامۆستا مەلا رزگار بەرپرسی ناوچەی بالیسان بە ناوی ناوچە وتـارێکی خوێنـدەوە، دواتـر چـەندین هـۆنراوەو سـروود پێـشکەش کـرانو، چـەند وتارێکیش لە لایـەن زانایـانی ئـاینی دەڤەرەکـەوە خوێنرانەوە.

شـایەنی باسـە: هـەمان رۆژو، هـەر بـە بۆنـەی یـادی لـەدایکبوونی پێغەمبـەری پێـشەوا( d )، ناوچەی هەریری یەکێتی زانایانی ئـاینی ئـسلامی، لە مزگـەوتی گـەورەی هـەریر هەسـتا بەسـازدانی ئاهەنگێکو، وێڕای پێیشکەشکردنی چەند هۆنراوەو سرودێك، بـەڕێز مامۆسـتا مـەلا مولـود بەرپرسـی ناوچەی یەکێتی زانایانی ئاینی وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

# لقی پشدەر ئاهەنگی مەولود ساز دەکات

**ڕاگەیاندنی لق: م. محمد بێگەڵاسی:** پاش ئـەوەی کەلقکـەمان کۆبونـەوەی وتاربێـژانی ئەنجامداو ئاگاداری کردنەوە کەلەڕۆژی جومعـەدا موسـڵمانان ئاگاداربکەنـەوە کـە لقـی پـشدەری زانیانمان بەهەماهـەنگی لەگـەڵ ئـەوقاف قـەڵادزێ ئاهەنگی مـەولود سـازئەکات. وەچـەندین لافیتـەو پۆسـتەراتمان لەمزگـەوت و شـوێنە گـشتیەکان هەڵواسیبوو. لەبەرواری ٢٠١٢/٢/٥ بەرامبـەر ١٢ی ربیع الاول ساڵی ١٤٣٣ دا لقی پـشدە ری یـەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ تێبینەرایەتی ئە وقاف پشدەر هەستان بە سازکردنی ئاهە نگیکی شایستە وشیاو لەیادی لە دایکبـونی پیـشەوای مرۆڤایـەتی حـەزرەتی محمـد(د.خ) لەمزگـەوتی گـەورەی قـەلادزێ. بەئامادە بونی ژمارەیـەکی زۆری زانایانی ئـاینیو بەرپرسی حکومیو حزبی وڕیکخراوە پیشە ی و مەدەنیـەکان و پیـاو ماقوڵـانی دەڤـەری پـشدەر وئاپۆرای جەماوە رێکی زۆر لە پیاوان و ئافرەتـان بە سنگیکی فراوان و دڵیکـی پـڕ لەسـۆزو خۆشـە ویـستی پێغەمبـەر (د.خ) بـە بەخـشینی شـیرینی وخێرو صەدەقات بەشداری ئاهەنگەکـەیان کـرد. ئەوەی کـە شـایەنی باسـە ئاهەنگەکـە لەکاتـژمێر ٨,٣٠ دە سـتی پێکـردو هـەتا کاتـژمێر ١١ بەردەوامبوو. سەرە تـای ئاهەنگەکـە بەخوێنـدنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پـیرۆز دەسـتی پێکـردو چەند ووتارو سرود و پە خشانە شـیعر پێـشکەش کرا، لە وانە: وتاری تێبینەرایەتی ئەوقاف پـشدەر و ووتاری مامۆسـتا مـەلا محمد دەڵگـەیو وتـاری جێنـشینی پـشدەرو وتـاری وتاربێـژی مزگـەوت، کەهــەمویان جــەختیان لەســەر گــەورەییو لێهاتوییو خۆشەویستی پێغەمبەر ئـەکردەوە. وە هەروەهاوتاری لقیشمان لەلایەن بەرپرسـی لقـەوە پێـشکەش کـرا، کـەوتارێکی بـەهێز هـەژمار کـراو تێیدا چەند خاڵێکی لەخۆگرتبوو: لەوانە:

